# وەرگێڕان

## (پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو)

## و

# بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا

قادر فەتاح ئەحمەد (قادر وریا)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ناسنامەی کتێب**:

**ناوی کتێب**: "**وەرگێڕان** (پێناسە، بنەما،جۆر و مێژوو)و **بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا**"

**بابەت**: توێژینەوە

**ناوی توێژەر**: قادر فەتاح ئەحمەد (قادر وریا)

**دیزاینی بەرگ و تێکست**: مەسعوود ڕەواندوست

**چاپخانە** : "کوردستان"

**نۆبەتی چاپ**: یەکەم، ٢٠١١

**تیراژ**: ٥٠٠ دانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پێشکەشە:**

- بە گیانی دایکم کە خونچەی زمانمی بە وشەی کوردی پشکواند،

- بە گیانی بابم کە لە تەمەنی منداڵیو لە دەیەی چوارەمی ژیانم دا پشتگیرو یارمەتیدەرم بوو لە درێژەدانی خوێندندا،

- بە کوێستانی هاوسەرمو هانای جگەرگۆشەم کە لەماوەی خوێندنی زانکۆدا هاندەرم بوونو زۆر کارو ئەرکی ماڵەوەیان لەسەر سووک کردم،

- بەوانەی زمانی کوردیو وەرگێڕانیان لەلا خۆشەویست کردم بە تایبەتی مامۆستایان هەژار، هێمن، شوکور مستەفاو عەبدوڵڵای حەسەنزادە،

- بە "هیوا"ی جگەرگۆشەم، یادگاری سەردەمی خوێندکاریم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست:


**ـ پێشەکی.................................. ٩–١٣**

**ـ بەشی یەکەم: پێناسە وبنەماکانی وەرگێڕان**

پێناسەکانی وەرگێڕان.............................١٧

پێوەندیی وەرگێڕان، زمانزانینو زانستی زماننناسی...٢٢

وەرگێڕان، هونەر یا تەکنیک و زانست؟...............٢٨

وەرگێڕان سەختترە یا نووسین؟.......................٣٣

بنەماکانی وەرگێڕان.................................٤٠

وەرگێڕی باش ، وەرگێڕانی سەرکەوتوو...............٤٦

سوودەکانی وەرگێڕان................................٥٥

**ـ بەشی دووهەم: جۆر و شێوەکانی وەرگێڕان**

بناغەکانی پۆلێنکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان.........٦٧

وەرگێڕانی زارەکی..................................٧٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕانی بە نووسراوە..........................٨٣
وەرگێڕانی شیکاری.................................٩٠
" گوتار " وەک پێوەرێکی وەرگێڕان ................٩٢
وەرگێڕانی ماشێنی ( وەرگێڕان بە هۆی کۆمپیوتێرەوە)......٩٤
وەرگێڕان بە گوێرەی جۆری دەق....................١٠٠
وەرگێڕانی شێعر...................................١٠٣
وەرگێڕانی پەخشان...............................١١٤
وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی...........................١١٧
وەرگێڕانیشانۆنامە...............................١٢٥
وەرگێڕانی بەرهەمی فیکری و فەلسەفی.............١٢٩

**ـ بەشی سێهەم: مێژووی کورتی وەرگێڕان**

کورتە مێژووی وەرگێڕان لە جیهان دا..............١٣٧
جیهانی ئیسلام و وەرگێڕان..........................١٤٢
مێژووی وەرگێڕان لە ئێران بە کورتی................١٤٦
ئەزموونیتورکیە لە وەرگێڕان دا.....................١٥٢
کورتە مێژووی وەرگێڕان لە نێو کورددا.............١٥٤
کورد و وەرگێڕان لە دێرزەمانەوە...................١٥٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی
(لە کۆتایی سەدەی ١٩ تا نیوەڕاستەکانی سەدەی٢٠).......١٦٣

**- بەشی چوارەم: بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستانی ئەمڕۆدا**
پێوەندیی هەلومەرجی سیاسیی ئەمرۆی کورد بە کاری وەرگێڕانەوە..............................١٧٧
بۆچوونی جیاواز لەبارەی بزووتنەوەی وەرگێڕان....١٨٤
کەمو کورتیو گرفتەکانی بزووتنەوەی وەرگێڕان:...١٩٢
**١- لەباری زمانەوانییەوە:**
ئەلف - نووسینو وەرگێڕان بەچەند شێوەزارو چەند ڕێنووس..........................................١٩٣
ب - زاراوە سازیی ناشیانە........................٢٠٣
پ - کەمو کورتیی زمانی کوردی لەبارەی قامووسەوە...٢١٥
٢. **بێسەرەوبەرەیی و بێبەرنامەیی لە کاری وەرگێڕاندا**
ئەلف - نەبوونی رەخنە و هەڵسەنگاندنی زانستی لە بارەی وەرگێڕانەوە..............................٢٢٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ب ـ نەبوونی کۆمەڵە و تریبوونێکی تایبەت بە
وەرگێڕان.................................٢٢٤
پ ـ نادیاریی ئەولەوییەتەکان،ناڕوونیی ڕێوشوێنەکان...٢٢٧
**ـ ئەنجام**...............................٢٣٣
**ـ سەرچاوەکان**...............................٢٤٠
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدانێکە بە مەبەستی زۆرترئاشناکردنی ئۆگرانی کاری وەرگێڕان لە کوردستان لەگەڵ پێناسە، بنەماو جۆرەکانی وەرگێڕان بە گشتیو، دیاریکردنو هێنانەبەرباسی گرفتو کەمو کورتیيەکانی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا بە تايبەتی.

هەڵبژاردنی "وەرگێران" وەک بابەتێک بۆ توێژینەوە لە لایەن توێژەرەوە بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە. یەکەم: نزیک بە ٢٥ ساڵ کارکردن لە بواری وەرگێڕانداو، وەسەریەک نانی ئەزموونو ئاشنایەتی لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم کارەدا.

دووهەم، گرنگیی رۆڵی وەرگێڕان وەک زانستو هونەرو تەکنیکێک لە راگوێزتنی بەرهەمو دەسکەوتە مەعنەوییەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا.

سێهەم، وەرگێڕان تێکۆشانێکە لە بەستێنی زمان دا*و، توێژەر کە خۆی ماستەری لە زمانی کوردی دا هەیە ، بەم توێژینەوەیە مەجالێکی بۆخۆی رەخساندوە کە هەم لە هێندێک لایەنی زمانەوانیی کاری وەرگێڕان بدوێو، دەرکو تێگەیشتنی خۆی لەو پێوەندی‌یەدا بێنێتەگۆڕێ، هەم بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاری وەرگێڕانو بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا، سەرنجی ئۆگرانی وەرگێڕانو دڵسۆزانی زمانی کوردی بۆ لای کێشەو گرفتە پێوەندیدارەکان راکێشابێو پێویستیی چارەسەرکردنیانی خستبێتە روو.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشو ئەنجامێک پێک هاتوە. لە بەشی یەکەم دا لە پێناسەکانی وەرگێڕانو پێوەندیی وەرگێڕان بە زمانزانینو زانستی زماننناسی دەدوێ. ڕوونیشی دەکاتەوە کە وەرگێران هونەرە یا زانست، پاشان دەچێتە سەر پێوەندی نێوان وەرگێڕانو نووسین. دواتر باسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەماکانی وەرگێڕان، وەرگێڕی باشو وەرگێڕانی سەرکەوتوو دەکاو بە باس لە سوودەکانی وەرگێڕان کۆتایی دێ.

بەشی دووهەم تەرخان کراوە بۆ جۆرو شێوەکانی وەرگێڕان. لەم بەشە دا ئاماژە بە بناغەکانی پۆلین کردنی جۆرەکانی وەرگێڕان کراوە. وەرگێڕانی زارەکیو جۆرەکانی، وەرگێڕانی بە نووسراوەو جۆرەکانی، وەرگێڕانی شیکاری، روانگە نوێیەکان لە بارەی پۆلێنکردنی وەرگێڕان، وەرگێڕان بە هۆی کومپیوتێرەوەو وەرگێڕان بە گوێرەی جۆری دەق (شێعر، پەخشان، دەقی ئەدەبی، شانۆنامە، بەرهەمی فکریو فەلسەفی) نێوەرۆکی ئەم بەشەپێک دێنن.

بەشی سێهەم ، لە مێژووی وەرگێڕان لە جیهانداو مێژووی وەرگێڕان لە رۆژئاوا، لە جیهانی ئیسلامو ئێران دا بە کورتی دواوە . بەشی زۆری ئەم فەسڵە بۆ باس لە مێژووی وەرگێڕان، لە نێو کورددا تەرخان کراوە.

بەشی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ باس لە بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا، تەرخان کراوە. لەم بەشەدا هەوڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دراوە پاش ئاماژە بە بزووتنەوەی وەرگێڕان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستاندا، ئەو ئاستەنگو کۆسپو لەمپەرانە دەست نیشان بکرێن کە لە سەر رێی بزووتنەوەی وەرگێڕان هەنو پێویستیە کان خراونە بەرباس.

توێژەرکە رێبازی وەسفی- شیکاریی لە ئامادەکردنی توێژینەکەی دا، ڕەچاو کردوە، یەکراست نەچۆتە سەر بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستان. بەڵکوو سێ بەش لە توێژینەوەکەی بۆ تیشک خستنە سەر پێناسە، بنەماو جۆرەکانی وەرگێڕان و ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی وەرگێران، تەرخان کردوە، ئینجا چووەتە سەر باسی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستان. دەبێ بگوترێ کە لە ڕووی ئامانجیشی لەم کارەیە ئەوە بووە کە لە بەر ڕووناکایی باسەکانی ئەو سێ بەشە و بە خستنە ڕووی گرنگیی ڕۆڵی وەرگێڕان لە پێشکەوتنی فکری و کولتووریی کۆمەڵ دا لە بزووتنەوەی وەرگێران لە کوردستان بدوێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێرە دا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێ زانینی زمانی فارسیو رابردووی کاری توێژەر لە بواری وەرگێڕاندا هۆکارێکی باش بوون بۆ گەڕان بە نێو زۆرترین سەرچاوەداو کۆکردنەوەی بەڵگەو زانیاریی زۆر بەکەڵک بۆ توێژینەوەکە. بەم حاڵەش تویژەر بۆ هێندێک لایەنی توێژینەوەکەی بۆ وێنە مێژووی وەرگێڕان لە نێو کورددا، یا بزووتنەوەی وەرگێڕان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان (بێجگە لە کوردستانی عێراق) لەگەڵ کەمیی سەرچاوە بەرەوروو بووە).

لە هەر حاڵ دا، ئەم توێژینەوەیە لە کەمو کورتیو لاوازی بە دوور نیە. لەگەڵ ئەمەش دا بۆ ئۆگرانی وەرگێڕان لە کوردستان بەگشتیو بۆ ئەو خوێندکارانەی بیانەوێ لەسەر وەرگێڕان بخوێننەوەو تویژینەوە بکەن دەتوانێ سەرچاوەیەکی بە سوود بێ. بەو هیوایە.

**قادر فەتاح ئەحمەد (قادر وریا)**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی یەکەم:

# پێناسە وبنەماکانی وەرگێڕان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێناسەکانی وەرگێڕان

تەرجەمە (وەرگێڕان) بەواتای لێکدانەوە، راگوێزتنی بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەو، هەروەها بەواتای گێڕانەوەی رەوشتو ئەخلاقو بنەچەکەی کەسێك دێ.[1]

بەڵام ئەمانە واتای "ترجمە" لە فەرهەنگ یا قاموس دانو، دوو لەمانە (لێکدانەوە، گێرانەوەی رەوشت، ئەخلاقو بنەچەکەی کەسێکیدی) لە واتاو پێناسەی ئەم زانستەی مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەن، دوورن.

وەرگێرانێك کە لێرەدا مەبەستە، راگوێزتنی بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەیە. ئەم کردەوەیەش بە گوێرەی تێگەیشتنو روانینی شارەزایانو، لەگەڵ گۆڕانی سەردەمەکانو، جۆری خوێندنەوەی مرۆڤەکان بۆ کردەی وەرگێڕان، بەشێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراوە. بۆ وێنە:

---

[1] حەسەن عەمید، "فرهنگ فارسی عمید"، بەرگی یەکەم (آـ د)، ل٥٦٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"وەرگێڕان بریتیە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا (معادل) لەو زمانە کە تەرجەمەی پێ دەکرێ، لە پێشدا لەباری (مفهوم)و، پاشان لەباری سەبك (شێواز)ەوە.

نایدا (Nida)

وەرگێڕان هەوڵدانێکە بە مەبەستی دەربڕینی ئەزموونێك یان فۆرمێکی تایبەتی لەبارەی جیهانو دەوروبەر بە زمانێکی دیکەوە.

وێرنێر وینتێر Werner Winter، [٢]

"وەرگێڕان واتە: گواستنەوەی ماناو شێوازو ستایلو رۆحو تۆنی دەقێك لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست."[٣]

"وەرگێڕان، پێوەندییەکی کەلتووریيە لەنێوان خەڵکانێك کە هاوزمان نینو، ئامرازێکە بۆ راگوێزتنی هزر، داخواز، ئایین، چیرۆك، هونەر، زانستو هتد لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە."[٤]

---

[٢] تاهیرە سەففارزادە، "بنچینەکانی وەرگێران"، ل٣٥

[٣] مستەفا زاهیدی، خیانەت لەکەوڵی خزمەتدا، رەخنەی چاوەدێر، ژمارە ١٠، ٢٠٠٦/٢/٢٠، ل٤

[٤] دوکتور حەسەن ئەحمەدیی گیوی، "از فن نگارش تا هنر نویسندگی"، ل٣٧

www.rabari.org

"تەرجەمە بریتیی‌یە لە وەرگێڕانی بابەتێك لە زمانی بنەڕەت (مبدأ) بۆ زمانێکی دیکە (مەبەست)، بەشێوەیەك کە ئەو بابەتە (رستە یا دەستەواژە یا سەرجەمی بەرهەمێك) لەسەر خوێنەر یا گوێگری زمانی مەبەست، هەر ئەو کاریگەرییەی هەبێ کە بابەتە ئەسڵی‌یەکە لەسەر خوێنەر یا گوێگری زمانی بنەڕەتی هەیەتی."[٥]

"وەرگێڕان ئەو لقەی هونەرە جوانەکانە کە پەیوەستە بە گوێزانەوەی وشەو گوزارەو شێواز لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی‌تر، بەشێوەیەك ئەوانەی بەو زمانە قسە دەکەن کەپێی وەرگێڕدراوە وەك ئەوانەی بەروونی لەدەقەکە تێدەگەن کە بەزمانە ئەسڵییەکە دەدوێن‌و بە توندیش هەستی پێ‌دەکەن، چونکە (وەرگێڕان) دروستکردنەوەی بیرۆکەکانی دەقە ئەسڵییەکەو ماناکانێتی."[٦]

"مەبەست لە وەرگێڕان ئەوەیە دەقێکی ئەدەبی ـ مەبەست ئەدەبی داهێنەرانەیە ـ لە زمانێکەوە بخرێتە سەر زمانێکی‌تر، بەو مەرجەی

---

[٥] رەزا سەید حوسێنی، "ترجمە ادبی یك چرورت است" (وتووێژ)، گۆڤاری "ادبستان"، ژ١٠، رەزبەری ١٣٦٩ (١٩٩٠)، ل٣٠

[٦] مەجید ئاسنگەر، رۆڵی وەرگێڕان لە ژیانی سەردەمدا، گۆڤاری "ڕامان"، ژمارە٣٧، ٥ی تەمووزی ١٩٩٩، ل١٤

وەرگێڕانەکە تەواو بێ، واتە بێئەوەی گۆڕانو دەسکاریو خستنەسەرو فڕێدانی تێدا بێ، ئەو کەسەش کە ئەم ئەرکە رادەپەڕێنێ (وەرگێڕ)ی دەبێژنێ. باشترین وەرگێران ئەوەیە زۆر لە دەقەکەوە نزیك بێو یەکسەر لە زمانی زگماکەوە کرابێ، و وەرگێڕەکە زۆر ئاگاداری هەر دوو زمانەکە بێ، ئەوەی لێی وەردەگێڕێو ئەوەی بۆی وەردەگێڕێ." [٧]

"تەرجەمە بریتیە لە وەرگێڕانی بابەتێکی نووسراو یا دەربڕاو بە زمانێکی جیاواز لە زمانی وەرگێڕو هاوزمانەکانی، بەجۆرێك کە ئەوانەی زمانەکە نازانن بابەتە نووسراوەکە یا زارەکیەکە تێ بگەنو لە نێوەرۆکەکەی ئاگادار بن."[٨]

"وەرگێڕان بریتیە لە وەرگێڕاندنی دەقێك لە زمانی بنەرەتیەوە بۆ سەر زمانی مەبەست بەبێئەوەی فۆرمو واتاکە دەسکاری بکرێ."[٩]

پێویست بەگوتن ناکا کە دەکرێ بە ژمارەی ئەو کەسانە لە وەرگێڕان دواونو لەم بارەیەوە شارەزاو خاوەنڕان، پێناسە بۆ

---

٧ عەزیزگەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، ل٨٤

٨ عیرفان قانعی فەرد، "محمد قاچیو رسالت مترجم"، ل٢٦

٩ کورش سەفەوی، حەوت گوٚڤار دەربارەی وەرگێڕان، ل٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕان هەبێ. بەڵام زۆربەی ئەم پێناسانە لەگەڵ ئەوەی لە جۆری دەربڕین دا جیاوازن، لە نێوەرۆك دا لێك نزیکن‌و، هێندێکیان لە راستی‌دا هەر یەك شتن، دووپات دەبنەوە.

خاڵێك کە لە زۆربەی پێناسەکان دا، دووپات دەبێتەوە، "راگوێزینی بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەیە، بەبێ ئەوەی لەباری نێوەرۆکەوە یا لە شێوەی دەربڕیندا گۆڕانی بەسەر دا هاتبێ."

یەکەم شت کە لەم پێناسانە دەستمان دەکەوێ ئەوەیە کە "وەرگێڕان" کارێکە لە بەستێنی زمان دا، ئەویش لە بەستێنی دوو زمانی جیازازو سەربەخۆدا. لێرەوە ئەم پرسیارە دەست پێ دەکا کە چ پێوەندی‌یەك لە نێوان کاری وەرگێڕان‌و زانستی زمانەوانی دا هەیە؟ ئایا هەرکەس دوو زمانی زانی، دەتوانێ ببێتە وەرگێڕ؟ ئەگەر وڵامی ئەم پرسیارە "نا"یە، کەوایە کردەوەی وەرگێڕان بێجگە لە زانینی دوو زمان، پێویستی بەچی‌تر هەیە؟ هەر لەم پێناسانەدا وەرگێڕان وەك لقێکی هونەرە جوانەکان ناوبراوە، ئەمەش ئەو پرسیارە دەخوڵقێنێ ئەرێ بەراستی وەرگێڕان هونەرە یا زانست؟ یا هەردووکیان؟ مرۆڤ چۆن دەتوانێ بەم هونەر یا زانستە بگاو بەرهەمێکی سەرکەوتوو بخوڵقێنێ؟ مەبەست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەرکەوتن چیەو، مەرجەکانی وەرگێڕێکی باشو وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو چین؟ ئەمەش بۆخۆی جێگای پرسیارە کە ئایا وەرگێڕ داهێنەرەو، دەکرێ کاری وەرگێڕان داهێنانی تێدا بێ؟ چونکە وەرگێڕ، ئەوەی وەریدەگێڕێ، بەرهەمی خۆی نیە. کاتێك ئەو، مافی ئەمەی نیە دەسکاریی نێوەرۆكو شێوەی دەربڕینەکە بکا، ئەدی چۆن دەتوانێ داهێنان بکا؟ هەر لە جێدا جیاوازیی نووسینو وەرگێران لەچی دایە؟ سەرەنجام ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە سوودی وەرگێران چیەو چ رۆڵێکی لە ژیانی ئادەمیزادو کۆمەڵە مرۆییەکان دا هەیە؟

## پێوەندیی وەرگێڕان، زمانزانینو زانستی زمانناسی

"دەربارەی وەرگێڕان، بیرمەندانو خاوەنڕایان لەسەر ئەم باوەڕەن کە وەرگێڕ دەبێ زانستی زمانی ببێ، لەم روانگەوە هەندێ بۆچوون وەرگێڕان بە زانست دەزانن و وەرگێڕ بە زانستڤانێ کە هەوڵ ئەدا بۆ گواستنەوەی دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی."[١٠]

١٠ مستەفا زاهیدی، خیانەت لە کەوڵی خزمەتدا، رەخنەی چاوەدێر، ژمارە ١٠، دووشەممە ٢٠/٢/٢٠٠٦، ل٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەك لە پێناسەکان دا هاتبوو، یەکێك لە کارەکانی وەرگێڕ دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا (معادل) لە نێو زمانەکەی خۆیدا، بۆ وشەو دەستەواژەو رستەکانی ئەو زمانەیە کە لێی وەردەگێڕێ. هەر ئەم کارە لە وەرگێڕ دەخوازێ لە "واتا ناسی" کە لقێکە لە زانستی زمانناسی، شارەزا بێ. دیارە وەرگێران جیاوازە لەگەڵ گۆڕینی وشەکانی زمانێك بە وشەی هاوواتای ئەوان لە زمانێکی دیکەدا. چونکە لەو حاڵەتەدا، کۆمەڵێك وشە دەکەونە پەنای یەکتر کە ئەگەرچی رەنگە هەر کامێکیان هاوتا یا هاو واتای وشەکانی زمانی بنەرەت بن، بەڵام پێوەندییەکی زیندووو دروستیان بە یەکەوە نیە. بۆئەوەی پێوەندییەکی سروشتیو زیندوو لە نێوان ئەو وشانەدا هەبێ کە بابەتی زمانی بنەڕەتیان پێ رادەگوێزرێ، وەرگێڕ دەبێ وێڕای واتا سازی، رێزمان بزانێ. رێزمانیش "وەك ماددەیەکی زانست یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی زمانناسیو بریتییە لە کۆمەڵێ یاساو دەستوور لەبارەی گۆڕینی وشەو چوونە پاڵ یەکدی وشە لە رستەدا."[١١]

---

[١١] ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، ل٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"هەر بۆیە مەرجی سەرکەوتوویی هەر وەرگێڕێك ئەوەیە زمانناسێکی رەسەن بێت، چونکە وەرگێڕان کردەی گواستنەوەی بیرۆکەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە. جا بەبێ بوونی شارەزاییەکی قووڵو لێزانییەکی بەربڵاو لەهەردوو زماندا، بەرهەمی وەرگێڕدراو بەسەقەتی لەدایك دەبێت. بواری وەرگێڕان خۆی لەخۆیدا بواری زمانەوانی بەراورد کارییە."[12]

شتێك کە لە پرۆسەی وەرگێران دا گرنگە واتای دانە وشەکان (Vocabulary) یا واتای فەرهەنگی Lexis یە. واتای رستەو پاراگراف لەگەڵ کۆی گشتیی دانە وشەکان یەکسان نیە، بەڵکوو لەمانای دانە وشەکانو ئەو واتایە پێك دێت کە لە بنیاتی سێنتاکسییەوە هەیە. بەکورتی وەرگێران ئاماژەکردنە بۆ واتا. وەرگێڕ چەند مەرجو کارامەییەکی تێدا بێت تا بتوانێت ئەسپی خۆی لە بواری وەرگێڕان دا تاو بدات، ئەگەرنا تووشی گلان دێت. ئەگەر وەرگێڕ شارەزای ئاستە سەرەکییەکانی زمان نەبێت ناتوانێت جیاوازیی نێوان واتای فەرهەنگی (Lexical) و زمانەوانی

---

[12] ئازاد حەمە شەریف، بەبێ وەرگێڕان ئەستەمە رۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ، گۆڤاری "رامان"، ژمارە ٣٧، ٥ی تەممووزی ١٩٩٩، لاپەری ٩١ ـ ٩٠

(Linguistics) بکات. دەبێ وەرگێڕ ئەمە بزانێت کە دانە وشەکانی زمان مانای بنەڕەتیو مانای سۆزداریشی هەیەو، هەردوو جۆریش لە پرۆسەی وەرگێڕاندا گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە.[١٣]

بۆکاری وەرگێڕان هەرئەوەندە بەس نیە کە وەرگێڕ لە دوو زمان (بنەڕەتو مەبەست) یەکیان بە باشی بزانێ، "وەرگێڕان پێویستی بە زانینێکی زۆر باشی هەر دوو زمانی لێ وەرگێڕدراو و وەرگێڕدراوە سەرو، بە لێ حاڵی بوونێکی تەواوی بابەتە وەرگێڕدراوەکە هەیە بەجۆرێ کە وەرگێڕ پارچەپارچەی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بەباشی تێ بگاو بیهێنێتە مێشكو زەینی خۆیو ئینجا بە کوردییەکی ڕەوانو پاراو بینووسێو دایبڕێژێو جا بەراوردی لەگەڵ بابەتی لێ وەرگێڕدراو بکاو دڵنیا ببێ کە هیچی لێ نەپەڕاندووەو هیچی لێ زیاد نەکردووە..."[١٤]

دەبێ بزانین وەرگێڕ ئەگەر هەردوو زمان بەباشی نەزانێت، لەنگو لۆری دەکەوێتە کارەکەیو لەبارێکەوە هەر نوقسانی دێنێت. ئەگەر

---

[١٣] حوسێن عەلی وەلی: گرینگیی وەرگێڕانو ئاستەنگەکانی (میزگرد)، "ڕامان"، ژ٣٧ ل١٣٢

[١٤] محەممەدی مەلا کەریم، دیالۆگ، لاپەڕەکانی ٤٨٦و ٤٨٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانی بنەڕەت باش بزانێ، بەڵام بەسەر زمانی مەبەست دا زۆر زاڵ نەبێ، قۆناغی یەکەمی کارەکەی کە تێگەیشتنی واتاو مەبەستی نووسەرە، دەتوانێ بە سەرکەوتنەوە ببڕێ بەڵام لەقۆناغی دووهەمی کارەکەیدا کە دەربڕینی هەمان پەیام بە زمانی خۆیەتی، سەرکەوتوو نابێ. چونکە هاوتای گونجاو نادۆزرێتەوە، یا ڕێزمانەکە بەباشی نازانێو هتد.

"ل. ریمێلکاس، لێکۆلەری سۆڤیەتی پێشوو دەڵێت: پێویستە پێش هەموو شتێك وەرگێڕ زمانی زگماکیی خۆی، یا ئەو زمانەی بابەتەکەی پێ وەردەگێڕێت، زۆر بەباشی بزانێتو زانینەکەی لەهی ئەوانە کەمتر نەبێت کە بە زمانی زگماکیی خۆیان شاکاران دەنووسن."[١٥]

پێداگرتن لەسەر شارەزایی وەرگێڕ بەسەر زمانی زگماکیی خۆیو، هەروەها بەسەر ئەو زمانەدا کەلێی وەردەگێڕێ، بۆ ئەوەیە شانبەشانی باشترین تێگەیشتنی لەو دەقەی وەریدەگێڕێ، بەزمانێك وەری بگێڕێ کە تێگەیشتنی بۆ خوێنەر یا گوێگر هاسان

---

[١٥] مەجید ئاسنگەر، رۆڵی وەرگێران لە ژیانی سەردەمدا، رامان، ژمارە ٣٧، ل ١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ. ئەگەر پاشەکەوتی وشە چالاکەکانیش (ئەو وشانەی بەهاسانیو دەسبەجێ بەمێشکی دادێن) زۆروزەوەند نەبن، دەبێ لانیکەم پاشەکەوتی وشە ناچالاکەکانی (یانی ئەو وشانەی لەکتێب دا دەیانبینیو دەستبەجێ واتاکەیان تێدەگا) دەوڵەمەند بێ. بەڵام هەر زانینی دوو زمانەکەش بەس نیە. دەبێ بۆهەر نموونەیەك وشەیەکی گونجاوو جوانو پڕ بە پێست لە بەرامبەر وشەی بێگانەدا بدۆزرێتەوە. ئەمەش پێویستی بە کارامەییو زەوقەوە هەیە.[١٦]

وەکو گوترا، وەرگێڕان دەچێتە بواری زمانەوانیی بەراوردکاری. هەر بۆیە تێگەیشتن لە بنەماکانی وەرگێڕانیش بەبێ شارەزابوون لە بنەماکانی زمانناسی مومکین نیە. "بەبێ ناسینی بنەماکانی زمانناسی ناتوانین خوێندنەوەیەکی تیۆریانەمان بۆ بنەماکانی وەرگێڕان هەبێ. تاقیکردنەوەش دەری خستووە کە زۆربەی زۆری ئەو شتانەی کە دەربارەی کێشە تیۆریەکانی وەرگێڕان نووسراون، هیئەو کەسانەن کە زمانناسن یان بەجۆرێ لەگەڵ ئەم زانستەدا،

---

[١٦] کەریم کەشاوەرز، سالگرد خاموشی کریم کشاورز، نویسندەای کە تا واپسین دم انسان زیست." وەرزنامەی "فصل کتاب" تایبەت بە رەخنەو هەڵسەنگاندنی کتێب، ساڵی یەکەم، ژمارە یەکەم، بەهاری ١٣٦٧،ل ٨٠

ئاشنایەتیان هەیە. نووسەری ئەم دێڕانە لەو باوەڕەدا نیە کە هەرکەس کاری وەرگێڕان بکات، دەبێ شارەزای زمانناسی بێت، بەڵام پێی وایە کە فێر کردنی وەرگێڕانو توێژینەوەی کێشەکانی وەرگێڕان بەبێ لەبەرچاو گرتنی بنەماکانی زانستی زمانناسی بەئەنجام ناگات."[١٧]

## وەرگێڕان، هونەر یا تێکنیكو زانست؟

لەباسو بابەتەکانی پێوەندیدار بە وەرگێڕان دا، زۆرجار لەگەڵ ئەم پرسیارە بەرەوروو دەبین کە وەرگێڕان هونەرە یا زانست؟ ئەم پرسیارەش لەمەوە هاتوە کە زۆر لایەنی کاری وەرگێڕان لە کاری هونەری دەچێ لایەنی واش هەن کە زانستین. کەسانێك کە لایەنی هونەریی وەرگێڕان پتر سەرنجی راکێشاونو، ئەم لایەنەی کار بە گەوهەرو جەوهەری وەرگێڕان دەزانن، وەك کارێکی هونەری سەیری دەکەن. "وەرگێڕان هەر لە بنەڕەتەوە هونەرە، بەڵام زانینی بەتەواوی هەردوو زمان مەرجی سەرەکیی کارەکەیە، دەبی لەگەڵ

---

[١٧] کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، لاپەڕی٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەندی پێشینیان‌و زمانی خەڵك ئاشنا بی تا بتوانی كاری وەرگێڕان بكەی.... وەرگێڕان دەبێ وەها بێ كە خوێنەر هەست نەكا شتێكی وەرگێڕدراو دەخوێنێتەوە."[١٨]

وەك دەبینین لەم وتەیەدا لایەنی هونەریی وەرگێڕان وەك بنەڕەتی ئەم كارە، ناوی براوە، بەڵام زۆركەسی شارەزاش هەردوولایەنی هونەری‌و زانستیی وەرگێڕان وەكوویەك بە گرنگ دادەنێن. بەڵگە بۆسەیر كردنی وەرگێڕان وەك زانست ئەوەیە كە "بەر فرمانی كۆمەڵێك یاساو ڕێسای تایبەت بە زمانە، بەبێ شارەزایی لە بوارەكانی زانستی واتا ناسی‌و ڕستەسازی‌و ئاماژە ناسی، دەقی دانراو بۆ وەرگێڕان بە گرانی خۆی بەدەستەوە دەداو لەم ساڵانەی دواییدا ڕێنامەو بەرنامەی هەمەجۆری بۆ دانراوەو كومپیوتێنراویشە."[١٩]

---

[١٨] پەرویز شەهریاری، ناسیاوی لەگەڵ وەرگێڕان، گۆڤاری "مترجم"، ژمارە٣٢ ساڵی نۆیەم، بەهارو هاوینی ١٣٧٩

[١٩] ئازاد حەمەشەریف، بەبێ وەرگێڕان ئەستەمە ڕۆشنبیریی كوردی پێش بكەوێ، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩، لاپەڕی٨٩

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازاد حەمەشەریف، قۆناغی یەکەمی کاری وەرگێڕان واتە کردەی تێگەیشتن لە دەقو کردنەوەی گرێکوێرەو شفرەکانی هیما زمانییەکانو لێکدانەوەی ئالۆزیو پلۆزییە واتاییو ڕستەییو ئاماژەییەکان، وەك کاری پزیشکێك سەیر دەکا لەرووی روخسارو هەناوی نەخۆشێك بڕوانێتو بەپێی کۆمەڵێك زانیاریی کەڵەکە کراوی پزیشکیی لەمەوپێش هەوڵ دەدات نەخۆشیەکەی بدۆزێتەوە. ئەمەیان کارێکی زانستییە. بەڵام قۆناغی دووهەم واتە کاتێك کار دەگاتە قۆناغی سەر لەنوێ داهێنانەوەی گرێو هیما زمانییەکان، ئەوە دەقاودەق وەك دەستنیشانکردنی چارە سەرییە بۆ نەخۆشەکە. ئەو کاتە کردەی وەرگێڕان دەچێتە خانەی هونەرەوە.[٢٠]

"بۆچوونەکان لەسەر وەرگێران جیاوازن، بۆ وێنە کەسانی ئەم گواستنەوەیە (گواستنەوەی دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی) بە تەکنیكو کەسانێکیتر بە هونەری ناوزەد دەکەن. بەڵام دەشکرێ بڵێن وەرگێڕان ئاوێتەیەکە لەم سێ ماناو چەمکە. وەرگێڕ دەست

[٢٠] هەمان سەرچاوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەداتە وەرگێڕانی بابەتێ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر پێویستی بە زانستی زمانەوانی هەیەو لەم روانگەیەوە ئەم گواستنەوەیە زانستە، چون دەبێ ئەو بەتەواوەتی شارەزای هەرتك زمان [زمانی دایكو زمانی مەبەست]بێو هەروەها ستراکتۆرو سێنتاکسو فیلۆلۆژیو... بناسێ. هەندێ بۆچوونیش وەرگێڕان بە هونەر دەزانن، ئەم روانگەیە زیاتر دەقە ئەدەبیەکان دەگرێتەوە. بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە (هونەریبوونی وەرگێڕان) ئەوەیە کە هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەندێشەو بیری تاك دەکرێ بەشێوەی جیاواز بەرهەم بێتەوەو دەرببڕێ. هەروەها ئەو کەسانەی وەرگێڕان بە هونەر دەبینن لایەنی جوانیناسیو بۆتیقای دەق لەبەر چاو دەگرن کە دەبێ وەرگێڕ بەوردی لەبەر چاویان بگرێو بیانهێنێتەوە زمانی دووهەم یان هەندێجار سێهەمو چوارەمیش. ئەو کەسانەی کە وەرگێڕان بە تەکنیك دەزانن لەسەر ئەو باوەڕەن کە وەرگێڕ تاچەن شارەزابێو خۆی ماندوو کردبێ، سەرکەوتووترە. بەڵام بەلای والتێر بنیامینەوە، وەرگێڕان ئاوێتەیەکە لەم سێ چەمکەو هەڵگری هەر سێ روانگەیە."[٢١]

[٢١] مستەفا زاهیدی، خیانەت لە کەوڵی خزمەتدا، رەخنەی چاوەدێر، ژمارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەمجۆرە "وەرگێڕان چەندە تیکنیکە، ئەوەندەش هونەرە. بەدەربڕینێکی دیکە وەرگێڕان هەم دەکرێ بە فێربوون پێی بگەی، هەم ناکرێ، هەر بەو رادەیە کە پێویستە وەرگێڕ فێر بکەی، بەهەمان رادەش وەرگێڕ دەبێ زەوق‌و مایەی ئەم کارەی هەبێ."[22] هەبوونی بەهرەو زەوق بۆکاری وەرگێڕان بەڕادەی زاڵبوون بەسەر رێوشوێنە زانستی‌یەکانی کارەکەدا گرنگە. ئەگەر وەرگێڕ لەبەهرەو زەوق‌و سەلیقەی تایبەت بێبەش بوو، ناتوانێ ئەو چێژو جوانیەی لە دەقی ئەسڵیدایە، لەکاتی وەرگێڕاندا بیپارێزێ‌و بۆ نێو وەرگێڕدراوەکەی رایانگوێزێ.[23] ئەو کەسانەی لایەنی زانستیی کاری وەرگێڕان وەك شارەزایی لە تیۆری‌یەکانی وەرگێڕان‌و هەردوو زمانەکە دەزانن‌و تەنانەت لەباری زمانناسی‌یەوەش زانیاریی زۆریان هەیە، بەڵام سەلیقەو بەهرەو زەوقی هونەری‌و ئەدەبیی پێویست

---

١٠،دووشەممە ٢٠٠٦/٢/٢٠، لاپەری ٤

[22] ئیسماعیل حەدادیان موقەدەم، "سامان وچع ترجمە، همت عالی می‌گلبد"، رۆژنامەی "قدس"، ساڵی دەیەم، ژمارە ٢٨١٦، رەزبەری ١٣٧٦ (١٩٩٧)، ل٨

[23] سولەیمان دڵسۆز، "بزاڤی رووناکبیری لە کوردستانی ئێران"، (میز گرد)، رامان، ژمارە ٥١، ٥ی ئەیلوولی ٢٠٠٠، ل١٦٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆکاری وەرگێڕانیان نیە، وەرگێڕدراوەکەیان بێزەوقیی پێوە دیار دەبێو، شتێکی ڕەزاقورسی لێ دەردەچێ کە خوێندنەوەی سەختو ناخۆشە. ئەمە جگە لەزۆر کەموکورتیی دیکە. چونکە وەرگێڕان خولقاندنەوەی ناوەڕۆکێکە بەزمانێکی جیاواز لەو زمانەی پێی خولقاوە، ئەمەش، ئەگەر وەرگێڕ لەگەڵ هونەرو ئەدەبیات بێگانەبێو بۆخۆی بەهرەو زەوقی ئەدەبیو هونەریی نەبێ، مومکین نیە.

## وەرگێڕان سەختترە یا نووسین؟

دەبێ لە بیرمان بێ کە وەرگێڕ "واسطە" (ئامرازێکە) بۆ ڕاگوێزتنی پەیامێك لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، وێڕای پاراستنی تایبەتمەندیەکانو بەها کەلامیو کەلتووریەکانی هەردوو زمان. گرینگترین ئەرکی وەرگێڕ سەرنجدانە بە وشە. جیاوازیی کاری وەرگێڕ لەگەڵ نووسەر لەوەدایە کە نووسەر، چیرۆكو فکری خۆی تەحویلی وەرگێڕ دەدا، واتە بەرهەمی فکری خۆی دەدا بە وەرگێڕو دەتوانێ بڵێ ئەمە فکری منەو خولقێنراوی منە، پێت خۆش بێ یان نا، هەر ئەمەیە کە دەیبینی. بەڵام وەرگێڕ بەهیچ جۆر بۆی نیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتیوا بڵێ. چونکە دەقەکە هی ئەو نیە. وەرگێڕ دەبێ لە زمانو کەلتوورێکی جیاوازدا تواناو ئیمکاناتی خۆی تاقی بکاتەوە.[٢٤]

"نابۆکۆف nabokov دەڵێ: مایەو توانای نووسەریی وەرگێڕ، دەبێ بەقەرا توانایی کەسێك بی کە بەرهەمەکەی لێ وەردەگێڕێ.[٢٥]

هەر لەم بارەیەوە "نایدا" وتوویەتی: "کەسێك نەتوانێ بەرهەمێکی سەرنج راکێش بنووسێ، زۆر زەحمەتە بتوانێ بەرهەمێکی سەرنج راکێش وەرگێڕێ."[٢٦]

گومانی تێدا نیە ئەگەر وەرگێڕ لەگەڵ نووسەر (ئەو کەسەی بەرهەمی لێ وەردەگێڕێ) لەیەك ئاست دابن (لەباری زانستو زاناییو شارەزایی لەو بابەتەی وەری دەگێڕێ)، باشتر قەوەی بە بابەتەکە دەشکێو لە عۆدەی وەرگێڕانی دێتەدەر.

وەرگێڕێك کە بۆخۆشی نووسەرەو کاری نووسین دەکا، وردەکارییەکانی کاری نووسەر زووتر هەست پێ دەکاو باشتر بۆ نێو

---

[٢٤] ئیسماعیل حەدادیان موقەدەم، "سامان وچع ترجمە، همت عالی میگلبد"، رۆژنامەی "قدس"، ساڵی دەیەم، ژمارە ٢٨١٦، رەزبەری ١٣٧٦ (١٩٩٧)، ل٨

[٢٥] تاهیرەی سەففار زادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل٣٢

[٢٦] تاهیرەی سەففار زادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل٣٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕدراوەکەی رایان دەگوێزێ. دیارە نووسەر بوون یا لە ئاستی نووسەری بابەت دابوون وەك یەکێك لە مەرجەکانی کاری وەرگێڕان سەیری ناکرێ بەڵام ئەگەر وەرگێڕ لە ئاستی ئەو نووسەرەش دا نەبێ کە بابەتی لێ وەردەگێڕێ، دەبێ زانیاری تەواوی لەبارەی نێوەرۆكو زاراوەکانی ئەو کتێبەدا هەبێ کە وەری دەگێڕێو، لە بارەی بابەتەکانی کتێبەکە دەبێ بە تەواوی بەرچاوی خۆی روون بکاتەوەو، هیچ گومانو لێڵییەك نەهێڵێتەوە. "ئەگەر رستەیەکتان وەرگێڕاو هێناتانە سەرکاغەزو گەیشتنە ئەم ئاکامە کە لەسەدا ٩٩ی تێگەیشتوون، تەنیا گومانتان لە سەدا یەکی هەیە، دڵنیا بن کە وەرگێڕانەکەتان لە سەداسەد هەڵەیە، ئەگەر واتاکەی بەتەواوی تێ گەیشتبان، دەبوو ئەم لەسەدا یەك گومانەشتان، رەوییاوە"[٢٧]

هەریەك لەئێمە ژمارەیەك وەرگێڕ دەناسین کە زۆر وەرگێڕدراویان هەیە، بەڵام نووسینێکی ئەوتۆیان نیە. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە بەکردەوە، هەرچی وەرگێڕە نووسەر نیە. هەروەها دەیان وەرگێڕ دەناسین کە باشترین رۆمانەکان، یا کتێبە مێژوویی، سیاسی، فەلسەفیو دەروونناسییەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی

[٢٧] رەزا سەیدحوسێنی، گۆڤاری "ادبستان"، ژمارە١٠، رەزبەری ١٣٦٩، ل٣٢

کوردی، بەڵام بۆخۆیان نە مێژوو نووسن، نەسیاسی (لە ئاستی نووسەرێك دا کە کتێبەکەیان لێ وەرگێڕاوە)، نە فەیلەسووفن‌و، نە دەروونناس. هێندێك لەوان وەرگێڕانەکەشیان سەرکەوتووانە ئەنجام داوە. لەراستیدا زۆرکەس بۆیە پەنا بۆ وەرگێڕان دەبەن چونکە بۆخۆیان ناتوانن بنووسن، یا ناتوانن بەرهەمێك لەئاستی ئەو بەرهەمانەدا کە وەریان دەگێڕن، بنووسن. هەر بۆیە لە جیاتی بابەتێکی کرچ‌وکاڵ‌و کەم نێوەرۆك لە بوارێکی دیاریکراو دا، وەرگێڕانی بابەتێکی پڕ نێوەرۆك‌و بەکەلك کە تامەزرۆیی خوێنەر دەشکێنێ، بەباشتر دەزانن. ئەمەش کارێکی ژیرانەیە. بەڵام لەم قسەیەوە نابێ بگەینە ئەم ئاکامە کە وەرگێڕان لەنووسین هاسانترە، چونکە جیاوازی‌یەکی گەورە لە نێوان کاری نووسەرو وەرگێڕدا هەیە، هەر ئەم جیاوازی‌یەشە وای کردوە بگوترێ کە کاری وەرگێڕان سەختترە لە نووسین. "ئەوەی نووسەرێك دەینووسێ، وەرگێڕانی ئەو بیرۆکانەیە کە بە مێشکیدا دێن، بەڵام هێزی خەیاڵ (تخیل)ی نووسەر لە چۆنیەتیی وەرگێڕانەکەدا، تەنیا بە دۆزینەوەو وەرگێڕانی خەیاڵی نووسەرەوە دەبێ خۆی ببەستێتەوەو، لە دەربڕین‌و گێڕانەوەی ئەوەدا کە دەیدۆزێتەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر ئازاد نیە. چونکە لەوانەیە بە لێکدانەوەی تایبەتیی وەرگێڕ لە هزرو بیری نووسەر دابنرێ."[٢٨]

"ئەوەی لەگومان بەدەرە ئەوەیە کە کردەی وەرگێڕان گەلێ سەختترە لە کردەی نووسین. نازانم کام نووسەر ئەو قسەیەی کردوە کە دەڵێ وەرگێڕ وەك تەنافبازێك کە هەردوو پێی بەستراوەتەوەو داواشی لێ دەکرێت لەسەر گوریسێکی باریك سەما بکاتو بەریش نەبێتەوە [وایە]. سەختی وەرگێڕان لەوەدایە کە وەرگێڕ دەبێ بیرو روانینی یەکێکی دیکە بە زمانی خۆی دابرێژێتەوەو بچێتە ناو کلێشەو مێشکی مرۆڤێکی دی کە زۆر لەخۆی جودایە. وەرگێڕ دەبێ بە زمانو سۆزو هەستو نەستی یەکێکی دیکە بدوێو وا لەخۆی بکات کە ئەو قسانەی وەری دەگێڕێت بەراستی هیخۆیەتیو خۆی کردوونی..."[٢٩]

وەك لایەنێکی دیکەی دژوارتر بوونی وەرگێڕان دەتوانین ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە:

[٢٨] تاهیرەی سەففار زادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل٢٩

[٢٩] ئازاد حەمەشەریف، بەبێ وەرگێڕان ئەستەمە رۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەممووزی ١٩٩٩، لاپەری٨٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەختێك بۆخۆمان دەنووسین، ئەوەی نەمان زانی دەتوانین خۆی لێ ببوێرین، بەڵام خۆ لە تەرجەمەی نووسینی خەڵکی دیکەدا ناتوانین هەرچی زانیمان وەریگێڕینو هەرچیش نەمانزانی فڕێی دەینو بەرهەمەکە کلكو گوێی بکەین.[30]

لێرەدا دەکرێ وڵامێك بەو پرسیارە بدەینەوە وەرگێڕ کە بۆی نیە دەسکاریی نێوەرۆکی بابەتێك بکا کە وەری دەگێڕێو، مافی ئەوەی نیە شێوازو شێوە دەربڕینەکەشی بگۆڕێ، چۆن دەتوانێ داهێنان بکا؟ لەراستیدا کەسێك بتوانێ بیری کەسێکی دیکە کە بە زمانێکی دی نووسراوە، وێڕای پاراستنی ئەمانەت (واتە رەچاو کردنی شێوازی نووسەرو راگوێزتنی بەتەواویی واتاکەی) وەها بە زمانەکەی خۆی دابڕێژێتەوە کە خوێنەر وابزانێ دەقەکە هەر بەم زمانە نووسراوە، ئەمە داهێنانە. "وەرگێڕان واتە لەنوێژەنەوە شکڵو شێوە دارِشتن، سەر لەنوێ داهێنان، سەر لەنوێ بیرو ئەندێشە رەنگ کردن... نووسەرو وەرگێڕی شارەزاو هونەرمەند وەك نیگار کێشێکی شارەزاو پیتۆڵ دەچێ، لە زمانی وشو رستان شارەزاو

---

[30] عەبدوڵڵا حەسەن زادە، لەوتووێژێکی بڵاو نەکراوە لەگەڵ کەماڵ مەریوانیدا، ساڵی٢٠٠٢

پسپۆرە، لە مۆسیقاژەن دەچێ، لە هەناسەو چرکەی هەر ئاوازێ، لەدەنگی خۆرسك، لەدەنگی "بیمۆل" لەدەنگی "دێز"، "نیوە بیمۆل"، چارەکە بیمۆل" یا زۆر کەمتر دەگاو سەرتاپای پێ وەجۆش دێ."[٣١]

ئێمە ئەگەر ئەو بەشەش لە قسەکەی تیتلێر (Tytler) نەسەلمێنین کە "هیچ قسەی تێدا نیە کە وەرگێڕ بۆخۆشی دەبێ نووسەر بێ" بێگومان ئەم بەشەی وتەکەی قەبووڵ دەکەین کە "وەرگێڕێکی باش دەبێ وەك ئەکتەرێکی باش، ژیانو تینو گوڕ بدا بە وشەکان."[٣٢]

بەکورتی محەممەدی قازی گوتەنی: وەرگێڕان هەم هونەرە، هەم تێکنیك. چونکە هێندێك جار لە فەرهەنگی وشەش دا پیشەو هونەر هاو واتان، لە بەر ئەوە کە هونەر زەوقو سەلیقەو هەستو زەوقی وەرگێڕە بەشێوەی کارێکی ئاشکراو دیار کە لە گواستنەوەی

[٣١] شوکور مستەفا، وتووێژ لەگەڵ "ئەدەبو هونەر"ی "کوردستان" (ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، ژمارە (٥)، خەزەڵوەری ١٣٧٦ (نوامبری ١٩٩٧)، ل١٧

[٣٢] تاهیرەی سەففارزادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل٣٣

پەیامو رۆشنگەری‌و روونکردنەوەی بیروڕاکان دایەو، پیشە[یە] بەهۆی ئەوەکە جۆرو شێوازی گواستنەوەی زاڵبوون بەسەر شێوەی رستەسازی‌و شێوەی دەربڕین لەیەك جیاوازن. بەو پێیە دەتوانین وەرگێڕ بە کەسێکی هونەرمەندو خاوەن تەکنیك ناو بەرین، بەواتایەکی‌تر گرووپێك لەسەر ئەو بڕوایەن کە وەرگێڕان پیشەیەو گرووپێکی‌تر پێیان وایە کە هونەرەو، بەڕای من هەردوو راڤەکان بەپێی چۆنایەتیی کارەکە دروستە.[٣٣]

## بنەماکانی وەرگێڕان

ئەگەر بمانەوێ رابردوو یا پێشینەیەك بۆ دیاریکردنی بنەماو رێوشوێنەکانی وەرگێڕان دیاری بکەین،دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی رێنێسانس. لەو سەردەمەدا تەنیا خەریکی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی‌و دنیایی دەبوون‌و زیاتر زۆرایەتی خوێنەرانیان وەبەرچاو دەگرت.. لەکاری وەرگێڕان دا بەرەبەرە مەسەلەی بەکار هێنانی زمانی خەڵکی لەجیاتی زمانی کلیسایی‌و دەرباری - هۆی

---

[٣٣] عیرفانی قانعی فەرد، محەممەدی قازی‌و پەیامی وەرگێڕ، لاپەڕی ٢٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووناکبیرانێکی وەکوو ئەراسمووس هاتە گۆڕێ... "تیۆریی وەرگێڕان"ی ئێتین دۆلێ Etienne Dolet کە لە ڕووناکبیرە بەناو بانگەکانی هیۆمانیستەکانو، وەرگێڕێکی بە توانای زمانی یۆنانی بوو، بەم هۆیەوە کە هەموو جۆرە جیاوازییەکانی وەرگێڕانی دەگرتەوە، ناوبانگێکی زۆری دەرکرد. پێوانەو ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی ئێتین دۆلێ بۆ تەرجەمە کە ئەرکی وەرگێڕەکان ڕوون دەکەنەوە، بەم جۆرەن:

١- وەرگێڕ دەبێ زۆر بەباشی لە نێوەرۆكو کاکڵی دەقەکەو مەبەستی نووسەر تێبگا.

٢- وەرگێڕ دەبێ شارەزاییەکی تەواوی هەم لەو زمانە کە تەرجەمەی پێدەکا هەبێ، هەم لەو زمانەی بابەتەکەی لێ وەردەگێڕێ.

٣- وەرگێڕ دەبێ لە وەرگێڕانی وشە بە وشە کە هەم زیان بە نێوەرۆکی دەقە ئەسلییەکە دەگەیەنێو هەم جوانیی دەربڕین دەشێوێنێ، خۆ بپارێزێ.

٤- وەرگێڕ دەبێ وشەکان بەجۆرێك هەڵ بژێرێو ڕێك بخا کە کاریگەریی هەموو لایەنەو راوێژی زاری دەقە ئەسڵییەکە لە وەرگێڕانەکەدا پارێزرابێ.

٥- وەرگێڕ دەبێ وشەکان بە جۆرێك هەڵبژێرێو رێك بخا کە کاریگەریی هەموو لایەنەو راوێژی زاری دەقە ئەسلییەکە لە وەرگێڕانەکەدا پارێزرابێ.[٣٤]

لەو کاتەوە کە یەکەم تیۆریەکان لە بارەی وەرگێڕانەوە دانراون تا ئێستا، زۆر لە زانایانو شارەزایانی بواری زمانو وەرگێڕان، بنەماکانی وەرگێڕانیان بە گوێرەی لێکدانەوەو روانینی خۆیان دەست نیشان کردوون. تیۆردارێژانو خاوەنڕایان دیارە لە دیاریکردنی ژمارەی بنەما یان بنچینەکان دا، جیاوازییان هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، پوختەو نێوەرۆکی زۆربەیان یەك شتن. بەڵام هەرچی هزرو بیری مرۆڤ قووڵترو روانینی بەرینتر بۆتەوەو، مرۆڤ زیاتر لەکارو تێکۆشانیدا پابەندی زانست بووە، تیۆریەکان، لێکدانەوەو باسەکانی تایبەت بە وەرگێڕانیش چوونەتە ئاستێکی بانتر. واتە وردتر، زانستیترو گشتگیرتر بوونو لەباری فیکریەوە بۆ سەرووتر هەڵکشاون.

---

[٣٤] تاهیرە سەففار زادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، لاپەری ١٩-١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانزانان (زمانەوانان)و وەرگێڕانی کوردیش بە نۆرەی خۆیان لە مەرجو بنەماکانی وەرگێڕان دواون. غازی فاتیح وەیس ٥مەرجی بۆ کەسێك کە کاری وەرگێڕان دەکا دیاری کردوە:

١ـ دەبێ هەردوو زمانەکە بەباشی بزانێ، واتە دەستورەکانی ئەو زمانە بزانێ، دەستوری سیمانتیك بێ، سێنتاکس بێ،مۆرفۆلۆژی بێ... تاد.

٢ـ دەبێ بە لانی کەمەوە، شارەزای باری کۆمەڵی نووسەرەکە بێو هەستو مەبەستی نووسەرەکە تێگەیشتبێ، ئەمەش یا بەناسینی نووسەرەکە دەبێ یا بە شارەزاییو ئاگادارییەکی باشی کۆمەڵی ئەو نووسەرە دەبێ، چونکە بیرکردنەوەی کۆمەڵێك لەبیر کردنەوەی مرۆڤێکی ئەو کۆمەڵەدا لەوەیە لە شێوەیەکدا یا زیاتر لە شێوەیەکدا ببینرێت.

٣ـ شارەزای ئەو زانستە بێ کە نووسەرەکە لێی کۆڵیوەتەوە، بۆ نموونە گەر مرۆڤ شتێکی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا وەرگێڕا ئەوا دەبێ شتێك دەربارەی زانستی کۆمەڵایەتی بزانێ، ئەگینا وەرگێڕانەکەی کونو کەلەبەری زۆری تێدا بە کاڵی دەمێنێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤ـ شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە هونەری وەرگێڕانداو وەك زانستێك لێی وردبێتەوە.

٥ـ دەستێکی باڵای هەبێ لە بەکار هێنانی فەرهەنگ دا. جگە لەمەش ئەو فەرهەنگانە بەکار بهێنێ کە پێوەندی بە باسەکەوە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر وەرگێڕانەکە لەباری وەرزشەوە بوو ئەوا دەبێ فەرهەنگی وەرزشی بەکار بهێنی."[٣٥]

بەڵام ناهیدە رەفیق حیلمی بنەماکانی وەرگێڕانی بە ٦ بنەماو بەم شێوەیە دەست نیشان کردوون:

یەکەم: دەستپاکی، دووهەم: تێفکرینو لێوردبوونەوە، سێهەم: زانینی هەردووك زمان زۆر بەباشی، چوارەم: رەچاو کردنی رێنووسو نیشانە گشتیەکانی نووسینی پوختە، پێنجەم: بەکار هێنانی فەرهەنگ بەجۆرێکی زانستیانە، شەش: بەکارهێنانی سەرچاوە.[٣٦]

---

[٣٥] ئەحمەد حەیران، ئاوڕدانەوەیەك لە نووسینەکانی خوالێخۆشبوو "غازی فاتیح وەیس لەبارەی وەرگێڕانەوە"، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩، لاپەری ١٩

[٣٦] ناهیدە رەفیق حیلمی، بنەماکانی وەرگێڕانو بەراوردێکی دەقی بنەرەت، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٣٠، ساڵی ١٩٩٣، ل ٦٥ـ٦٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەچی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە مەرجەکانی وەرگێرانێکی سەرکەوتوو لە ٣خاڵدا چڕ دەکاتەوە: "یەکەم: ئەمانەت... وەختێك ناوی تەرجەمەمان لەسەر دانا، نابێ هیچ دەسکارییەك‌و کەم‌و زیادێك لە نووسینەکەدا بکەی ... گرنگ ئەوەیە [موتەرجیم] کارەکەی خۆی بە ئەمانەتەوە کردبێ‌و تەواوی مەبەستی نووسەری هێنابێتە نێو دەقە کوردی‌یەکە...

دووهەم: پاراستنی شێوازی نووسەر، هەر نووسەرێك سەر بە هەر نەتەوەیەك بێ خاوەنی شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی. رستەکانی کورتن یا درێژ؟ وەسفی زۆر بەکار دەبا یان کەم؟ گاڵتەجار (هزل) بەکار دێنێ یان نا؟[و] زۆر شتی دیکەی لەم بابەتە... موتەرجیم دەبێ ئەو شێوازە رەچاو بکاو بیپارێزێ...

سێهەم: زمانپاراوی. ئەم خاڵە بۆ هەموو نووسینێك مەرجێکی بنەرەتییەو، وەبیر هێنانەوەی لێرەدا لەبەر ئەوەیە لەکاری تەرجەمەدا پاراستنی ئەم ئەسڵە دژوارترە، چونکە فکرەکە یەکی دیکە دایرشتوەو بە زمانێکی دیکە دایرشتوە، ئەگەر وەرگێڕ زۆر وردو کارامە نەبێ لەوانەیە رستەکانی لەباری رێزمانییەوە زۆر بشێوێن. کەوابێ دەبێ لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو هەوڵێك دەدەین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەبەستی نووسەر، بێکەمو کورتی بێنینە نێو زمانە تازەکە، دەبێ وابکەین تەرجەمەکەمان نەبێتە قامووس دانان."[٣٧]

## وەرگێڕی باش ، وەرگێڕانی سەرکەوتوو

"خاوەنڕایان وەرگێڕێك بە بەکارو کارامە دەزانن کە سێ مەرج بەتەواوی لەودا هەبێ:

١ـ زاڵبوونی تەواوی بەسەر زمانێك دا کە تەرجەمەی پێدەکا، زمانی "مبدأ" ٢ـ لێزانیو لێهاتوویی لە زمانێك کە کتێبەکەی پێ وەردەگێڕێ واتە زمانی "مقصد"، ٣ـ ئاگاداریو لێزانی لەسەر بابەتی ئەسەرەکە."[٣٨]

گۆڤاری دیلۆس Delos کە گۆڤارێکی تایبەت بە وەرگێڕانە، لە پرسیار نامەیەك دا بیروڕای کۆمەڵێك لە نووسەرانو شارەزایانی

---

[٣٧] عەبدوڵڵا حەسەنزادە، گۆشەی بەسەر کردنەوەی وەرگێڕەکانی کوردستان، گۆڤاری "وەرگێڕان"، ژمارە١، هاوینی ١٩٩٧، ل٩٢

[٣٨] د. فاتمە مودەڕەسی، محەمەدی قازی وەرگێڕێکی کارامە، ، گۆڤاری "سروە" ژمارە ١٥٥، ساڵی پازدەهەم، جۆزەردانی ١٣٧٨، ل٤٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەناوبانگ لەبارەی "وەرگێڕانی باش"ی پرسیوە. هێندێك لەوان بەم جۆرە وڵامیان داوەتەوە:

"وەرگێرانێکی باش بریتیە لە نزیکترین هاوتا (معادل) لە زمانی وەرگێڕدا بۆ بابەتێك کە تەرجەمە دەکرێ، بەو مەرجەی تایبەتمەندییەکانی دەقە ئەسڵییەکە ئەوەندە کە زمانی یەکەم دەخوازێ، پارێزرا بێو هەر لەو کاتەشدا بۆ زەین نامۆو سەیرو سەمەرە نەبێ.

دەدلی فیتس (Duddly fits)

وەرگێڕانێکی باش ئەوەیە پێش هەموو شتێك وەك وەرگێڕان نەچێ. بەوتەیەکی دیکە وەرگێڕ دەبێ لەوپەڕی ڕەوانیو زمانپاراویو پارێزراویی چۆنایەتییەکانی دەقی سەرەکیدا، بابەتەکەی وەرگێڕابێتە سەر زمانی دووهەم. نابێ لەدەق دوور کەوینەوە، بەڵکوو دەبێ بۆ گەیاندنی واتاو چۆنایەتییەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی هاوتا (معادل) دابین.

مووریس نادو (Maurice Nadeu)

وەرگێڕانێکی باش ئەوەیە کە نێوەرۆکی دەقە ئەسڵییەکە دەربڕێ. جۆرە وەرگێڕانێکی دیکەش هەیە کە بریتیە لە دارشتنەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووبارەی دەقەکە. هەر بۆیە دەکرێ وەك بەرهەمێکی سەربەخۆو جیاواز دایبنێین، وەك نمونەی وەرگێڕدراوی لەم چەشنە دەتوانین چوارینەکانی خەییام بەهۆی فیتز جرالد، یان وەرگێڕدراوەکانی عزرا پاوند Ezra pound و رۆبێرت[ و] Lowell ناو ببەین کە دیارە ئیعتیباری ئەو جۆرە وەرگێڕدراوانە بەستراوەتەوە بە هەلومەرجو پێوانەی تایبەتی.

نورتراپ فدای (Northrop frey)

وەرگێڕانی باش، وەرگێڕانێکە کە واتاو پەیامی دەقی ئەسڵی، وێڕای فۆڕمەکەی، ئەوەندەی کرابێ پاراستبێ.

ئەرنێست سیمونز (Ernest Simmins) [٣٩]

خراپ نیە روانگەی وەرگێڕو نووسەرێکی بە ئەزموونی کوردیش بخەینە سەر ئەم وەڵامانە:

"وەرگێڕانی باش ئەوەیە هەموو مەبەستەکانی بنووس [نووسەر] بە کوردییەکی رەوانی وا ڕاگەیەنرابێ خوانا [خوێنەر] وابزانێ بابەتەکە

[٣٩] تاهیرە سەففار زادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، لاپەرەکانی ٣٦و ٣٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لە سەرەتاوە بە کوردی نووسراوە. دیارە وەرگێڕی باشیش ئەوەیە وەرگێڕانی وای هەبێ."[٤٠]

ئەگەر لەم وڵامانە ورد بینەوە کە بە پرسیاری "وەرگێڕی باش، یا وەرگێڕانی باش کێیە" دراونەوە، هەست دەکەین زۆر خاڵی هاوبەشیان تێدایە. بەڵام دەبینین هێندێکیان بنەمایەك یا مەرجێك لەوانی دیکە بە گرنگتر دەزانن. بۆوێنە وەرگێڕی ئێرانی، دوکتور مستەفای رەحیمی لەسەر حەزو ئۆگریی وەرگێڕ بە بابەتێك کە وەری دەگێڕێ، زۆر پێ دادەگرێو، بە دوای مەرجی شارەزایی وەرگێڕ لە هەردوو زمانەکە دەڵێ: "وەرگێڕ دەبێ ئەو کتێبەی وەری دەگێڕێ خۆشی بوێ. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە لە بابەتەکە شارەزا بێ."[٤١] دیارە ناوبراو خۆبواردن لە نەخۆشیی وشە دروست کردنو زاراوە سازییش کە لەم دواییانەدا بڵاو بۆتەوە، بەشتێکی پێویست دەزانێ.

---

[٤٠] محەمەدی مەلا کەریم، دیالۆگ، ل٤٨٩

[٤١] وتووێژ لەگەڵ دوکتور مستەفا رەحیمی، گۆڤاری "مترجم"، ژمارە ٣٢، بەهارو هاوینی ١٣٧٩، ل٣٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام فەرزانە فەرەحزاد، دانەری کتێبی "نخستین درسهای ترجمه" (یەکەمین وانەکانی وەرگێڕان)، دۆزینەوەی نزیکترینو باوترین هاوتا لە زمانی مەبەست دا، بۆ دەقی زمانی بنەڕەت بە نیشانەی باشبوونی وەرگێڕانێك دادەنێ: "خاوەنڕایان وەرگێڕانێك بە وەرگێڕانی باش دەزانن کە وەرگێڕ لەوێدا توانیبێتی نزیکترینو باوترین هاوتا لە نێو زمانی مەبەست دا بۆ دەقی زمانی بنەڕەت بدۆزێتەوە. لە وەرگێڕانێکی ئەوتۆ دا لەپێش دا گرنگی دەدرێ بە ڕاگوێزتنی دروستی واتا، پاشان بە ڕەچاو کردنی شێواز"[٤٢]

مامۆستا محەممەد قازی، وێڕای ئاماژە بەو مەرجانەی لە هێندێك لە وڵامەکانی سەرەوەدا هاتبوون (وەك زانینی هەردوو زمان، ڕەچاو کردنی ڕاوێژ (لحن)ی نووسەر)، ئاماژە بەچەند خاڵێکی دیکەش دەکا کە بریتین لە: "هەڵبژاردنی وشەگەلێکی دروستو ڕاستو خۆش ئاهەنگ، ڕەچاو کردنی ڕێزمان، پاراستنی درێژیو کورتیی وتەی نووسەری سەرەکیو گرنگی دان بە نیشانەکانی نووسین."[٤٣]

---

[٤٢] فەرزانە فەرەحزاد، "نخستین درسهای ترجمه"، لاپەری٣

[٤٣] عیرفان قانعی فەرد، محەممەدی قازیو پەیامی وەرگێڕ، ل٣٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکان کە مامۆستایانو شارەزایانی زانستی وەرگێڕان وەك مەرجێکی گرنگی سەرکەوتوویی وەرگێڕو وەرگێڕان سەیری دەکەن، پڕ کردنەوەی کەلێنی سەرچاوەگرتوو لە جیاوازیی نێوان کەلتوورەکانو زمانەکانە. بە تایبەتی ئەوکاتە کە دوو زمان هەم لەباری ڕەچەڵەکەوە، زۆر لێك دوورن، هەم لەباری شارستانەتی‌یەوە، جیاوازی‌یەکە یەکجار زۆر دەبێو، ئەرکی وەرگێڕ زۆر قورستر دەبێ. ئەمەشمان دەبێ لەبیر بێ کە زمان ـ هەر زمانێك ـ بە شێوەیەکی ڕێژەیی، نەك بە ڕەهایی، دەتوانێ ڕاستی‌یەکانی جیهانی دەرەوەی خۆی، وێنا بکا. جا کاتێك بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانی دیکە تەرجەمە دەکرێ، بەهۆی جیاوازیی دوو زمانەکە، ئەم ڕێژەیە کەمتریش دەبێتەوە. واتە بابەتی وەرگێڕدراو، مەودایەکی‌تر ـ لەچاو ئەو زمانەی تێی‌دا لەدایك بووە ـ لەواقیع دوور دەکەوێتەوە. چونکە:

"١ـ زمان وێنەیەکی دروست لە واقیعی دەرەوەی بۆ بەرهەم ناهێنرێ.

٢ـ هەر زمانێك وێنەی جیاواز لە واقیعی جیهانی دەرەوە بەرهەم دێنێ. ئەم پێکەوە نەگونجاوی‌یە لە زمانە جیاوازەکان دا، هەر بە

وشەکان نابڕێتەوە، بەڵکوو سیستەمە زمانیی‌یە جۆراوجۆرەکانیش لێکتر جیاوازن‌و، هەر زمانێك چوارچێوەی بینایی‌و، ڕێساو یاسای ڕێزمانیی تایبەت بە خۆی هەن. هەر بۆیە بۆ وەرگێڕانی دەستەواژەیەك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، هەر جێگۆڕکێی وشەکانی دوو زمانەکە بەس نیە، بەڵکوو "همنشینی" (لە پەنا یەکتر ریز بوونی) ئەم وشانەش دەبێ بە رەچاو کردنی ڕێسا ڕێزمانیی‌یەکانی ئەو زمانە بێ."[٤٤]

هۆی ئەوە کە چەمکەکان (مفاهیم)لە زەینی ئاخێوەر (بێژەران)ی هەموو زمانەکان دا وەکیەك‌و پێکەوە گونجاو نین، ئەوەیە کە واتاکان‌و راستی‌یە زەینی‌یەکان لەهەر زمانێك دا لەسەر بناغەی شارستانەتی، ژینگە، ئایین، نەریت، ڕێوشوێن‌و شتی لەم چەشنە دامەزراون. بۆهەر حەقیقەتێکی زەینییش، وشەیەك دادەنرێ. بەم هۆیەوە کە لە زمانەجۆراوجۆرەکان دا ئەم بناغانە جیاوازن، حەقیقەتە زەینی‌یەکانیش جیاوازن‌و، لە ئاکام دا "وشەکان" یا "داڵ"ـەکانیش جیاواز دەبن. ئەم بنەمایە لە زمان دا بنەمای

---

[٤٤] د. مێهری باقری، "مقدمات زبانشناسی"، لاپەرەکانی ٦٧ـ ٦٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژەیی (اصل نسبیت)ی پێ دەگوترێ ... وتەی پێشینیان (ضرب المثل)، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم ڕاستییە. چونکە ناتوانین هێندێکیان دەقاودەق وەرگێڕین. تەنانەت ئەگەر ڕاستییەك لە دوو زمان دا وەکو یەکیش بن و، بکرێ وشەکانیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە وەربگێڕین، بۆ وێنە وشەی "Long"و "درێژ"، دیسان ناتوانین ئەم دوو وشەیە وەك هاوتای یەك دابنێین. چونکە وشەکان لەهەر زمانێك دا بارێکی عاتیفیی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆ وێنە درێژ لە زمانی فارسی [و هەروەها لە زمانی کوردییش]دا بێجگە لە واتا سەرەکییەکەی خۆی، بارێکی عاتیفیی نێگاتیڤیشی هەیەو، سووکایەتی تێدایە. (ئەگەر بە یەکێك بڵێی "درێژ" پێی ناخۆش دەبێ، بەلام پێی بڵێی بالابەرز، یا بەرز ئەم هەستەی تێدا پێك نایە.) هەر بەهۆی ئەم لایەنە عاتیفییە، لەکاتی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، دەبێ بەوپەڕی وردبینی هەنگاو بنرێ تا نزیکترین هاوتا هەڵ ببژێردرێ.[٤٥]

دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بۆ وشە، دەستەواژەو مەبەستەکانی دەقی زمانی بنەڕەت، لەئاکامی وردبینیو هەستیاری دا ئیمکانی

---

[٤٥] د. مێهری باقری، "مقدمات زبانشناسی"، ل٦٨

هەیە. بەڵام وەرگێڕ ئەگەر بەتەواوی لەگەڵ کەلتووری ئەو نەتەوەیە ئاشنا نەبێ کە بەرهەم لە زمانەکەیانەوە وەردەگێڕێو، ئەگەر هەردوو زمان بەباشی نەزانێ، لە مەبەستی دەق تێناگاو ناتوانێ نزیکترین هاوتا بۆ وشە، دەستەواژە، پەندی پێشینیانو مەبەستەکانی بدۆزێتەوە. "هەست پێکردنو تێگەیشتنی جیاوازییە وردەکانی نێوان وشەکان پێویستی بە زەینێکی تیژ، رەخنەگر، وردبینو لە ئاستی زمان دا هەستیار، هەیە. وتەیەك لە نێو وەرگێڕەکان دا زۆر باوە، ئەویش ئەوەیە: وشەکان وەك تاقمە کلیلێك وان، هێندێك لەوان بەهیچ جۆر ناچنە نێو قفڵ، هێندێکیان دەچنە نێو قفڵ بەڵام پێیان ناکرێتەوە. لەنێو ئەوان دا تاقە کلیلێك هەیە کە بەهاسانی لە قفڵەکەدا دەسووڕێو دەیکاتەوە."[٤٦]

---

[٤٦] تاهیرەی سەففارزادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل ٣٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سوودەکانی وەرگێڕان

"وەرگێڕان پرەکە دنێڤبەرا مللەتان داو دشێت رەوشا مللەتان ژبۆ هەڤدوو ڤەگوهێزیتو رێکەکا فەرەهە ژی ژبۆ دانوستاندنیٚو پتر ناسبوونا هەڤدوو." [٤٧]

وەرگێڕان یەکێك لە دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی بیری مرۆڤەو پردی پێوەندیی نێوان نەتەوەکانو کەلتوورە جیاوازەکانە. گەلان بەهۆی وەرگێڕانەوە لێك تێ دەگەنو، سوود لە دەسکەوتە فیکرییەکانی یەکتر وەردەگرن. چاوخشاندنێك بە مێژووی ئەو نەتەوانەدا، کە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوویان دا، راپەڕینی کەلتوورییان وەرێخستوەو، گۆڕانێکی گەورەیان بەسەر کۆمەڵی خۆیان دا هێناوە، بۆمان دەردەخا کە وەرگێڕان رۆڵێکی گرنگی لەم راپەڕینو بەرەو پێش چوونەیان دا هەبووە.

"ئەگەر بەوردی سەرنج لە سەردەمی بوژانەوە "رێنسانس"ی هەر نەتەوەیەك بدەین، دەبینین پێش ئەو سەردەمە، یان شان بەشانی

---

[٤٧] حەسەن سلێڤانی، پاچڤەکردن وەك پێویستیەکە تۆرەیی (میزگرد)، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩، ل ١٣٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو سەردەمە بزووتنەوەیەکی فراوانی وەرگێڕان هاتۆتە کایەوە. کەوابوو وەرگێڕان سەرقافڵەچی بوژانەوەو داهێنانە ... میللەتێ لە بواری وەرگێڕاندا دوا بکەوێت، ئەوا لە سەرجەمی بوارەکانی ژیان دا دوا دەکەوێت. بۆیە دامو دەزگا جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتان دەستو برد دەکەن لە وەرگێڕانی بەرهەمە رەسەنو کاریگەرەکان تا وەك بەم بەرهەمانە رۆشنبیریی گەلانی خۆیانیان پێ متوربە بکەن."[٤٨]

سوودو کاریگەرییە باشەکانی وەرگێڕان، زۆر بوارو لایەنی گرتۆتەوە. یەکێك لەم بوارانە ئەدەبی بەراورد کارییە. "بێگومان وەرگێڕان دەورێکی زۆر پیرۆزی لە مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاریدا وەرگرتوە، بەهۆی وەرگێڕانەوە نووسەران ئاگاداری هەموو ئەدەبێکی جیهانی دەبنو هەزمی دەکەن، بەمەش ئەدەبەکەیان خوێنێکی تازەتری دەچێ بە دەمارەکاندا ... لەمێژووی ئەدەبی جیهانیدا ئەو سەردەمەی نەتەوەیێ رووی کردبێتە وەرگێڕانو بەرهەمی بێگانانی هێنابێتە سەر خوانی ئەدەبی خۆیەوە ئەدەبەکەی زۆر پێش کەوتوەو بوژاوەتەوە، ئەو سەردەمەش

---

[٤٨] ئازاد حەمە شەریف، بە بێ وەرگێڕان ئەستەمە رۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ، ڕامان، ژمارە ٣٧، ل ٩٠

کشابێتەوە ناو قاوغو قەپێلکو غەریفی خۆیەوەو، خۆی لە ئەدەبی بەرزی جیهانی دوورەپەرێز گرتبێ، ئەدەبەکەی بەرەو کزیو لاوازی کشاوە."[٤٩]

ئەدەبی نەتەوەیەك بەهۆی وەرگێڕانەوە دەتوانێ خۆی دەوڵەمەند بکاتو لەم رێگایەوە لەگەڵ ئەزموونی گەلانی دیکە، لەگەڵ شێوازو فۆرمە ئەدەبی‌یەکان، لەگەڵ فکرو داهێنانی نووسەرانو شاعیرانو بیرمەندانی نەتەوەکانی دیکە ئاشنا بێو سوودیان لێ وەربگرێ. دوکتور فەرهاد پیربال وەرگێڕان بەیەکێك لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دادەنێو لەم بڕوایە دایە کە برەوسەندنی جموجۆڵی تەرجەمەو رۆژنامە نووسی، کاریگەرییان هەبووە لە سەرهەڵدانی هونەری شانۆو تەنانەت چیرۆکیش لە ئەدەبیاتی کوردیدا. هەروەها دروستبوونی پێوەندیی کەلتووریی بەهێز بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد لە نێوان ئەدەبی کوردیو ئەدەبی رۆژئاوا دەبەستێتەوە بەسێ رێگە کە تەرجەمەی ئەدەبیاتی ئورووپی بۆ سەر زمانی تورکیو خوێندنەوەیان لەلایەن نووسەرانی وەك پیرەمێردو شێخ نووری شێخ ساڵحو نەجدەت

---

[٤٩] عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراورکاری، لاپەری ٨٦و ٨٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەرکوکلیو خەلیل خەیاڵیو مستەفا شەوقیو عەبدولرەحیم رەحمی هەکاریو جەمیل سائیبو ئەوانیتر، یەکیانە.[٥٠]

ئەدەبیاتێك کە پەرژینێکی قایمی بەدەوریدا کێشرابێو رێگەی ئەوەی نەبێ لە رێگای وەرگێڕان یا رێگاکانی دیکەوە سوود لە ئەدەبی گەلانی دیکە وەربگرێ "ئەوە لە گۆمێ دەچێ کە لەهیچ لایەکەوە ئاوی تێ نەڕژێ، وەها گۆمێك دوای ماوەیەك لەناو خۆیدا دەگەنخێ ... ئەو گۆمە کاتێ زوڵاڵو روونە کە چۆمو رووبارەکانی دەوروبەری لە باوەش بگرێ ... ئەوە بەمانای تێکەڵو ئاوێتە بوون نییە. ئەو گۆمە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەپارێزێو لەهەمان کاتدا بۆ زیندوو بوونو بزاڤی نوێ کەڵك لەچۆمو رووبارەکانیتر وەردەگرێ."[٥١]

نەتەوەکانی جیهان هەر لە بواری ئەدەبیدا نا، بەڵکوو لە زۆر بوارو مەیدانی دیکەش دا سوودیان لە وەرگێڕان وەرگرتوە. زۆربەی زانستەکان پێشتر لە یەکێك لە وڵاتان دا سەریان هەڵداوەو پاشان

٥٠ د. فەرهاد پیرباڵ، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری، ل١١٨ـ ١١١

٥١ جەلال مەلەکشا، بزاڤی رووناکبیری لە کوردستانی ئێران (میزگرد)، رامان، ژمارە ٥١، ٥ی ئەیلوولی ٢٠٠٠، ل١٦٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێگای جۆراوجۆر، کە وەرگێڕان یەکێك لە هەرە گرنگەکانیان بووە، بەدنیادا بڵاو بوونەوە. پێبە پێی پێویستیی نەتەوەو وڵاتان بە لێك تێگەیشتنو، سوود وەرگرتن لە بەرهەمە مەعنەویو ماددیەکانی یەکترو، شانبەشانی گەشەکردنی تیکنیكو زانستی وەرگێڕان، وەرگێڕان رۆڵی پتری لە پێکهێنانی پێوەندیی نێوان ئەوان دا هەبووە. دیارە هەم ئەو نەتەوەو وڵاتانەی لەباری شارستانەتیو فکرو کەلتوورو پیشەسازیەوە دەوڵەمەندو لە پێشتر بوون، هەم ئەوانە کە لەم بوارانەدا هەژارو دەسکورت بوون، پێویستیان بە لێك تێگەیشتنو پێوەندی هەبووە کە ئەمەش بەهۆی وەرگێڕان - جا زارەکی یا نووسین - مسۆگەر بووە. لە جیهانی ئێستادا ئەم پێویستیە بە وەرگێڕان زیاترو، رۆڵی وەرگێڕان لە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانو کۆمەڵە جیاجیاکان دا پتر بووە. چونکە "جیهانی ئەمرۆ زۆر بە توندی پێکەوە بەستراوەتەوە. هەموو جیهان وای لێهاتوە پێویستی بە یەکتری بێت. هەر بۆیەشە هەموو دەوڵەتە جیاجیاکانی جیهان هەڵپەی ئەوەیانە هەرچی پێشکەوتنێك یان گۆڕانێك لەهەر کوێیەك رووبدات بیزانن - جا لە بواری رامیاری، تەکنۆلۆژی، سەربازی، فەلسەفی، زانستی، ئابووری، پزیشکی یان

لایەنی دیکەوە بێت. هەڵبەت شارێگەی گەیشتن بەم مەبەستەش وەرگێڕانەو هەر لە رێگای وەرگێڕانەوەیە کە بابەتی نوێباوو نۆژەن بە دیدەو گوێچکەمان شاد دەبێت. هەر لە دەرچوونی مۆدێلێکی نوێی ئۆتۆمبێلەوە بگرە تا دەگاتە مایکرۆسۆفتی نوێ، کۆمپیۆتەری نوێ، دامەزرانی کۆماری نوێ، سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ، دۆزینەوەی زانستی نوێو شوێنەواری نوێ ..."[٥٢]

ئێمەی کورد دان بەوەدا دەنێین کە سوودی زۆرمان لە وەرگێڕان وەرگرتوەو بە رێگای وەرگێڕان دا هەوڵمان داوە لە هەموو بوارو مەیدانەکان دا کەڵك لە دەسکەوتە ماددیو مەعنەوییەکانی نەتەوەکانی دیکە وەربگرین. بەڵام پرسیار ئەمەیە ئایا ئێمە هەر دەبێ کەڵکوەرگر بین؟ یا بە دەربڕینێکی دیکە ئێمە کە ئەو هەمووە وەرگرتنەمان هەیە، ئەدی چیمان هەیە بە ڕێگای وەرگێڕان دا بە نەتەوەکانیتری بدەین؟

قسەی تێدا نیە کە وەرگێڕان لە زمانەکانی بێگانەوە بۆسەر زمانی کوردی، زۆر زیاترو بەرچاوترە لە وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ

---

[٥٢] ئازاد حەمە شەریف، بەبێ وەرگێڕان ئەستەمە رۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ، ڕامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٥، ل٨٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر زمانی بێگانە. لەمەشەوە نابێ بگەینە ئەم ئاکامە کە دەبێ وەرگێڕان بۆسەر زمانی کوردی وەلا بنێین‌و، تەنیا بایەخ بە وەرگێڕان لە زمانی کوردی‌یەوە بۆ سەر زمانی بێگانە بدەین. ئێمە هەروا ئاتاجی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیین. چونکە "جیهان لە پێشکەوتندایەو هەرچی بکەین بە تەواوی ناگەینەوە بە رەوتی پێشکەوتنی کولتووریی مرۆڤایەتی نەخوازەڵا ئەگەر بە هیوای ئەوە بین زانای بنووس (نووسەر)مان لە هەموو بابەتەکانی ژیاندا هەبێ‌و راستەوخۆ بە زمانی خۆمان بۆ گەلەکەمان بنووسین، لەبەر ئەوە پێویستی‌یەکی زۆرمان بە وەرگێڕان‌و وەرگێڕ لە هەموو زانستێك‌و بابەتێك دا هەیەو، هەرچەند کتێب‌و وتار وەرگێڕینە سەر کوردی، هەر کەمە، بەڵکوو من لام وایە لەم سەردەمەدا کە زانایانی باشمان لە هەموو بابەتەکانی ژیاندا زۆر کەمەو کەمێکیش لەوانەی هەمانن دەتوانن بە باشی کوردی بنووسن، وەرگێڕانم لا لە رێزی پێشەوەی ئەرکەکانی سەرشانی رۆشنبیرانی کورد دایە."[٥٣]

با ئەوەش بگوترێ کە وەرگێڕان هەر لەباری بەرز کردنەوەی ئاستی فکرو فەرهەنگ‌و زانست‌و تێگەیشتنی نەتەوەکەمانەوە بە قازانج

---

[٥٣] محەممەدی مەلا کەریم، دیالۆگ، ل٤٨٦

نیە، بەڵکوو بۆ خودی زمانەکەشمان ئامرازێکی زۆر باشی پەرە پێدانە. چونکە جگە لەوەی دەبێتە هۆی دروستبوونی وشەو زاراوەی نوێو هاتنی وشەو چەمكو موفرەداتی دیکە بۆ نێو زمانەکەمان، دەشتوانین بۆ هێنانەوە مەیدانو پاراستنی زۆر وشەی کوردی کە خەریکن لەبیر دەچنەوە، کەڵکی لێ وەربگرین. ئەزموونی وەرگێڕی بە توانای کورد عەبدوڵلا حەسەن زادە لەم بارەیەوە شیاوی بایەخ پێدانو لێ فێربوونە:

"ئەمن لە پێشەکیی یەکەم بەرگی حەمەدۆك دا شتێکم نووسیوە، بەراستی وابوو. مەیدانی کارەساتەکانی ئەورۆمانە دێهاتە، شاخو داخە. ئەمنیش بۆخۆم پەروەردەی ئەو فەزایەم. لەدێو شاخو داخ گەورە بووم. ژمارەیەکی زۆر کەلیماتی کوردیم هەبوو، دەمزانی کە پێم وایە ئەگەر کتێبی وام نەکردایە بە کوردی، قەت قەت جارێك نەدەکەوتنە سەر کاغەز ..."[٥٤]

دێینەوە سەر ئەم پرسیارە کە چ شتێك لە زمانی کوردیەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکە وەربگرین کە هەم زۆر پێویست بێ، هەم زۆر

---

[٥٤] عەبدوڵلا حەسەن زادە، لە وتووێژێکی بڵاو نەکراوە لەگەڵ کەماڵ مەریوانی دا، ساڵی٢٠٠٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرنگ؟ بێگومان ئەو بابەتو زانستانەی کە کورد خۆی داینەهێناون‌و بە زمانەکانی دیکەش هەن‌و سەرچاوەی باشترو دەوڵەمەندتر لەبارەیانەوە هەیە، ئەگەر بەزمانی کوردیش لەسەریان نووسرابێ، پێویستی‌یەکی ئەوتۆ بە وەرگێڕانیان بۆسەر زمانەکانی بێگانە نیە. باشترە ئەوانە لە زمانی کوردییەوە وەربگێڕدرێنە سەر زمانەکانی دیکە کە پێوەندییان بە مێژوو، ژیانی سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی کوردەوە هەیە، یا بە فەرهەنگو ئەدەبیاتی کوردی دادەنرێن. وەرگێڕانی ئەم جۆرە بابەتانە هەم بۆسەر زمانی نەتەوەکانی دەوروبەرمان پێویستن هەم بۆسەر زمانەکانی ئینگلیزی، فەرانسەیی، ئەڵمانی، رووسی، ئیسپانیایی‌و هتد. چونکە هەم یارمەتی بە ناساندنی نەتەوەکەمان‌و کێشەی نەتەوەییمان دەکەن، هەم ئەدەبو زمان‌و کەلتووری مێژووی ئێمە بەم شێوەیە بە نەتەوەکانی دیکە دەناسێندرێ.

"کارەکێ زۆر باشە ئەم بشێین بەرهەمی کوردی‌و رەوشەنبیری‌یا کوردی وەرگێڕینە سەر زمانێن دی‌یین جیهانێ، ژبەرکو ئەم دشێین هندەك ژ ناسناما رەوشەنبیری‌یا کوردی نیشانێ خەلکێ دی بدەین، نەمازە دۆزا گەلێ کورد، ب هزرا من ئەگەر هندەك بەرهەمێن کوردی

بێنە وەرگێڕان بۆ زمانەکێ، دێ هەڵسەنگاندنو رەخنەژی ژ لایێ وی زمانێ بیانیڤە لەسەر هەبن، ئەڤە ژی کارەکێ زۆر باشە، بۆ نموونە دەمێ چیرۆکو رۆمانێن دی هاتینە وەرگێڕان. بیاڤەکێ بەرفرەھ ل بەروان ڤەبوو. پێدڤیە هەڤالێن مەیێن زمانزان هەولەکێ دڤی بیاڤی دا بدن."[٥٥]

[٥٥] حەسەن سلێڤانی، پاچڤە کرن وەك پێویستیەکە تۆرەیی (میزگرد)، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٥، ل ١٣٩

# بەشی دووهەم:

## جۆر و شێوەکانی وەرگێڕان

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بناغەکانی پۆلێنکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان

وەرگێڕان جۆر و شێوەی جیاوازی هەن. ئەوەکە کاری وەرگێڕان بە هۆی زارەوە دەکرێ یا بە نووسین ، دەتوانێ بناغەیەك بێ بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی .

بناغەیەکی دیکەی لێکجیاکردنەوەی جۆرەکانی وەرگێڕان ، ئەوەیە کە وەرگێڕانەکە پێوەندیی بە کاروباری رۆژانەی ژیانەوە هەیە ، یا گۆڕینی دەقێکی نووسراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە . ئەگەر پێوندیی بە کاروباری ئاسایی ژیانی رۆژانەوە هەبوو ، وەك کاروباری بازرگانی ، لەباری هونەری و داهێنانەوە ، ئاستێکی بەرزی نابێ . بەڵام ئەگەر وەرگێڕانەکە بریتی بوو لە تەرجەمەی دەقێکی ئەدەبی ، فەلسەفی ، ئاینی و زانستی ، دیارە داهێنانی تێدا دەبێ و ، لە لایەنی هونەریی‌یەوە ، گرنگی‌یەکی زۆری پێدەدرێ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێك لە شارەزایان و خاوەنڕایانیش ، وەرگێڕان بە گوێرەی جۆری گواستنەوەی واتا و ئەوەندە بڕەی دەق کە وەرگێڕ کردوویە بە پێوەری وەرگێڕان ، پۆلێن دەکەن .

دیاریکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان لە رووی جۆری گواستنەوەی واتایش پتر لە پۆلێنبەندییەکی هەیە . بۆ وێنە دوکتور حەسەن ئەحمەدیی گیوی ، سێ جۆرە وەرگێڕانی دەستنیشان کردوون کە بریتین لە : ١- وەرگێڕانی زانستی و ورد ٢- وەرگێڕانی ئازاد و ٣ - وەرگێڕانی هۆنراوە (منظوم)[١] .

وەرگێڕانی زانستی و ورد ئەوەیە کە وەرگێڕ هەموو خاڵەکان و واتاکانی بەرهەم لەگەڵ شێوەی دەربڕینیدا بێ هیچ زیاد و کەم کردنێك ، وەردەگێڕێتە سەر زمانێکی دیکە و ئەگەر لە باری خاڵێك یا بابەتێك روونکردنەوە یا راستکردنەوەی بە پێویست زانی ، لە پەراوێزدا دەیهێنێ .

بەڵام لە وەرگێڕانی ئازاد دا ، وەرگێڕ تەرجەمەی ورد و بێئەم لا و ئەولای بەرهەم بە پێویست نازانێ ، بەڵکوو وێڕای

[١] حسن احمدی گیوی، " از فن نگارش تا هنر نویسندگی" ، ل ٢٣٩ و ٢٣٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاراستنی رەسەنایەتیی وتەی نووسەر ، بە گوێرەی سەلیقە و زەوقی خۆی ، دەست لە بابەتەکە وەردەدا . هەڵبەت وەرگێڕ دەبێ ئاماژە بەمە بکا .

مەبەست لە وەرگێڕانی هۆنراو (منظوم)یش ئەوەیە کە هێندێك لە ئەدیبان و شاعیران ، پەخشانی ئەدەبی و شێعری شاعیرانی نەتەوەکانی دیکە بە شێوەی هۆنراوە ، وەردەگێڕنە سەر زمانی خۆیان .[٢]

وەرگێڕان و شارەزایانی کوردیش لەم بابەتە گرنگە دواون . مامۆستا غازی فاتیح وەیس ، ٥ شێوە وەرگێڕانی ناوبردوون کە بریتین لە : ١- وەرگێڕانی وشە بە وشە ، ٢- وەرگێڕانی واتا بە واتا ٣- وەرگێڕشانی بیرە بنەڕەتییەکە ٤- وەرگێڕان بە پێی شیکردنەوە و تەفسیر کردن ٥- وەرگێڕانی کورتکراوە .[٣]

---

[٢] حسن احمدی گیوی، " از فن نگارش تا هنر نویسندگی" ، ل ٢٣٩ و ٢٣٨

[٣] ئەحمەد حەیران، ئاوڕدانەوەیەك لە نووسینەکانی خوالێخۆشبوو غازی فاتیح وەیس، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩ ، ل ٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامۆستا غازی فاتیح وەیس ، وەرگێڕانی وشەبەوشەی بە شێوەیەکی لاواز و بێ کەلك لەقەڵەم دەدا کە خوێنەری ئاسایی سوودێکی ئەوتۆی لێوەرناگرێ . چونکە ئەم شێوە وەرگێڕانە بریتی‌یە لە گۆڕینەوەی وشەی زمانێك بە وشەی زمانێکی‌تر . لە بارەی وەرگێڕانی "واتا بە واتا"شەوە دەڵێ : لەم شێوەیەدا ، وەرگێڕ تەنیا واتای دەقە بنەڕەتییەکە وەردەگێڕێ بە بێ گوێدانە شێوەی رێزمانی . ئەم شێوە وەرگێڕانە بە رای ئەم مامۆستایە بۆ خوێنەری ئاسایی بە نرخە، چونکە لێرەدا رستە و واتای رستە وەردەگیرێ . مەبەستی غازی فاتیح وەیس لە وەرگێڕانی "بیرە بنەڕەتییەکە" ئەوەیە کە وەرگێڕ بیرە سەرەکییەکەی دەق وەردەگرێ و لەگەڵ فراوانکردنی ئەو بیرەدا ، دەیخاتە قالبی زمانێکی‌ترەوە . هەرچی "وەرگێڕان بە پێی شیکردنەوە و تەفسیر کردن"یشە ، وەرگێڕانی دەقی سەرەکی لەگەڵ تەفسیر کردنی‌دا دەگرێتەوە کە زۆرتر بۆ وەرگێڕانی دەقە کۆنەکان بەکاردێ . "وەرگێڕانی کورتکردنەوە"ش ئەوەیە کە دەقە سەرەکییەکە بە شێوەی کورت وەردەگێڕدرێ . ئەم شێوەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ وەرگێڕانی تەنیا ئەو بەشەی دەق بەکار دێ کە خوێنەر پێویستی پێیەتی واتە ئەوەی گرنگە وەردەگێڕدرێ و ، ئەوەی گرنگ نیە ، وەرناگێڕدرێ .[١]

بەڵام مامۆستا مەجید ئاسنگەر جۆرەکانی وەرگێڕانی لە ٣ جۆردا چڕ کردۆتەوە کە بریتین لە :

١- وەرگێڕانی دەقاودەق (حەرفیی) ئەمەش زۆربەی جار لاوازە و مانای روون نادات بە دەستەوە .

٢- وەرگێڕانی واتاکە ، لە سەر حیسابی دەقەکە ، بە مانای بایەخ نەدان بە وشەکان ... خۆیان ، نەنگییئەم شێوازەش لەوە دایە هەندێك جار بۆی هەیە وشەیەك کە بۆی هەیە هەر خۆی کلیلی سەرجەم پەرەگرافەکەش بێت پشت گوێ بخرێت .

٣- وەرگێڕانی دەقاودەق و واتایی ، ئەمەش ناوەندە لە نێوان هەر دوو جۆرەکانی پێشەوەدا و ...

[١] ئەحمەد حەیران، ئاوڕدانەوەیەك لە نووسینەکانی خوالێخۆشبوو غازی فاتیح وەیس لە بارەی وەرگێڕانەوە،رامان،ژمارە ٣٧، ٥یتەمموزی١٩٩٥،ل٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەسندتریشە [،] لە هەموویش سەخت و ئاڵۆزتر وەرگێڕانی هۆنراوەیە ، چونکە پێویست بەوە دەکات چێژ و زەوق لە هەڵبەستەکە وەربگرێت و ، وەرگێڕ قەریحەی کراوە بێت ... "[٢]

هەروەك لە سەرەتای ئەم باسەدا گوترا ، وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی بە سەر دوو بەشی زارەکی و نووسراو دا دابەش دەکرێت . " وەرگێڕانی زارەکی (interpretation) بریتییە لە وەرگێڕاندنی وتەیەك لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ سەر زمانی مەبەست و دیارە وەرگێڕانی نووسراویش پەیوەندی بە نووسین و وەرگێڕاندنی نووسراوەیەك لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ سەر زمانی مەبەست هەیە ."[٣]

نووسین و قسەکردن دوو ئامرازی گواستنەوەی پەیامن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە . مەرج نیە کە

[٢] مەجید ئاسنگەر، رۆڵی وەرگێڕان لە ژیانی سەردەمدا، رامان، ژمارە ٣٧ ،٥ی‌تەممووزی ١٩٩٩، ل ٥

[٣] کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، ل ٩ و ١٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕانەکە بە نووسین بوو ، ئەو بابەتەش کە وەریدەگێڕین هەر نووسراو بێت ، چونکە دەکرێ بابەتەکە زارەکی بێت و بە نووسین وەریبگێڕین . پێچەوانەی ئەمەش هەیە . دەکرێ دەقێکی نووسراو بە شێوەی زارەکی وەربگێڕدرێت . مەبەست ئەوەیە ئێمە لەم چوار ڕێگەیەمان زیاتر نیە :

"ئەلف – وەرگێڕاندنی وتەیەك لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ وتەیەك لە زمانی مەبەستدا

ب – وەرگێڕاندنی وتەیەك لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ نووسراوەیەك لە زمانی مەبەستدا

پ – وەرگێڕاندنی نووسراوەیەك لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ وتەیەك لە زمانی مەبەستدا

ت – وەرگێڕاندنی نووسراوەیەك لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ نووسراوەیەك لە زمانی مەبەستدا

جۆرەکانی ئەلف و ب ، بە لەبەر چاوگرتنی جۆری ئەلف وەك جۆری سەرەکی نیشاندەری وەرگێڕانی زارەکییە و جۆرەکانی پ و ت وەك جۆری سەرەکی نیشاندەری وەرگێڕانی نووسراوەییە . هەر کام لەم جۆرە وەرگێڕانە بنەڕەتییانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

سەرەوە تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە و لەگەڵ جۆرەکانی دیکە دا لایەنی وەك یەك و جیاوازیان هەیە . "[١]

## وەرگێڕانی زارەکی

وەك لە باسەکانی لەمەوپێشیش دا ئاماژەی پێکرا ، وەرگێڕانی زارەکی بریتیە لە " وەرگێڕانی وتەیەك لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ سەر وتەیەك لە زمانی مەبەستدا ، بە جۆرێك لە کاریگەریی ئەو وتەیە لەسەر گوێگری زمانی بنەڕەتی بگوێزرێتەوە بۆ گوێگری زمانی مەبەست " ئەم جۆرە وەرگێڕانە ، گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە ، هەر وەها لە باری ئەرك و شوێنی بەکارهێنانیشەوە ، جیاوازیی هەیە لە گەڵ وەرگێڕانی بە نووسراوە . لە وەرگێڕانی زارەکیدا لە جیاتی کەلك لە نووسین و کاغەز وەربگیرێ بۆ گواستنەوەی نێوەرۆك و مەبەستی دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ، لە قسەکردن کەلك وەردەگیرێ . وەرگێڕ ئەو دەقەی مەبەستیەتی

---

[١] کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، ل ١٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

، یا ئەو قسەیەی دەیبیسێ ، یا تێکستێك کە دەدرێتە دەستی ، دەم و دەست (خێرا) و بە شێوەیەکی زیندوو و راستەوخۆ تەرجەمەی دەکا بۆ سەر زمانی مەبەست و، تەرجەمەکەش بە دەنگ دەردەبڕێ .

ئەم جۆرە وەرگێڕانە کە ئینگلیزەکان وشەی interpretation ی بۆ بەکار دەهێنن [٢] ، لە عەرەبیدا "الترجمه الشفویه" و لە فارسیدا "ترجمه شفاهی" و لە کوردییشدا وەرگێڕانی زاری پێدەگوترێ . لەم جۆرە وەرگێڕانە ، بۆ زۆر کاروباری ئاسایی کە پێوەندیی بە ژیانی رۆژانەوە هەبێ ، کڕین و فرۆشتن و کاروباری بازرگانی ، پێوەندی پێکهێنان لە نێوان دوو لایەن کە پێویستیان پێكهەیە (وەك دوکتور و نەخۆش و هتد) کەلك وەردەگیرێ .

وەرگێڕانی زاری لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەکانی جیهان بە تایبەتی کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا

[٢] ئەحمەد حەیران، ئاوڕدانەوەیەك لە نووسینەکانی خوالێخۆشبوو غازی فاتیح وەیس لە بارەی وەرگێڕانەوە،رامان،ژمارە ٣٧، ٥ی تەممووزی١٩٩٩،ل٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

، کەلکی زۆری لێ وەردەگیرێ ، هەر لە کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسی ، کەلتووری‌یەوە بگرە هەتا ئابووری ، زانستی و هتد . لەم جۆرە کۆبوونەوانەدا کە بەشداران زمانی جۆراوجۆریان هەیە و هەرکامێك سەر بە نەتەوە و زمانی جیاوازن ، پێویستە دەستبەجێ لە وتار و قسەی یەکتر تێبگەن . ئەم پێویستی‌یەش بە هۆی وەرگێڕانی زارەکی دابین دەکرێ .

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەردەوام کۆڕ و کۆبوونەوەی نێودەوڵەتیی لە بواری جۆراوجۆردا پێكدێنێ و، لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی‌دا لە ٦ زمانی ڕەسمی ( عەرەبی ، ئینگلیزی ، ڕووسی ، ئیسپانیایی ، فەرانسەیی و چینی ) کەلك وەردەگرێ ، لە بنکەکەی خۆی‌دا لە نیۆیۆرك ١١٥ شوێنی تایبەتی بۆ وەرگێڕە زارەکی‌یەکان هەیە . لە بنکەی ژنێڤیش ٩٠ شوێن و نزیکەی ١٤ تا ٢٠ شوێنی دیکە لە بەڕێوەبەرێتی و بەشەکانی دیکەی ئەم ڕێکخراوەدا بۆ تەرجەمەی زارەکی هەیە . ئەم شوێنانە تەرخان کراون بۆ کەسانێك کە هیچ کارێکی دیکەیان بێجگە لە وەرگێڕانی زارەکی نیە . کاتێك وێژەرێك یا قسەکەرێك دەدوێ ، ئەم وەرگێڕە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زارەکییانە قسەکان تەرجەمە دەکەنەوە سەر یەکێك لە ٦ زمانە رەسمی‌یەکەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ." [٣]

## وەرگێڕانی زارەکی دوو جۆری سەرەکیی هەیە :

ئەلف – وەرگێڕانی هاوکات Simultaneous

ب – وەرگێڕانی ناهاوکات ( متوالی ) Consequtive

" لە وەرگێڕانی زارەکیی هاوکاتدا ، وەرگێڕ لە رێگای تێگەیشتن لە یەك یان چەند وشەی سەرەتای وتەی زمانی بنەڕەتیەوە ، دەست دەکا بە وەرگێڕان و چرکە ساتێك دوای تەواوبوونی وتەکە لە زمانی بنەڕەتدا ئەو بەشە کۆتایی پێدێنێ . لە وەرگێڕانی زارەکیی ناهاوکات یان دوابەدوا دا بە شێك لە وتەکە ، کە زۆرجار زیاتر لە رستەیەکە ، لە وتەی

---

[٣] مونیك کورینگتۆن(بەڕێوەبەری بەشی وەرگێڕانی زارەکیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان)،"عاقبت در ترجمه ماشین جایگزین انسان خواهد شد"،رۆژنامەی "همشهری" ژمارە ٢١٠٤ ، ٢٩ی ئاوریلی ٢٠٠، ل ١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانی بنەڕەت دادەبڕێ و وەرگێڕ پاش تێگەیشتن لەم بەشە ، لە کاتی وچانی بێژەرەکە دا، ئەو بەشە بۆ گوێگر یان گوێگرەکان تەرجەمە دەکاتەوە. "[١]

هەرچی سەردەم دەچێتەپێشتر ، کاروبارەکانی ژیانی پێویستیان بە خێرایی پتر دەبێت . هەر ئەمەشە وای کردوە لە نێوان وەرگێڕانی زارەکیی هاوکات و وەرگێڕانی زارەکیی ناهاوکات دا ، خوازیاری جۆری یەکەم لەم سەردەمەدا ، پتر بێت . "مونیك کوروینگتون"، بەڕێوەبەری بەشی وەرگێڕانی زارەکیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێ:

خێرایی وەرگێڕان ، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گرنگیی پێدەدرێ ، بە بڕوای من هێندێك جار چاوەڕوانیی شتی نەگونجاویان لە وەرگێڕەکان هەیە ، هۆیەك بۆ داواکردنی خێرایی زیاتر کێشە ئابووریەکان و هۆیەکەی دیکە، پەلەپەلی خەڵك لەم سەردەمە داە ... ڕادەی کاری ئێمە لە بواری وەرگێڕانی ناهاوکات (متوالی)دا ، ڕۆژبە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە .

---

[١] کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، ل ١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێك لە هۆیەکانیش ئەمەیە کە ژمارەیەکی کەمتر ، وەرگێڕ بۆ ئەم کارە پەروەردە دەکرێن . داواکارانی وەرگێڕانی زارەکیی ناهاوکات کەمن ، چونکە هەر کۆبوونەوەیەك کە ئەم جۆرە وەرگێڕانەی تێدا بەکار بهێنرێ ، کاتەکەی دووقات دەخایەنێ ".[٢]

ئەگەرچی نکۆڵی لێ ناکرێ کە مرۆڤی ئەم سەردەمە و سروشتی ژیان لە سەردەمی ئێستادا ، لەگەڵ ئەو شتانە دان کە کاتی کەمتریان بوێت و لەباری ئابووری‌یەوە بە قازانجترن ، بەم حاڵەشەوە کەلکوەرگرتن لە وەرگێڕانی زارەکیی هاوکات بۆ هەموو جێیەك و لە هەموو کاتێك دا دەست نادات . نزیکی یا دوور بوونی جۆری داڕشتنی وشەکان لە نێوان ئەو دوو زمانەدا کە وەرگێڕ کاری وەرگێڕانیان لە نێواندا دەکا ، ڕۆڵی خۆی هەیە لە کەلکوەرگرتن یا کەلکوەرنەگرتن لەم جۆرە وەرگێڕانە زارەکی‌یە :

---

[٢] مونیك کورینگتۆن(بەڕێوەبەری بەشی وەرگێڕانی زارەکی ڕێمخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان)،"عاقبت در ترجمە ماشین جایگزین انسان خواهد شد"،ڕۆژنامەی "همشهری" ژمارە ٢١٠٤ ، ٢٩ی ئاوریلی ٢٠٠، ل ١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

"بەکارهێنانی وەرگێڕانی هاوکات بەستراوەتەوە بە داڕشتنی وشەکان (word order)ی دوو زمانی بنەڕەتی و مەبەستەوە .

بۆ تێگەیشتنی باشتر لە بابەتەکە دەتوانین نموونەیەك لە زمانی ئینگلیزی و فارسی (*) وەك زمانی بنەڕەتی و مەبەست بێنینەوە: زمانی ئینگلیزی خاوەن شێوەداڕشتنێکی بنەڕەتی SVO یە . بەم جۆرە کە لە پێکهاتەی باوی رستە ئینگلیزییەکاندا ، سەرەتا بکەر (S)، پاشان کار (V) و دوایی بەرکار (O) دەنووسرێن I hit the boy (SVO) بە بەراوردکردنی داڕشتنی بنەڕەتی رستە ئینگلیزییەکان لە گەڵ رستە فارسییەکاندا کە خاوەنی داڕشتنی (SVO) ن ، دەبینین کە بۆ وەرگێڕانی رستەیەکی سادەی وەك ئەو نموونەیەی سەرەوە بۆ سەر زمانی فارسی ، پێویستە وەرگێڕ هەموو رستە ئینگلیزییەکە ، وەربگرێ ، مەگەر بیەوێ وەرگێڕانێکی وشە بە

(*)زمانی کوردییش لە داڕشتنی وشەکانی رستەدا، وەك زمانی فارسی‌یە، لە پێشدا بکەر (S) دێت، دوایە بەرکار(O) ، پاشان کار(کردار) (V) **(توێژەر)**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشە پێشکەش بکات کە دەبێ لە چوارچێوەی پێکهاتەی زمانی بنەڕەتیدابێ .

بەم شێوەیە دەبینین کە وەرگێڕانی زارەکی لە بەشێکی زۆری زمانە بنەڕەتییەکانەوە بۆ سەربەشێکی زۆری زمانە مەبەستەکان ، تەنیا دەکرێ لە چوارچێوەی وەرگێڕانی زارەکی ناهاوکاتدا بێت "[١]

"کات" لە وەرگێڕانی زارەکیدا رولێکی سەرەکیی هەیە . کات هۆکاری جیاکەرەوەی وەرگێڕانی زارەکی لە وەرگێڕانی بە نووسینە . هەر ئەمەش پێویست دەکا لە سەر وەرگێڕی زارەکی کە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەبن تا بتوانێ لە عۆدەی ئەم کارە بێتەدەر . لە وەرگیڕانی نووسراودا ، وەرگێڕ هەم کاتی زۆری بە دەستەوەیە و ، بە شێنەیی دەتوانێ کارەکەی بکا ، هەم لە هۆکاری یارمەتیدەری وەك فەرهەنگ دەتوانێ کەلك وەربگرێ بۆ ئەوەی بەرهەمی کارەکەی هەرچی باشتر بێ . بەڵام لە وەرگێڕانی زارەکیدا دەبێ جگە لە زانینی

[١] کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، ل ١١ و ١٢

هەر دوو زمان زۆر بە باشی ، زۆر توندوتۆڵ و خێرا بێ لە دارشتنەوەی ئەو پەیام یا مەبەستەدا کە وەریدەگێڕێ . هەر لەو کاتەدا دەبێ هێمن بێت ، بڕوای بە خۆی هەبێت و بەسەر خۆیدا زاڵ بێت ، چونکە زۆرجار کاری وەرگێڕان لە پشت میکرۆفۆن و لە بەرچاوی خەڵکی دیکە دەکا . نابێ تووشی ترس و دڵەکوتە و شڵەژان بێت . دەبێ زۆر بە زەین بێت ، لەگەڵ زۆر لە بوارە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان ئاشنا بێت ، دەنگی باشی هەبێ و بتوانێ وتار بدا ، بەسەر گوشاری دەروونیی خۆیدا زاڵ بێ . شارەزایی لە کەلتووری ئەو نەتەوەیە هەبێ کە بابەت لە زمانەکەی وەردەگێڕێ و ، وردەکاریی نێو ئەو زمانانە بناسێ کە کاری وەرگێڕانیان لە نێوان دا دەکا . بۆ وێنە ئەندی پێشینیان ، قسەی نەستەق و هتد بزانێ . توانایەکی بەرزی بۆ فێربوون و بەرەوپێشچوون هەبێ . لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا بتوانێ راوێژ و حاڵەتەکانی ئاخێوەر(قسەکەر) وەك شادی ، نارەحەتی ، توورەیی و ... ، رابگوێزێ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وەرگێڕانی بە نووسراوە

ئەگەر بمانەوێ وەرگێڕانی نووسراو بە پێی ئەو بوار و بابەتانە پۆلێن بکەین کە وەردەگێڕدرێن ، پۆلێن کردنەکە زۆر بە زەحمەت دەبێ ، چونکە هیچ سنوورێك بۆ وەرگێڕانی نووسراو نیە . هەر لە کۆنەوە وەرگێڕانی بە نووسین هەموو بوارەکان (ئەدەب ، فەلسەفە ، ئایین ، زانست ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، مێژوو و هتد)ی گرتۆتەوە . هەر بۆیە شارەزایان ئەم جۆرە وەرگێڕانەیان بە پێی "پێوەری وەرگێڕان" یا جۆری راگواستنی واتا ، پۆلێن کردوە.

"پێوەری وەرگێڕان" پارچەیەك لەو دەقەیە کە وەرگێڕ وەریدەگێڕێتەوە و دەیکا بە پێوەرێك بۆ دۆزینەوەی هاوواتا . پێوەری وەرگێڕان دەکرێ وشە ، رستە ، یان دەستەواژە بێت .[٢]

"درایدێن" Dryden شاعیری ئینگلیزی (١٦٨٠) وەرگێڕانی کردوە بە سێ بەش :

---

[٢] کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، ل ١٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١ – Metaphras کە وشە لە جیاتی وشە و دەستەواژە (عبارت) لە جیاتی دەستەواژە تەرجەمە دەکرێ

٢ – para phrase ، وەرگێڕانێك کە وەرگێڕ تەنیا کاکڵی دەقە ئەسلییەکەی مەبەستە و هێندێك جاریش بۆ ئەوەی واتاکەی راشکاوانەتر بێ ، لێکدانەوەی خۆشی دەخاتە سەر .

٣ – Imitation کە وەرگێڕ، نە بە کاکڵ و نێوەرۆکەکە وەفادارە و نە بە وشەکان ، بەڵکوو تەنیا بۆ پاراستنی "واتای گشتیی بابەتەکە" ئەویش بەو جۆرە کە خۆی تێیگەیشتوە، هەرچی پێی خۆشە لەگەڵ دەقەکە دەیکا[1] .

ئەوەکە وەرگێڕ کەلك لە کام یەك لەو پێوەرانەی وەرگێڕان وەربگرێ باشترە ، بەستراوەتەوە بە جۆری دەق ، دیارە ئەم سێ جۆرە وەرگێڕانەی درایدێنیش ئاماژەی پێکردوون ، لە خۆڕانیە . هەر سێ جۆرەکە ( Metaphrase ،

---

[1] تاهیرە سەففارزادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل ٢١

Para phrase ، Imitation ) لە رابردوودا برەویان هەبووە . لە رۆژگاری ئەمڕۆش دا ، جۆری یەکەم زیاتر و ئەوانیتر کەمتر بەرچاو دەکەون .

ماموستا محەممەدی مەلا کەریم لە وەلامی ئەم پرسیارەدا کە " چ جۆرە وەرگێڕانێك و کام تیکنیکی وەرگێڕان بە باش دەزانی ، حەرفی ، رستە بە رستە یا واتایی ؟ " دەڵێ : " بە پێی بابەت دەگۆڕێ . بۆ نموونە لە وەرگێڕانی دەنگوباسدا یا لە وەرگێڕانێك[کە] بۆ شارەزا کردنی خەڵکی هەرەمە بێ لە بابەتی وەك رێپیشاندانی کشتوکاڵ ، وەرگێڕان دەبێ هەر واتایی بێ و لەوە بەو لاوە کات بە فیڕۆدان و گران کردنی ئەرکی سەرشانە. بۆ وەرگێڕیش و بۆ خوانایش . لە بابەتێکیشدا کە بتەوێ دەقی وەرگێڕدراوەکە پێشکەش بکەی وەك وەرگێڕانی ئایەتێکی قورئان یا تێکستێکی قانوونی دەبێ وشە بە وشە و جارجار رستە بە رستە بێ . لە بابەتی وایشدا کە هەم تێگەیاندنی ئاسان و هەم خۆ بەستنەوە بە دەقی وەرگێڕدراویشەوە مەبەست بێ ، دەبێ پارچە بە پارچە یا رستە بە رستە بێ . بەلام لە هەموو حالێکا خۆ بەستنەوە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاوڕەسمی زمانی کوردییەوە مەرجێکە نابێ پشتگوێ بخرێ . "[٢]

بەڵام مامۆستا ئیبراهیمی یونسی پێی وایە : " وەرگێڕانی واتا زۆرتر بۆ ڕۆمان دەشێ ، ئەویتریان (وشە بە وشە) زیاتر بازرگانییە . بەمە دەڵێن Litrotranstion کە زیاتر پارەکەی لە بەر چاوە . یان وەرگێڕانی وەزارەتی دەرەوە کە مەسەلەن بەڵێننامە دێنێتەگۆڕێ و وەریدەگێڕێ ، چونکە بەرپرسیارەتی تێدایە . وەرگێڕانی ڕۆمان زیاتر وەرگێڕانی واتاکەیە ، واتا کابرا شتێکی نووسیوە تۆ وای وەرگێڕی و بنووسی وەك ئەوەی خۆت نووسیبێتت . "[٣]

لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا ، وەرگێڕ لە بەرامبەر هەر وشەیەکی زمانی بنەڕەت (مبداء) وشەیەك لە زمانی مەبەست دادەنێت . دیارە ئەگەر پێکهاتە یا داڕشتنی ڕستە لە هەردوو

---

[٢] محەممەدی مەلاکەریم، دیالۆگ، لاپەڕەکانی ٤٨٧ ، ٤٨٨

[٣] ئیبراهیمی یونسی، "لە کاری وەرگێڕاندا یان هەر دوو زمانەکە دەزانی یان نایزانی" ، ڕامان، ژمارە ٣٧ ، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩، ل ٨٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانەکەدا لێك نزیك بن ، بۆ وێنە هەڵکەوتی V وO و S لە هەردووکیان دا بەم شێوەیە بێت S+O+V ، رەنگە وەرگێڕانەکە یا رادەیەکیش مانا و واتای خۆی بگەیەنێت . بەڵام لە هەر حاڵدا ئەم جۆرە وەرگێڕانە ، بە وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو دانانرێ . چونکە وشەکانی پێکهێنەری رستەیەك لە هەر زمانێكدا پێوەندییەکی قانوونمەند و زۆر زیندوویان لەگەل یەکتردا هەیە و گۆڕینی ئەم وشانە ، بە هاوتای خۆیان لە زمانی مەبەستدا ، ئەم پێوەندییە زیندوو و پتەوی نیچوان ئەوان دەکوژێت ، ئەگەر پێکهاتەی رێزمانیی زمانی بنەڕەتیش لە زمانی مەبەست دوور بێت ، ئەوا لە وەرگێڕانی وشەبەوشە دا پێکهاتەی رێزمانیی زمانە بنەڕەتەکە ، خۆی بە سەر زمانی مەبەستدا دەسەپێنێ ، بۆ نموونە بڕواننە ئەم رستەیە لە ئینگلیزیدا He gave me a book to read .

کە وەرگێڕانی وشە بە وشەی بۆ سەر زمانی کوردی بەم جۆرەی لێ دێ :

ئەو دای بە من کتێبێك بۆ خوێندنەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام ئەگەر بە گوێرەی ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی دایبڕێژینەوە ، دەبێتە :

کتێبێکی دامێ بۆ خوێندنەوە.[٤]

زۆر لە شارەزایانی بواری وەرگێڕان ، ئەو وەرگێڕانانە بە باش دەزانن کە لە " وەرگێڕان" (ترجمە) نەچن گومانی تێدا نیە کە وەرگێڕانی وشە بە وشە دەستبەجێ وەرگێڕدراو بوونی خۆی دەردەخا . واتە لە خۆی لە هەرا دەدا . چونکە خوێنەر زوو هەست دەکا کە لە ئاخاوتنی ئاسایی زمانی مەبەستدا ، وشەکان بەم شێوە نائاساییە ناکەونە دوای یەکتر . واتە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە دا هەم دەربڕین نارێکوپێك دەبێ و ، گرێ و گۆڵی زۆری تێدەکەوێ ، هەم واتا و پەیام بە ڕوونی خۆبەدەستەوە نادەن . هەر لەبەر ئەم جۆرە کەم و کورتیانەشە کە "ئابراهام کۆلی" شاعیری ئینگلیزیی سەدەی

[٤] کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، ل ١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەڤدەیەم گوتویەتی : " وەرگێڕانی وشەبەوشە یان دێر بە دێڕ ، وەك ئەوە وایە شێتێك قسەی شێتێكی دیكە بگێڕێتەوە . "[1]

بەڵام لە وەرگێڕانی رستەدا ، وەرگێڕ رستەیەك لە دەقەكە (لە زمانی بنەڕەتدا) دەخوێنێتەوە . پاشان واتای ئەو رستەیە بە گوێرەی رێزمانی زمانی مەبەست دادەرێژێتەوە . " بەم جۆرە هەریەك لە رستەكانی دەقی زمانە سەرەكیەكە بە پاراستنی واتای یەكە بە یەكەی وشەكان وەردەگێڕێتەوە بۆ رستەیەك لە زمانی مەبەستدا ، لەم قۆناغەدا دەستەواژە یان پەرەگراف دەبنە پێوەری وەرگێڕان . لە قۆناغێكی وەهادا پەیامی دەقی زمانی سەرەكی لە چوارچێوەی كۆمەڵە رستەیەكی زمانی مەبەستدا پێشكەش دەكا . لەم وەرگێڕانەدا كەم و زیاد كردن بەوپەڕی خۆی دەگا . "[2]

بە گشتی ئەگەرچی هێندێك كەس بۆ وەرگێڕانی دەقی ئایینی و قانوونی و حوقووقی، وەرگێڕانی وشە بە وشە بە گونجاو

---

[1] تاهیرەی سەففارزادە، بنچینەكانی وەرگێڕان، ل ٦٣

[2] كورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، ل ١٦

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانن ، بەڵام لە سەر یەك زۆربەی ئەوانەی لە جۆرەكانی وەرگێڕان دواون، وەرگێڕانی رستەبەرستە بە سەركەوتووتر لە وەرگێڕانی وشەبەوشە دەزانن. وەرگێڕی بە توانای كورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەڵێ: "هەمیشە سەعیم كردوە لە نێو كاری تەرجەمەدا دوو كاران بكەم : یەكەم ئەوە بووە كە ئەو مەتڵەبە بە زمانی كوردی چۆن دەگوترێ وای بڵێم ... نەك بێنم كەلیمەكان مەعنا بكەم، یەك كەلیمەی فارسی یا عەرەبی بێنم، كوردیيەكەی لە جێ دابنێم . بەڵكوو [هەوڵ دەدەم] بزانم ئەو جوملەیە بە كوردی چۆن دەگوترێ. دووهەم ئەوە بووە هەوڵم داوە زۆر سەریع(دیارە ئاسانیش نیە) خۆم لە جێی ئەو كەسە دانێم كە قسەكان دەكا ... "[٣]

## وەرگێڕانی شیكاری

[٣] عەبدوللا حەسەن زادە لە وتووێژێكی بڵاو نەكراوە لە گەڵ كەماڵ مەریوانیدا، ساڵی ٢٠٠٢

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پۆلێن کردنێکی دیکەی وەرگێڕان ئەوەیە کە برانیسلاو ملیناڤیسکی ئەنترۆپۆلۆژیستی بە ئەسل پۆلۆنی کردوویەتی کە ماوەیەك لە دوورگەکانی ترۆبریاند لە گینەی نوێ دا ژیاوە و هەوڵی داوە کولتووری خەڵکی ئەو دوورگانە بە جۆرێك بۆ نێو کەلتووره ئورووپاییەکان بگوازێتەوە . ئەو دەیەویست میتۆدێك بۆ گواستنەوەی ئاخاوتنی خەڵکی دوورگەکانی ترۆبریاند بۆ نێو زمانی ئینگلیزی هەڵبژێرێت کە ببێتە هۆی ئەوە خەڵکی ئینگلیزی زمانیش وەك خەڵکی ترۆبریاند لە بابەتەکە تێبگەن .

" ئەو پاش ماوەیەك بیر کردنەوە سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشت کە بە گشتی سێ ڕێگای لەبەر دەمدایە : وەرگێڕانی سەربەست، وەرگێڕانی دەقاودەق( وشەبەوشە)، و وەرگێڕانی شیکاری... ملیناڤیسکی ڕێگای سێهەم واتە وەرگێڕانی شیکاریی هەڵبژارد. ئەو پەی بەوە برد کە خوێنەر لە ڕێگای شیکارییەوە دەتوانێت لە ئاڵۆزترین و دژوارترین

ئەندیشەکان تێبگات. هەر بۆیە ئەم شیکارییەی لێ زیاد کرد و رێبازێکی نوێی لە مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیا دا هێنایە کایەوە[١]. "

## " گوتار " وەك پێوەرێکی وەرگێڕان

ئەو باسە نوێیانەی لە بارەی " گوتار"ەوە نووسراون، نەك هەر لەگەڵ وەرگێڕانی وشە بە وشە دا نین، بەڵکوو وەرگێڕان لە چوارچێوەی رستەش دا پەسند ناکەن. ئەم جۆرە باسانە لەگەڵ ئەوە دان کە لە جیاتی "رستە" ، "گوتار" دەبێ ببێتە پێوەری وەرگێڕان.

"گوتار" (Discourse) بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسەکراوە، نێوەرۆکی هاوبەشی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە گوتار ئاستێکی گەورەتر لە رستە دەگرێتەوە. هەروەها کە بە سوود وەرگرتن لە یاساکانی زمان دەتوانین ناوی ئاوێتە، دەستەواژە، برگە و رستە دروست بکەین، یاساکانی گوتاریش یارمەتیمان دەدەن کە رستەکان بە جۆری دەربڕین کە

---

[١] عەلی سولحجو، گوتارو وەرگێڕان، ل

پێوەندییان پێکەوە هەبێت، بە چەشنێك کە گوێگر یا خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی لە رستەیەکەوە بۆ رستەیەکی دیکە بچێت. رێساکانی گوتار دەبنە هۆی ئەوەی کە رستەکانی نێو پەرەگراف پەیوەندییەکی پتەو و لۆژیکییان پێکەوە هەبێت و پەرەگراف پتەو و یەکپارچە بێت. رێساکانی گوتار یارمەتیمان دەدەن کە بتوانین بە شێوەیەکی لۆژیکییانە پەرەگرافەکان بە دوای یەکدا ریز بکەین و سەرەنجام دەقێك بێنینە کایەوە کە یەکپارچە و رێکوپێك بێت. هەڵبەت تەواوی ئەو شتانە لەبەر ئەوەیە کە پەیامەکە کاریگەرتر بێت ..."[٢]

هۆی گرنگیدران بە "گوتار" لە لایەن نووسەرانی ئەم باسە نوێیانەوە، ئەوەیە کە گوتار، تا دواساتەکان، واتە تا ئەوکاتەی دەق کامڵ دەبێت، خویچنەری لە بەر چاوە. دیارە شانبەشانی ورد بوونەوە لەم خاسیەتەی"گوتار" پێویستە جیاوازی و پێوەندیی نێوان "دەق" و "گوتار" دەستنیشان بکەین.

[٢] عەلی سولحجو ، گوتار و وەرگێڕان ، ل ١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"گوتار" بریتییە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و داڕێژرانی دەق — چ دەقی نووسراو یان دەقی زارەکی — لە لایەن بەرهەمهێنەر لە لایەکەوە و ڕەوتی تێگەیشتنی دەق لە لایەن خوێنەر لە لایەکیترەوە ... نابێت گوتار و دەق پێکەوە تێکەڵ بکرێن. گوتار لە کۆمەڵێك توخم و ئامراز و مەرج پێكدێ و، ئەگەر یەك بگرن دەق دروست دەبێ. بە دەربڕینێکی دیکە، گوتار پرۆسەیە و دەق بەرهەمەکەیەتی. گوتار دوور لە گەشەیە و دەق وەستاوە. ڕەوتی گوتار تا دواساتەکان، واتە تا کامڵبوونی دەق هەموو ساتێك خوێنەری لە بەر چاوە، گوتار بە بێ خوێنەر پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێت.[٣]

## وەرگێڕانی ماشێنی

( وەرگێڕان بە هۆی کۆمپیوتێرەوە )

پێشکەوتنی تیکنیك و ئامرازەکان لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە خێراتر بوونی ڕەوتی ژیانی مرۆڤ لەم

---

[٣] هەمان سەرچاوە . ل ١٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەردەمەدا کە سەردەمی خێراییەیە، بووە بە هۆی ئەوە جۆرێکی تازە لە وەرگێڕان سەر هەڵبدا، ئەویش وەرگێڕان بە هۆی کۆمپیۆتێرەوە .

وەرگێڕان بە هۆی کۆمپیۆتێرەوە یا وەرگێڕانی ماشێنی ئەوەیە کە کۆمپیۆتێر بە پێی ئەو پرۆگرامە تایبەتییانەی پێشتر ئامادە کراون و پێی دراون، کاری وەرگێڕان دەکا.شتێکی ئاشکراشە کە گەیشتنی مرۆڤ بەم قۆناغە لە پێشکەوتن، شتێکی کتوپڕ و لە نەکاو نەبووە، بەڵکوو ماوەیەکی زەمانیی خایاندوە. دەشێ هەنگاوە یەکەمەکان لە پێشکەوتنەدا بریتی بووبێ لە دانی وشەیەك یا زاراوەیەك بە نووسین بە کۆمپیوتێر و، وەرگرتنەوەی شەرح یا واتاکەی هەر بەو زمانە . پاشان هەر بە نووسین دەستەواژەی پێدراوە و واتای ئەم دەستەواژەیەی بە زمانێکی دیکە لێ داوا کراوە. ئینجا نۆبە گەیشتوە بە داواکردنی وەرگێڕانی رستە و پاشان دەق. بەڵام پێشکەوتنی تێکنیکی وەرگێڕان بە هۆی کۆمپیۆتێر لە رۆژگاری ئەمڕۆدا پێی ناوەتە قۆناغی بەرزتر، تا ئەو ئاستە کە دەتوانێ دەقێکی نووسراوی بێبدرێ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕدراوی دەقەکەی بە دەنگ لێوەربگرییەوە، یا بە دەنگ دەقێکی بۆ بخوێنیەوە، وەرگێڕدراوەکەی بە نووسین وەربگریەوە.

"کۆمپانیای NEC ڕایگەیاندوە کە یەکەم جۆری وەرگێڕە دەنگیەکانی خۆی کە کاری وەرگێڕانی دەنگ لە زمانی ژاپۆنیەوە بۆ زمانی چینی و بە پێچەوانەوە دەکەن، بەرهەم هێناوە. بە هۆی دەزگای PDA دەکرێ کەلك لەم وەرگێڕە وەربگیرێ. ئێستا ئەم ئامێرە دەتوانێ قسەی کەسی بەکارهێنەر ( کاربر) ، لە بواری سەفەردا وەربگێڕێ. ئەو بانکە زانیاریەی ئەم ئامێرە کەلکی لێوەردەگرێ ٥٠ هەزار وشەی ژاپۆنی و ٣٦ هەزار وشەی چینی هەیە."[١]

لەمە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە موتۆڕی دۆزینەوەی چەند زمانە داهێنراوە کە بە هۆی دەنگەوە کاردەکا، "سیستەمی Teragram ئەم ئیمکانەی بۆ " بەرکارهێنەر" پێك هێناوە کە بە دەنگ پرسیاری لێبکا و داوای ئەو

---

١ www.webrah.com/machin-translation. ژانویەی ٢٠٠٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوانەی لێ بکا کە لە ئینتێرنێتدا هەن و پێویستی پێیانە. ئەم سیستەمە لە سەر زمانی سروشتی وەك یەكێك لە تیکنیکەکانی خۆی کار دەکا. کردنی دەنگی مرۆڤ بە دەق و، گەڕان لە ئینتێرنێت بە یارمەتیی"AltaVista"(*) و، راگەیاندنی ئاکامی گەڕانەکە بە "بەکارهێنەر" بە هۆی دەنگەوە، کاری سەرەکیی ئەم سیستەمەیە.

ئەرکێکی دیکە کە دەکرێ بە هۆی ئەم سیستەمەوە جێبەجێ بکرێ، کەلك لێوەرگرتنی وەك بەڵەد یا چاوساغ (دلیل) بۆ هاتوچۆی نێو شارە. دەکرێ بە هۆی تەلەفۆن پێوەندی بە ناوەندێکی ئوتوماتیکییەوە بکەی و لە بارەی چوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کە کەمترین ترافیکی تێدابێ، زانیاری وەربگرێ."[٢]

سوودی پێشکەوتنی وەرگێڕانی ماشێنی تەنیا لە خێرایی و دەست پێوەگرتنی کات دا نیە، بەڵکوو لە جێگای

---

[٢] www.webrah.com/machin-translation. ژانویەی ٢٠٠٦

( * ) ماڵپەڕێکی ئینتێرنێتیی بە ناوبانگە، تایبەتە بە گەڕان و دۆزینەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەترسیدا دەتوانێ جێگای مرۆڤ بگرێتەوە و زیانی گیانییش کەم بکاتەوە، یەکێك لە پێویستیەکانی سەربازە ئەمریکاییەکان لە عێراق ، وەرگێڕان لە عەرەبیەوە بۆ ئینگلیسیە، بەڵام بە هۆی نائەمنبوونی ئەو وڵاتە ئەوانەی ئەم کارە دەکەن زۆر بە گران دەیکەن . هەر بۆیە پسپۆران ئێستا پرۆژەی بە کارهێنانی سیستەمەکانی وەرگێڕانی ماشێنی لە عێراقیان بە دەستەوەیە، بە تایبەتی ئەوانە کە دەنگ وەردەگێڕنە سەر دەنگ. هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی Darpa پێناسە کراون، یەکێك لەم پرۆژانە، وەرگێڕانی دەستەواژەیە کە بە phraselator ناودێر کراوە. ئەم پرۆژە دوو زمانەیە ئەم تواناییە دەدا بە ئامێری کۆمپیۆتێری کابرای بەکارهێنەر کە دەستەواژەکان لە عەرەبیەوە بۆ ئینگلیسی و لە ئینگلیسیەوە بۆ عەرەبی تەرجەمە بکا. دیارە ناشارەزایی سەربازە ئەمریکاییەکان لە گەڵ PDA (ئەو دەزگایەی ئەم سیستەمەی لە سەر جێگیر دەکرێ) ، یەکێك لە گرفتەکانی ئەم

پرۆژەیەیە. پێویستە بگوترێ لە ئەفغانستان هێزە ئەمریکایی‌یەکان لە گەڵ ئەم گرفتە بەرەوڕوون." [٥٦]

وەرگێڕانی ماشێنی رۆژ بە رۆژ زیاتر کەلکی لێ وەردەگیرێ و، لە پێشکەوتووترین پرۆژە زانستی‌یەکان دا بەکار دەهێنرێ. تازەترین بە کارهێنانی کەلك لێوەرگرتنی لە وێستگەیەکی فەزایی نێونەتەوەیی NASA دایە. موتۆر(مەکینە) یەکی رووسی تایبەت بە دۆزینەوە لە لایەن ناسا( رێکخراوی فەزایی ئەمریکا) بۆ وێستگەی فەزایی ئۆربیت بەڕێ دەکرێ. لەم سیستەمە بۆ پێوەندیی نێوان پسپۆرانی وێستگەی فەزایی کە بەشێکیان رووسین و بەشێکیان ئینگلیزی زمانن کەلك وەدەگیرێ. ئەم "وەرگێڕ"ە دەکرێ بۆ زمانەکانی ئەلمانی، ئینگلیزی و فەرانسەییش بەکار بهێنرێت. [٢]

خاتوو مونیك کوروینگتون بەڕێوەبەری بەشی وەرگێڕانی زارەکیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر ئەم باوەڕەیە کە "لە وەرگێڕاندا سەرەنجام ماشێن

---

[56] www.EcontentMag.com

[٢] هەمان سەرچاوە

(کۆمپیۆتێر) جێگای مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەو خاتوونو ساڵی ٢٠٠٠ لە زمانی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری کۆمپیۆتێرەکانی تایبەت بە زمان رایگەیاند کە تا ساڵی ٢٠٠٥ ، وەرگێڕانی بە نووسراوە، تەنانەت ئەگەر زۆریش ئاڵۆز بن، بە هاسانی بە کامپیۆتێر ئەنجام دەدرێن، بەڵام لە بارەی وەرگێڕانی زارەکییەوە گوتی لانی کەم تا ساڵی ٢٠٢٥ گۆڕانێکی بەرچاو روونادا. بەو حاڵەش ئەم گۆڕانە هەر روودەدا، بەڵام رەنگە دیاریکردنی ساڵی ٢٠٢٥ بۆ ئەم مەبەستە گەشبینانە نەبێ.[٣]

## وەرگێڕان بە گوێرەی جۆری دەق

جۆری دەق هەم لە باری رووخسارەوە، هەم لە باری نێوەرۆکەوە کاریگەریی هەیە لە سەر وەرگێڕان. واتە هەر جۆرە دەقێك، جۆرێك توانا و شارەزایی لە وەرگێڕ دەخوازێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم راستییە کە دەق بە گوێرەی فۆرم

---

[٣] مونیك کوروینگتۆن،"عاقبت در ترجمه ماشین جایگزین انسان خواهد شد"،رۆژنامەی "همشهری" ژمارە ٢١٠٤ ، ٢٩ی ئاوریلی ٢٠٠٠، ل ١١

و نێوەرۆکەکەی، دەبێتە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی. ئەم تایبەتمەندییانە، دەقەکان لێك جیادەکەنەوە و هەرکام لە وان کەسی تایبەت بە خۆیان پێویستە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین دەق دابەش بکەینە سەر دوو دەستە: یەکەم: شێعر، دووهەم: پەخشان. "پەخشان کارێکی ئەدەبییە، ناچێتە ژێرباری هەمان دەستووری شێعرەوە ، دەکرێ بوترێت کە کێش و سەروا لە دەقێك داماڵرێت، چەخشان دەمێنێتەوە. بە پێی[پێناسەی عەلائەدین] سەجادی، واتە:

هۆنراوە = سۆز + هەست+ کێش + سەروا

پەخشان[=] هۆش + هەست

... دەکرێ بڵێین پەخشان و شێعر [دەبێ] وەکوو دوو جەمسەری زمان سەیر بکرێت. زمانی پەخشان هەموو لێکدانەوە و راڤە کردن و روونکردنەوەیەکی زانستی دەگرێتە خۆی.

زمانی شێعریش ئەو زمانەیە تا پێی دەکرێ بە وێنە، بەرەمز، بە هێمای جۆراوجۆر، خاوەنەکەی تەعبیر لە خۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکات. زمانی پەخشان ئاراستەکەی بەرەو دەرەوەی خۆیەتی، واتە دەستنیشانی مەرجەعییەت دەکات کە لە دەرەوەی خۆیدایە، لە کاتێکدا، زمانی شیعری ئاراستەکەی بەرەو ناوەوەی خۆیەتی." [١]

ئەمەی لەم گوتەیەی سەرەوەدا ،"وەك هۆش" ئاماژەی پێکرا و گوترا کە زمانی پەخشان ، لێکدانەوە، راڤەکردن و روونکردنەوەی زانستییە، "نیشاندەری" زاڵبوونی دنیای لۆژیك لە پەخشان دایە: " پەخشان و شیعر دوو شتی جیاوازن و لە سەردەمی دیاریکراوی خۆیاندا چاویان کراوەتەوە، ئەگەر باس لە مەنتیقی شیعر و مۆسیقای داخلی دەکەین ئەمانە دەتوانن لە پەخشانیشدا [پەخشانی ئەدەبی]دا هەبن. لە دارشتنی دەقی پەخشاندا ، لۆژیك زەقتر دەنوێنێ و خۆی دەردەخا، لە دنیای هۆنراوەدا کاڵ و

---

[١] ئەحمەدی مەلا، شیعرتەنها هەر بنەمایە(لێکۆڵینەوەی رەخنەیی)،گۆڤاری پەیڤین، ژمارە ١٥، مارسی ٢٠٠٤ ، ل ١٢و١٣

کەمرەنگتر." [٢] هەر ئەمانە وامان لێدەکەن بە جیا لە وەرگێڕانی هەر کامیان بدوێین.

## وەرگێڕانی شێعر

رەزا بەراهەنی، رەخنەگر، چیرۆکنووس و شاعیری ئێرانی لە کتێبی"چیرۆکنووسی"دا دەڵێ: لە شێعردا فۆرم لە نێوەرۆك جودایە، هەر بۆیە ناتوانین دیعایەی ئەوە بکەین کاتی شێعرێك وەردەگێڕین، هەموو لایەنەکانیمان وەرگێڕابێتە سەر زمانێکی دیکە، بەڵام قەت ناکرێ دەنگە تەواوەکانی شێعرێك و هارمۆنیای دەنگی نووسراوەیەکی شاعیرانە، ورگێڕینە سەر زمانێکی دیکە. کەوایە هەر بەم هۆیە نابێ شێعر تەرجەمە بکەین. یان ئەگەر کردمان دەبێ لە دەنگەکان و ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێوەندییان بە فۆرمی شێعرەکەوە هەیە چاوپۆشی بکەین. هەڵبەت دەکرێ لە تەرجەمەدا لە شێعرێك

[٢] جەلیل ئازادیخواە،(چاوپێکەوتن لەگەڵ رەئوف عوسماندا)گەلاوێژینوێ، تشرینی دووەمی ٢٠٠ ، ل ٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

شێعرێکی دیکە دروست بکەین و تێیدا دەنگ و فۆرمی دیکە بەکار بێنین".[٣]

لە بارەی دژواریی وەرگێڕانی شێعر زۆرکەسی شارەزای دیکە رای خۆیان دەربڕیوە . هێندێك لەم بیروڕایانە لە شێوەی قسەی نەستەقدا، ئەمڕۆ دەیانبینین و دەیانخوێنینەوە. بۆ نموونە:

"- شێعری تەرجەمەکراو وەك ئەمە وایە شمشاڵ بەم سەرەوسەر بژەنرێت. (پیرەمێرد)

- شێعری تەرجەمەکراو وەك ئەوە وایە کچێك لەو دیو شووشەیەکەوە ماچ بکەیت.(مەحموود دەروێش)

- شێعری تەرجەمەکراو وەك گوڵی ئەودیو فەڕش وایە. (ڕەسول هەمزاتۆف)

---

[٣] فەروخ نێعمەتپوور، پێداچوونەوەیەك بە وەرگێڕانی شێعری"لە دایکبوونێکیتر"،گۆڤاری وەرگێڕان، ژمارە ٢ دیسامبری ١٩٩٧ ، ل ٨٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– شێعر ئەوشتەیە کە ئەگەر تەرجەمە بکرێت، ئیتر شێعر نیە.(شاعیرێکی ئەمریکی)" [٤]

نازم حیکمەت دەڵێ: "ئەو وەرگێڕانەی لە شێعرەکانی ڕۆژهەڵاتیەوە بۆ زمانی ڕۆژئاوایی وەردەگێڕن وەکو ئەوەیە کە بیانهەوێ ڕاوی باڵندە و مەلە خۆش گۆشتەکانی ڕۆژهەڵاتی بکەن و چێژ لە کەبابەکەیان وەرگرن." [٥]

ئەم وتانە بەرهەمی ئەزموونی سەدان و هەزاران ساڵەی مرۆڤن لە وەرگێڕانی شێعردا، ئەزموونێك کە بە دەگمەن نموونەی سەرکەوتووی بە خۆوە بینیوە. هۆیەکەشی ئەم شتەیە کە بەراهەنی بە "پێکەوە بەستراویی فۆرم و نێوەرۆکی شێعر یا بوونی هارمۆنیای دەنگ" لە شێعردا، ناوی دەبا و مامۆستا حەمەی حەمەباقی وەك تایبەتمەندێتیی شێعر ئاماژەی پێدەکا:

---

[٤] محەممەد حەمەباقی، پێشەکی بۆ "شێعرێکی وەرگێڕدراوی شاعیری گەورەی عەرەب،ئەدۆنیس"، ڕامان، ژمارە ٣٧، ٥ ی تەمووزی ١٩٩٩، ل ١٥٩

[٥] عیرفان قانیعی فەرد، محەممەدی قازی و پەیامی وەرگێڕ، ل ٦٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"تەرجەمەی شێعر بە پێچەوانەی تەرجەمەی هونەرەکانیتری وەك چیرۆك و شانۆنامە و رۆمان و رەخنە و ... تاد، لەو کارە دژوارانەیە، کە خودی گەوهەری شێعر، رقی لێیەتی[.] چونکە شێعر بە هەر زمانێك لە دایك بێت، تایبەتمەندێتی ئەو زمانەی پێوەیە و ئەو زمانەش تێکڕای واژەگەل و ، ئاهەنگ و ئاوازی ریتمی واژەکانی و رەوانبێژیی و داروپەردووی رستەسازی زمانەکەی، لەگەڵ تایبەتمەندێتی زمانێکیتر جیاوازە... بە واتەیەکیراستتر : شێعر رۆڵەیەکی جگەر سۆز و حەڵاڵزادەی ئەو زمانەیە، کە پێی لە دایك بووە و فرچکی پێگرتووە و پێی خۆشە هەر بە رەسەنایەتی و تایبەتمەندێتی ئەو زمانەوە بژی و سەوز بێت." [١]

"رابێرت فراست" شاعیری ئەمریکایی بڕوای وایە کە شێعر بە شێوەیەکی زاتی لەگەڵ وەرگێڕان دژایەتی دەکا. "شیلی" (shelly) دەڵێ تەنانەت وشەیەکیش بەرهەمی هەست

[١] محەممەدحەمەباقی، پێشەکی بۆ "شێعرێکی وەرگێڕدراوی شاعیری گەورەی عەرەب،ئەدۆنیس"، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ ی تەمموزی ١٩٩٩، ل ١٥٩

و رۆحی شاعیرە و، وەرگێڕ هەرگیز ناتوانێ ئەو کاتانە تەجرەبە کاتەوە کە شاعیر بەرهەمەکەی تێدا خوڵقاندوە. کرۆچە (Croce) فیلەسۆفی بەناوبانگی هاوچەرخی ئیتالیاییش پێی‌وایە لە هونەردا ئەوەی بەیان دەکرێ(شهوودی)ە و هەرشتێکیش شهوودی بوو بۆ وەرگێڕان نابێ.[٢]

رۆمەن یاکوبسێن(١٩٨٢–١٨٩٦)، زماننناس و ئەدیبی رووسی کە ساڵانێکی زۆر وەك مامۆستا لە زانکۆکانی کولومبیا، هاروارد و ئەنیستیتۆی تەکنۆلۆژیی ماساچۆسێت وانەی وتۆتەوە، کۆمەڵێك تیۆریی گرنگی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو فۆنۆلۆژی، پێوەندیناسی، رەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی‌دا، هێنایە ئاراوە. گرنگترین دەسکەوتی یاکوبسێن لە بواری ئەدەبی‌دا کۆمەڵە بەرهەمێکە کە لەمەر زمانی شێعرەوە نووسیویەتی و بە بەرهەمگەلێکی زۆر دژوار(هونەری — تەکنیکی) دەژمێردرێن. " ئەو بە جۆرێکی تایبەتی

---

[٢] عەبدولخالەق یەعقووبی، "ئیستیعارە" لە وەرگێڕانی شێعردا، گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە ٢٧و٢٦ ، ساڵی ١٣٧٥(١٩٩٦)، ل٥٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەواتاناسیی شێعری کۆڵیەوە و خاڵی گرنگی واتای وشەکانی لە پێکهاتەی شێعریدا هێنایە گۆڕێ: (لە شێعردا سیستەمی واتاناسانەی وشەکان، هەمان سیستەمی ناسراوی زمانی پێوەرنیە). ئەم ئامارژە واتایی و ئەبستراکت و بە تەنیای وشانە لە پێوەندیی لەگەڵ هاونشینی(syntagmatice) یان پێگەی زمانناسانەی وشە لە نیوەدێڕەکاندا بە دەست دێت. هەر لەبەر ئەم هۆیە یاکوبسێن و فۆرمالیستەکان وەرگێڕانی شێعریان بە زمانێکی تازە لە ئەنجام نەهاتو دەزانی، چونکە لە وەرگێڕانی شێعردا بەردەوام واتایەکی تایبەتی یا واتاگەلێکی چەندفاقی لە نێوان کۆی هاوواتاکانی وشەدا لە دەست دەچن. یاکوبسێن بە راشکاوی نوسیی کە لە وەرگێڕانی شێعردا راڤەی وەرگێڕ لە بۆ وشە وەردەگێڕدرێت نەك خودی وشە." [٣]

بابەك ئەحمەدی، بە سەرنجدان بە وتاری " تیۆری ئەدەبی رێزمان ، رێزمانی تیۆری ئەدەبی" ی یاکوبسێن کە باسی سێ جۆری وەرگێڕان( وەرگێڕانی نێوزمانی diachroic،

[٣] بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە و راڤەی دەق ، کتێبی(١) ، ل ٩١

وەرگێڕانی نێوان زمانی interlinguale و وەرگێڕانی نێوان نیشانەیی (intersemiotics) دەکا، دەگاتە ئەو ئاکامە : "لە جۆرەکانی دووم و سێیەمی وەرگێڕاندا، کە یاکوبسێن هێناویەتە بەرباس ، ئاسانتر دەتوانین گۆڕانی واتایی، نیشان بدەین، بە دەربڕینیتر هەرچەند دەکرێ یەکەکانی رەمز بە وردترین شێوە لە زمانی یەکەم(زمانی سەرەتا) بە زمانی دووەم (ئەو زمانەی کە وەرگێڕانەکە پێ کراوە) وەربگێڕدرێت . بەڵام ئەنجامی کارەکە ، گەیشتن بە واتای سەرەکی لێ ناکەوێتەوە. هاوواتای وردی واتاناسانە لە وەرگێڕاندا دەست ناکەوێ. هەربەو چەشنە کە وشە هاوواتاکان لە یەك زماندا خاوەنی واتایەکی یەکسان نین، وشە هاوئاستەکانیتریش لە زمانە جیاجیاکاندا واتاگەلێکی یەکسانیان نیە[،] هەر وشەیەك وەبیرهێنەری (واتای ناوەکی) زۆرە کە ژمارەکەیان لە وەرگێڕان نایەن و هەموو واتاکان بە هۆی وشەیەکەوە وەرناگێڕدرێن. لە شێعردا زمان بە کەڵکی خولقاندنی واتای فرەچەشن دێت و گواستنەوەی ئەم هەموو واتایە لە رێگەی وەرگێڕانیان بۆ زمانێکی دیکە یان دەربڕینی دیکە ئەنجام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نادرێت. لە شێعردا خودی زمان گرنگە و ( ئامانج داهێنانی ئاخاوتەییە) . گواستنەوەی واتا ناوەکییەکان یان ئەو کاریگەریە سۆزداریانەی کە هەڵقوڵاوی بەکارهێنانی ڕێسا شاعیرانەکانن (لە هاونشینی واتای وشەکان تاکێشی شێعر و ...) کە لە زمانێکی تایبەتیدا دروستدەبن، "گواستنەوەیان" بۆ زمانێکیتر ئەستەمە و نایەتە ئەنجام: (شێعر بە پێی پێناسەکەی خۆی وەرناگێڕدرێت[،]تەنیا دەتوانێ شوێن گۆڕکێی داهێنەانە ئەنجام دەی: یان شوێن گۆڕکێ لە نێو زمانێکدا ـ لە فۆرمێکی شاعیرانە بۆ فۆرمێکی دیکە ـ یان شوێن گۆڕکێ لە زمانێك بۆ زمانێکی دیکە و یان لە کۆتاییدا ، شوێن گۆڕکێی نێوان نیشانەیی لە سیستەمێکی نیشانەیی بۆ سیستەمێکیتر بۆ نمونە لە هونەری ئاخاوتەیی بۆ موسیقا و یان سەما، یان سینەما، یان نیگار کێشان) ".[1]

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ڕاوبۆچوونانەشدا کە وەرگێڕانی شێعر بە شتێکی نامومکین دەزانن، کەم شاعیری

[1] بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق ، کتێبی(١) ، ل ٩٣-٩٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورە و، شێعری بەرزی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دنیا هەن کە بۆ ئۆگرانی شێعر لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا نەناسرابن. ئەم ناسرانەش تا ڕادەیەکی زۆر، ئاکامی وەرگێڕدرانی شێعری ئەو نەتەوانەیە. مانای ئەوەیە هەم بەکردەوە وەرگێڕانی شێعر هەیە، هەم کەسانێکیش هەن کە لەگەڵ وەرگێڕانی شێعردا هەن و بە شتێکی ئاسایی دەزانن:

" ئیدوارد ساپێر Eduard sapir و ئوگدێن Ogden لە سەر ئەم باوەڕەن کە وەرگێڕانی شێعر شتێکی ئاسایی و مومکینە. بە بڕوای "ساپێر" زمان دوو لایەنی هەیە: لایەنی داپۆشراو(مکنون) یا غەیریزمانی (La tent Content) و لایەنی زمانی، ئەو لە وڵامی "کرۆچە"دا ئەڵێ: "گشت مانا و مەبەستەکانی هونەرمەند لە فۆرمی"زمانی"دا بە شێوەی "شهوودی" هەستیان پێدەکرێ و بێشك ئەمانە بۆ وەرگێڕان نابن... ئۆگدێن لە زمانی ساپێرەوە ئەڵێ ئەو شتەی کە لە وەرگێڕانی تێکستی (text) ئەدەبیدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر ئاڵوگۆڕ ئەکردرێ، ناوەرۆك یان هەمان لایەنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داپۆشراوە کە غەیری زمانیە، کە وایە وەرگێڕانی تێکستی ئەدەبی کاری غەیری مومکین نیە."[٢]

لە نێو ئەو شێعرانەدا کە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی، چوارینەکانی خەییام کە هەژاری موکریانی وەریگێڕاون بە نموونەیەك لە وەرگێڕانە سەرکەوتووەکانی شێعر دادەنرێن. هەژار لە پێشەکییەکدا کە بۆ وەرگێڕدراوی چوارینەکانی خەییام نووسیویەتی، ئاماژە بەوە دەکا کە نەیویستوە فارسی فێری کوردان بکا، واتا وشەبەوشە بەند بە بەند شێعرەکانی نەگۆڕیوە، تەنیا بیر و بڕوای خەییامی بە کەسم و بیچمێکی کوردانەوە لە سەرکێشی ماکە فارسییەکە خستۆتە بەر چاوی هاوزمانانی.[٣] دەتوانین بڵێین هۆی سەرکەوتووبوونی وەرگێڕانی

---

[٢] عەبدولخالەق یەعقووبی، "ئیستیعارە" لە وەرگێڕانی شێعردا، گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە ٢٦و٢٧ ، ساڵی ١٣٧٥(١٩٩٦)، ل٥٧

[٣] نەبی قادری، چوارینەکانی خەییام بە کوردی و فارسی، ل ١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم چوارینانەش هەر لەوە دایە کە "رووحی شێعرەکانی خەییامی کردوە بە کوردی و بە عەینی کێش گوتوونیەوە."[٤]

مامۆستا شوکور مستەفا، لە نێو زۆر لەو شارەزایانەدا کە لە وەرگێڕانی شێعر دواون ، دەکەوێتە ریزی ئەوانە کە پێیان وایە شێعر وەردەگێڕدرێ و، وەرگێڕانەکەی دەبەستێتەوە بە توانا و لێهاتوویی وەرگێڕ:

"ئەگەر شێعر، ئەوبێکە لای هەرە تەنك و ناسك و باریك و نەرم و نیان و شادەماری مرۆڤەیاتی و قووڵی سادەیی مرۆ دەچرێ، ئەوە وەرگێڕی مرۆناس و لە تەنکی و ناسکی و باریکی و هتد ... شارەزا و پسپۆر دەتوانێ شێعریش وەرگێڕێ و زمانی تەیر و تووش وەرگێڕێ و ببێ بە حەزرەتی سلێمان پێغەمبەر ... مەسەلە زانینە، شارەزایی‌یە".[١]

---

[٤] عەبدوللا حەسەن زادە لە وتووێژێکی بڵاو نەکراوە لە گەڵ کەماڵ مەریوانی‌دا، ساڵی ٢٠٠٢

[١]شوکور مستەفا، وتووێژێك لەگەڵ "ئەدەب و هونەر"ی"کوردستان" (ئۆرگانی کۆمیتەی‌ناوەندی‌حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی‌ئێران" ، ژمارە ٢٥١،خەزەڵوەری١٣٧٦(نوامبری١٩٩٧)، ل ١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هەر حاڵ، ئەگەرچی هەر شێعرێك لە رەوتی وەرگێڕانیدا، قوربانیی لێ دەستێندرێ، "کەچی لە گەڵ ئەمانەشدا، پەیامی جوانیی گۆڕینەوە... پەیامی گۆڕینەوەی فەرهەنگی نێوان گەلان... پەیامی گۆڕینەوەی چێژی هونەری و ساتێك ... ئەوە پێویست دەکات، تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی گەلان، داهێنانی جوان، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر، تەرجەمە بکرێن... ئیتر ئەگەر لەم تەرجەمە کردنەشدا، لایەنە هونەرییەکانی شێعرەکە، ببنە قوربانیی ... دیسان دەڵێین چارەنییە و دەبێ تەرجەمە هەر بکرێ ...".[٢]

## وەرگێڕانی پەخشان

پەخشان بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە دووبەش:

یەکەم ـ پەخشانی زانستی

دووهەم ـ پەخشانی ئەدەبی یا هونەری

---

[٢] محەممەد حەمەباقی، پێشەکی بۆ "شێعرێکی وەرگێڕدراوی شاعیری گەورەی عەرەب،ئەدۆنیس"، رامان، ژمارە ٣٧ ، ٥ ی تەمووزی ١٩٩٩، ل ١٥٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"پەخشانی زانستی : دوانێکە لە بابەتێکی زانیاری یا خود تاقیکردنەوەی ئەو زانیاریانەیە کە زاناکان نووسیویانە و ئەنجامەکەیان دەرخستوە، توانیویانە گەلێك زاراوەی زانستی بەکار بهێنین کە واتایەکی سنوورداری هەبێ. پەخشانی زانستی بابەتێکی ووشکە دوور لە سۆز و خەیاڵە، باسی راستی و دروستی ئەکات کە ژیری بنچینەکەیەتی.

پەخشانی ئەدەبی یا خود هونەری: ئەو جۆرە پەخشانەیە ، خاوەنەکەی بابەتەکەی پێ ئەڕازێنێتەوە و رێکی ئەخا. کەواتە هەڵبژاردنی (الفاظ) و داڕشتنی لە رستەدا و چۆنیەتی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی ، ئەمەش لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکیتر ئەگۆڕێ. کەواتە پەخشانی ئەدەبی لە رووی ناوەرۆکەوە نەخشەی هەژاری، خۆشی و ناخۆشی جۆرەکانە سۆز ئەکێشێ و زیاتر بە شێوەی (سەجع) ئەڕازێنێتەوە و نوسەر دەستێکی باڵای لە تاقیکردنەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گشتیدا هەیە بە تایبەتی لە رووی بەکار هێنانی هونەرەکانی دەربڕیندا."[3]

ئەم دابەشکردنە زیاتر لە رووی رووخسارەوەیە. لە رووی نێوەرۆکیشەوە پەخشان دابەش دەکرێتەوە سەر ١) پەخشانی کۆمەڵایەتی ٢) پەخشانی سیاسی ٣) پەخشانی ئەدەبی .[4] نێوەرۆك وا دەکا دەق تایبەتمەندیی خۆی هەبێ و، رەچاو کردنی ئەم تایبەتمەندییانە لە لایەن وەرگێڕەوە پێویستن. دەقێکی ئەدەبی یا هونەری لە گەڵ دەقێکی زانستی، جیاوازیی زۆری هەیە. لە دەقێکی زانستیدا ، وەرگێڕ ناتوانێ تۆسقاڵێك لە نێوەرۆك و مەبەستی دەق دوور بکەوێتەوە. بەڵام لە دەقی ئەدەبیدا، زۆر شت دێنە سەر ڕێی وەرگێڕ، واتە دەقە ئەدەبییەکان زۆرشتیان تێدایە کە وەرگێڕ لە جیاتی تەرجەمەی ئەوان دەبێ هاوتا یا نموونەی لە چەشنی ئەوان لە نێو زمانەکەی خۆیدا بدۆزێتەوە. بۆ وێنە پەندی

---

[3] د.شوکریە رەسول، زمان و ئەدەبی کوردی – پەخشان، ٩-٦

[4] هەمان سەرچاوە ، ل ٩-٨

پێشینیان و قسەی نەستەق، زۆرجار وەرناگێڕدرێن. وەرگێڕ دەبێ بۆ نموونەی چەشنی ئەوان لە زمانەکەی خۆیدا بگەڕێ و لە دەقەکە دوور بکەوێتەوە.

لێرە بە دواوە باسی چەند جۆرێك پەخشان بە سەرنجدان بە نێوەرۆکیان دەکەین و ئاماژەیەك بەو تایبەتمەندی و لایەنەیان دەکەین کە وەرگێڕ دەبێ بە ڕەچاوکردنی ئەوانەوە، وەریان بگێڕێ.

## وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی

"لە وەرگێڕانی ئەدەبیاتدا مرۆڤ دەگاتە داهێنان و، ئەم سەر لە نوێ ئەفراندنە لە بواری زماندا ڕوودەدا. زمانی بەرهەمەکە بە قەرا نێوەرۆکی بەرهەمەکە بە لای منەوە گرنگە."[١]

[١] عەبدوللا کەوسەری، "یکی شدن با جهان نویسنده"(وتووێژ)، "ادب و هنر"ی ڕۆژنامەی "خرداد" سێشەممە ١٦ی مارسی ١٩٩٩ ، ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٧٧، ل٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسێك کە کاری وەرگێڕانی ئەدەبی دەکا، دەبێ بۆ خۆشی لە بواری ئەدەبیاتدا شارەزا بێ. دەبێ مێشکی و حافیزە (ذاکرە)ی پڕ بێ لە زانیاریی ئەدەبی . ئەگەر بۆ خۆی ئەدیب و نووسەریش نەبێ، پێویستە لە بواری ئەدەبیاتدا خوێنەرێکی جیددی بێ و ئەزموونێکی زۆری لە کاری ئەدەبی دا هەبێ. ئەم زانیاری‌یە ئەدەبییانەش کاتێك فریای وەرگێڕی دەقی ئەدەبی دەکەون کە زەوقی ئەدەبیی هەبێ. پێویستە هەم ئەوەندە هەستیار بێ کە کاریگەریی هەر وشەیەك، هەر رستەیەك، هەر پاراگرافێك لە سەر خوێنەر، بە دروستی تێبگا و لە پاڵ ئەمەش‌دا، بە جۆرێك وەریان بگێڕێ یا دایانبڕێژێتەوە کە هەمان کاریگەری لە خوێنەری وەرگێڕانەکەی‌دا پێك بێنێتەوە. ئەم کارە بە بێ هەبوونی زەوقی ئەدەبی بێ و شارەزایی لە بواری ئەدەبیاتدا ، مومکین نیە.

"لە نێو جۆرەکانی وەرگێڕان‌دا ، وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی لە هەمووان دژوارترە، چونکە ئەو جوانی و

وردەکارییانەی لە تەعبیر و نوکتە ئەدەبی‌یەکان دا هەن، لە بابەتی تیکنیکی و زانستی و سنعەتی‌دانین. "[٢]

وەرگێڕە بە ئەزموونەکانی بواری ئەدەب یا دەقی ئەدەبی، زیاتر لەوەی باسی مەرج و ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی بکەن، باسی ئەزموونی خۆیان دەکەن کە ڕۆچوون و توانەوەیە لە نێو جیهانی نووسەری بەرهەمدا

"ئەو شتەی وەرگێڕ دەبێ لە ئاست بەرهەمێك دا هەیبێ، هەر ئەوە نیە کە لە دەق تێ‌بگا، بەڵکوو دەبێ هەستی پێ‌بکا و بچێتە نێو جیهانی نووسەر، توانەوە لە نێو جیهانی نووسەردا، دەبێتە هۆی لێ تێگەیشتنی بە تەواوی. ڕەنگە هەر ئەمە بێ کە پێی دەڵێن هاودڵی یا ئاشنایی گیانەکان. بەڵام بەڕاستی پێداگرتنی من، لە هاودڵی و ئاشنایی گیانەکانیش زیاتر، لەسەر ئەو کەلتوورەیە کە وەرگێڕ پێشەکی دەبێ پێی گەیشتبێ. باوەڕ ناکەم ئەو وەرگێڕەی خوێنەرێکی باش نیە، زەینێکی دەوڵەمەندی هەبێ، نەك هەر لە بواری ئەو کارانەدا کە

---

[٢] عرفان قانعی‌فرد، محمدقاضی و رسالت مترجم،ل ٦٠

دەیانکا، بەڵکوو لە بواری ئەدەبیاتدا بە گشتی. باوەڕی من وایە کە وەرگێڕانی ئەدەبی هیچکات پرۆسەیەکی میکانیکی نیە، بەڵکوو پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، هەر بۆیە وەك چۆن ناتوانین هونەر پێناسە بکەین ناشتوانین وەرگێڕانی ئەدەبی پێناسەبکەین، هەروا کە لە شێعردا تۆ ناتوانی بڵێی بۆچی ئەم وشەیەم هەڵبژاردوە. من کاتێك بەرهەمێك دەخوێنمەوە، دەڵێم[وەرگێڕدراوەکەی] ئەمەیە و، ئیدی ناتوانم هیچ ڕوونکردنەوەیەکم بۆی هەبێ."[٣]

"ئەم توانەوەیە لە جیهانی نووسەردا، لە لایەن وەرگێڕی ئەڵمانی، "ڕێناتە شمیدکاڵ"ەوە بە جۆرێکی دیکە باسی کراوە. ئەو، ناوی دەنێ تێگەیشتن لە ڕۆحی دەق . ئەو هەبوونی "هەستی دەق" و بە شێوەیەکی گشتی هەبوونی "هەستی ئەدەبیات" لە وەرگێڕدا بە پێویستی تێگەیشتن لە ڕۆحی دەق، دەزانێت. ئەوەتا دەڵێت:

[٣] عەبدوللا کەوسەری، "یکی شدن با جهان نویسنده"(وتووێژ)، "ادب و هنر"ی ڕۆژنامەی"خرداد"سێشەممە ١٦ی مارسی ١٩٩٩، ٢٥ی ڕەشەمەی١٣٧٧، ل٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"... تێگەیشتنی رۆحی دەق ، وەرگێڕانەکەی مسۆگەر دەکا. کێشە لە سەر ئەوە نیە کە وشە بە وشە ، رستە بە رستە وەرگێڕدرێ. هونەری وەرگێڕان زیاتر لە هەر شتێکی دیکە لەوە دایە کە لە رۆحی دەقەکە تێ بگەین، ریتمی دەق بدۆزینەوە و میلۆدیی دەق هەست پێبکەین و، پاشان بە زمانی خۆمان بیگێڕینەوە و، دەری ببڕین. شتێکی سەیر نیە کە وەرگێڕی دەقە ئەدەبیەکان کارەکەی خۆی زیاتر وەك کارێکی بینین سەیر دەکا نەك وەك کارێکی تێکنیکی - تێکنیك و فەن، لە پێویستیەکانی کارەکەن و، کاتێك بینین و ئیلهامیشی پێوە زیاد بوو، هونەر دەخولقێ."[١]

گەیشتن بە رۆحی دەقێکیش کارێکی هاسان نیە، وردبوونەوەی قووڵ لە دەقەکە و چەند یا چەندین جار خوێندنەوەی دەقەکەی پێویستە:

[١] رێناتە شمیدگاڵ، سەرووترلەزمان، رامان، ژمارە ١٠٢ ، خولی سێهەم ساڵی دەیەم، تشرینیدووەمی٢٠٠٥، خەزەلوەری٢٧٠٥، ل ١٣٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"گەورەترین دڵەڕاوکێی هەر وەرگێڕێك ئەوەیە کە دەستی بە رۆحی بەرهەمەکە و راوێژو شێوازی داهێنەرەکەی رابگا. وەرگێڕە راستەقینەکان چەندین ساڵ لە تەمەنی خۆیان تێپەڕ دەکەن تا لە راوێژی وتە، لە ریتم و ... لە یەك قسەدا، نێوەرۆك ، پێکهاتە و فۆرمی نووسەر، نزیك ببنەوە. جا ئایا[بە سەرنجدان بەم راستی‌یە] دەکرێ چاوەڕوان بین وەرگێڕێکی راستەقینە[بەهاسانی] لە بەرهەمی نووسەرێکەوە بچێتە سەر بەرهەمی نووسەرێکی دیکە؟ "[٢]

دژواریی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی لە چاو وەرگێڕانی دەقی زانستی لە وە دایە کە بنەما و چەمکە زانستی‌یەکان لە لای هەموو نەتەوەکان وەکوو یەك وایە . سەهۆڵبەستنی ئاو یا هاتنەکوڵی ، بە هەر زمانێك باسی بکەی، لە پلەیەکی دیاریکراودا روودەدا ، بەڵام بۆچوون و تێگەیشتن لە بارەی جوانی‌یەوە کە نێوەرۆکی هونەر و ئەدەبیات پێك دێنن، نەك بە

[٢] امیر صدری،"آفرینشی بنام ترجمە" رۆژنامەی"امروز"، لاپەڕەی "ادب" ، شەممە ٣ی بانەمەڕی ١٣٧٩،٢٢ی ئاوریلی ٢٠٠٠ ، ل ٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوە، بەڵکوو لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆڕێن. هەر بۆیە وەرگێڕانی ئەم جۆرە بۆچوون و تێگەیشتن و روانینانە کە سۆز و هەست ئاوێتەیان بووە و، بوون بە هەوێنی دەقی ئەدەبی و هونەری، لە وەرگێڕانی دەقی زانستی دژوارترە.

یەکێك لە کارە پێویست و گرنگەکان لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، رەچاو کردنی شێوازی نووسەری بەرهەمی ئەدەبییە. "وەبەرچاوگرتنی شێواز و سیاقی گوتە لە وەرگێڕاندا ، یەکێك لە مەرجە پێویستەکانی وەرگێڕانێکی سەرکەوتوویە، ... شێواز واتە پەیڕەو کردنی شێوە و راوێژێکی تایبەتی لە نووسیندا." [٣] دیارە رەچاوکردنی شێواز نەك هەر لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی بەڵکوو لە وەرگێڕانی هەموو جۆرە دەقێکدا هەر پێویستە. ئەگەر وەرگێڕ بایەخ نەدا بە شێوازی نووسەری بەرهەم و، هەمان شێواز لە وەرگێڕاندا بەکار نەهێنێ، ئەگەر چەند بەرهەم لە چەند نووسەری جیاوازیش تەرجەمە بکا، وەك ئەوە دەچن کە هەر هەموو بەرهەمەکان

---

[٣] عرفان قانعی‌فرد، محمدقاضی و رسالت مترجم،ل ٨٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەك كەس نووسیبنی. نووسەری وایە بە زمانێكی بەرزی ئەدەبی دەنووسێ، هەیە گەپنووسە ، واتە "تەنز" لە نووسینەكانی دا هەیە. هێندێك نووسین لە شێوە ئاخاوتنی جەماوەر(زمانی عامیانە) بۆ نووسین كەلك وەردەگرن. نووسەری واهەن رستەی كورت بەكار دێنن، هەشن رستەكانیان دوور و درێژن. دەقی واهەن بە زمانی دەیان ساڵ لە مەوپێش نووسراون. دەقی واش هەن نوێترین زاراوە و چەمكەكانی رۆژگاری ئەمڕۆیان تێدایە. وەرگێڕ دەبێ جیاوازیی شێوازی دەقەكان ببینێ و، وایان وەربگێڕێ كە خۆێنەری شارەزا لە گەڵ خوێندنەوەی وەرگێڕدراوی ئەواندا، هەر بە شێوازی نووسینیان، نووسەر بناسێتەوە. "كە وایە موتەرجیم دەبێ سەبكی نووسەرەكەش بێنێتە نێو زمانە تازەكە. ئەگەر لە گەڵ سەبكی وی نائاشنایە با نەیكا."[١]

---

[١] عەبدوللا حەسەن زادە ، وتووێژێكی بڵاو نەكراوە لە گەڵ كەماڵ مەریوانیدا، ساڵی ٢٠٠٢

## وەرگێڕانی شانۆنامە

دیارە "شانۆنامە" دەچێتە ریزی بەرهەمە ئەدەبییەکان و، ئەمانەی لە بارەی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبییەوە گوتران ، شانۆنامەش دەگرێتەوە, بەڵام شانۆنامە تایبەتمەندیی خۆشی هەن کە لە وەرگێڕاندا دەبێ لە بەر چاو بگیرێن . هەر بۆیە ئاماژەیەك بە پێویستی و مەجەکانی وەرگێڕانی دەکەین.[٢]

لە وەرگێڕانی شانۆنامەدا ، وەرگێڕەکان زۆربەی کاتەکان خۆیان بەرەوڕووی ئەم پرسیارە دەبیننەوە کە ئایا وەك دەقێکی ئەدەبی وەریبگێڕن یان وەك بابەتێکی نواندن کە بە هۆی زمان (دیالۆگ)ەوە گیانی بە بەردا دەکرێ؟ ئایا وەرگێڕ شانۆنامەکە وەك دەقێك بۆ خوێندنەوە وەربگێڕێ و بەرپرسایەتیی وەرگێڕان بۆ نواندن بسپێرێ بە دەرهێنەر؟ ئەگەر نووسەری شانۆنامەکە، دەقەکەی خۆی بۆ نواندن (نەك

---

[٢] ئەم باسە لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەرگێڕدراوی کورتکراوەی وتاری"پیرامون ترجمه متون نمایشی" لە نووسینی "بێهزاد قادری"یە، گۆڤاری"ادبستان"، ژمارە ٨، گەلاوێژی ١٣٦٩ ، یپەڕەکانی ٥٣–٤٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندنەوە) نووسیبوو، ئایا وەرگێڕ دەتوانێ هەر وابە شێوەیەکی سەر پێیی وەریبگێڕێ و هیوادار بێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، دەرهێنەرێك سەر لە نوێ دایبڕێژێتەوە ؟ ئەدی لەم حاڵەتەدا ، دەقە سەرەکییەکە نابێت بە قوربانی و تێدا ناچێت؟

یەك لە ئەرکەکانی وەرگێڕی دەقە شانۆییەکان ئەوەیە کە بزانێ زمانی دەقەکە بە لای شێعردایە یا پەخشان . ئەگەر بە لای شێعردایە، لە شێعر بە مانا بەرزەکەیەوە نزیکە یا هۆنراوە(نظم) ؟ ئەگەر لە پەخشان نزیکە چ جۆرە پەخشانێکە؟ پەخشانی ئەدەبی یا ئەو زمانەی خەڵکی ئاسایی قسەی پێ دەکەن؟

ئەگەر شانۆنامە بە زمانێکی " محاورەای" (زمانی قسەکردنی خەڵکی ئاسایی) نووسرابێت، وەرگێڕ دەبێ تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە زمانە بناسێت. "جۆرج یول" ئەم تایبەتمەندییانە بەمجۆرە دەستنیشان دەکا:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١ ـ زمانی خەڵکی ئاسایی لە چاو زمانی نووسین یا زمانی ئەدەبی ، زۆر یەکگرتوو و رێکوپێك نیە ، رستەکان ناتەواون و زیاتر دەستەواژەیان تێدایە و هتد.

٢ ـ لە زمانی نووسیندا لە زنجیرەیەك "شاخص"ی سەرووزمانی کەلك وەردەگیرێ کە پێوەندیی نێوان گرێ(بەند)ەکان دیاری دەکەن. بۆ وێنە:

زمانی نووسین : ئەمڕۆ قاچی شکا ، هەر بۆیە نەچووە قوتابخانە

زمانی قسەکردنی خەڵکی ئاسایی: ئەمڕۆ قاچی شکا، نەچووە قوتابخانە.

٣ ـ ئەگەر لە زمانی نووسیندا ، ناوێك چەند ئاوەڵناوی بدرێتە پاڵ ، بە هۆی "و"(واو) ی پێوەندییەوە دەبێ ، بەڵام لە زمانی قسەکردنی رۆژانەدا، ئەمە رەچاو ناکرێ و جاری وایە دەکەونە دوای کرداریش.

زمانی نووسین : پشیلەیەکی قەڵەوی رەش لە سەر دیوارەکەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانی قسەکردنی رۆژانە: پشیلەیەك لە سەر دیوارەکەیە ... قەڵەویشە، رەشیشە.

٤ ـ لە زمانی نووسیندا ، کە رەستەکان بە گوێرەی یاساکانی رێزمان ریز دەبن و لە جێی خۆیان دا دێن، بەڵام لە زمانی قسە کردنی رۆژانەدا جێگایان دەگۆڕێ.

زمانی نووسین : ئەمانە هی خۆمانن ، دەفتەرەکەت لای خۆتە ؟

زمانی قسەکردنی رۆژانە : هی خۆمانن ئەمانە، لای خۆتە دەفتەرەکەت ؟

هەر وەها کۆمەڵێك تایبەتمەندیی دیکە، وەك ئەوە کە لە زمانی قسەکردنی رۆژانەدا ، زۆر سەرچاوە بە ئیشارە وەردەبڕدرێ ، بەڵام لە نووسیندا ناویان دێت، لە زمانی قسەکردنی رۆژانەدا ، سەروگوێی وشە دەشکێندرێ ( بە تەواوی دەرنابڕدرێ) بەڵام لە نووسینی دا وانیە و هتد.

بە کورتی وەرگێڕ دەبێ بە سەرنجدان بەوە کە شانۆنامەکە بۆ خوێندنەوە ، وەردەگێڕێ یا بۆ نواندن و ، بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە دەقەکە بە زمانی ئەدەبی و زمانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسین ، نووسراوە یا بە زمانی قسەکردنی رۆژانە ، دەبێ وەری بگیڕێ. ئەگەر بە وتەی "فاکنێر" سەنگین ( ئەدەبی و بەرز)ە ، دەبێ هەقی خۆی بدرێتێ و ، ئەگەر پاڵەوانانی شانۆنامەکەش بە زمانی قسەکردنی رۆژانە (عامیانە) دەدوێن ، وەرگێڕیش دەبێ هەموو هەوڵی خۆی بەکار بێنێ تا زمانی پڕ بە پێستی ئەوان بڕێنێتەوە . چونکە شانۆنامە بۆ نواندن دەنووسرێ نەك هەر بۆ خوێندنەوە . بەڵام ئەگەر پاڵەوانانی شانۆنامە قسەی قەڵەمی بکەن و وەك ئەفەندییان بدوێن ، ئەوە دەبێ لە پێشدا ، هەرچی شۆفیر و دەڵلاڵ و نانەوا و خوێندکارە ، نامەیان دەسەر بکرێ و ، داوایان لێ بکرێ یا نابێ قسە بکەن یا دەبێ بە زمانی نووسین بئاخفن.[١]

## وەرگێڕانی بەرهەمی فیکری و فەلسەفی

وەرگێڕ، لە وەرگێڕانی هەر بابەتێکدا ، بێجگە لە شارەزایی لە هەر دوو زمان(زمانی بنەڕەت و زمانی مەبەست) و

---

[١] بێهزاد قادری، "هرکسی را اصطلاحی دادەاند..."(پیرامون ترجمە متون نمایشی).گۆڤاری"ادبستان"،ژمارە ٨ ،گەلاوێژی ١٣٦٩، لاپەڕەکانی ٥٣-٤٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جگە لە زانینی کاری وەرگێڕان ، دەبێ شارەزایی لە گەڵ نێوەرۆکی بابەتەکەش هەبێت. لە وەرگێڕانی بابەتی فیکری و فەلسەفی دا ، ئاشنایەتیی وەرگێڕ لە گەڵ چەمك و مەسەلە فیکری و فەلسەفی‌یەکان، کارێکی زۆر پێویستە. چونکە لەم جۆرە زانستانەدا ، وشە واتای تایبەت بە خۆی هەیە و هەر چەشنە خراپ تێگەیشتنێکی وەرگێڕ لە واتا و مەبەستی دەقەکە ، خوێنەر بە لاڕێدا دەبا .

وەرگێڕێك کە کاری وەرگێڕانی بابەتی فیکری و فەلسەفی دەکا ، هیچ قسەی تێدا نیە کە دەبێ شارەزای زانستی فەلسەفی بێ، ئەگەر وەرگێڕانەکە بۆ سەر زمانێکیش بێ کە بابەتی فیکری و فەلسەفیی بە کەمیی پێ نووسراوە و زمانەکە لە باری زاراوەی فیکری و فەلسەفی ، دەوڵەمەند نیە ، یا نەپرژاوەتە سەر دروستکردن و جێگیر کردنی زاراوەی تایبەت بەم بوارانە ، کاری وەرگێڕ ئەوەندەی دیکە دژوار دەبێ . لەو حاڵەتەدا وەرگێڕ دەبێ توانایەکی زمانەوانیی باشیشی ببێ بۆ ئەوەی لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی وشە ورۆنانی زاراوەدا ، ئەوپەڕی وردبینی بەکاربێنێ . زمانی کوردی یەك لەو

زمانانەیە کە ئەزموونێکی زۆری لە نووسین و وەرگێڕانی بابەتی فکری و فەلسەفی دا نیە . " زمانی ئێمە لە بواری فیکر دا هێشتا زمانێکی رەق و دوژمنکارانە و دوو بەرە بینە ... زمانی فیکر ، زمانی گوێگرتن و گرنگیدان و رەخنەکاری و شیکردنەوەیە ، زمانێکە هەم حەقیقەت بین و هەم نەفیکەری حەقیقەت .[١] هەروەها " دەقی فیکری مۆدێرن تا ئاستێکی زۆر ، جوانناسی وشە و پێوەندییەکانی ، یا خود ئەگەر زمانەکەیش زۆر رەق بێت خاوەن دارشتنێکی تۆکمەیە . ئەمە ئەو حاڵەتەیە هێشتا لە تەرجەمەی کوردیدا بە جوانی رەگی دانەکوتاوە . دەقی فیکری ، شێعرێکی فیکرییە . جا ئەم حاڵەتە بە پێچەوانەی شێعر بۆ دیقەتی ئیحساسی ناگەڕێتەوە ، بەڵکوو بۆ دیقەتی فیکریی دەگەڕێتەوە." [٢]

لە بابەتی فیکریدا ، وەرگێڕ ئەگەر بۆ تێگەیشتن لە یەك وشە ( یا وشەیەکی تایبەت) بچێ کتێبێکیش بخوێنێتەوە ،

---

[١] فەروخ نێعمەتپوور، بزاڤی رووناکبیری لە کوردستانی ئێران(میزگرد)،رامان،ژمارە ٥١،٥ی ئەیلوولی ٢٠٠ ،ل١٦٧

[٢] هەمان سەرچاوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێی خۆیەتی. چونکە بە هەڵە تێگەیشتن لەم وشەیە ، دەبێتە هۆی ئەوە وەرگێڕ یا بە هەڵە وەریبگێڕێ یا هاوتایەکی ناروونی بۆ بدۆزێتەوە. لە حاڵەتی یەکەمدا خوێنەر بە لاڕێدا دەبا و خەیانەت هەم بە نووسەری بابەتەکە دەکا و هەم بە خوێنەر . لە حاڵەتی دووهەمیشدا ، خوێنەر لە وەرگێڕانێکی ناروون هیچی دەست ناکەوێ . وەرگێڕی فارسیی بەرهەمە فیکرییەکانی رۆلان بارت ، لە پێوەندی لە گەڵ پێویستی و مەرجەکانی وەرگێڕانی بەرهەم و بابەتە فیکرییەکان دا دەڵێ : " بە بڕوای من پێویستە کە لە پلەی یەکەمدا ، وەرگێڕ کاتێك لە گەڵ جیهانی ئاڵۆزی دەق بەرەوڕوو دەبێ ، لە پێشدا تێی بگا و پاشان وەری بگێڕێ . هیچکات نابێ بەبێ تێگەیشتن لە چەمکێك ، رایبگوێزین بۆ سەر زمانێکی دیکە . بە هێند نەگرتنی کاری وەرگێڕان لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کارێکی زۆر پڕمەترسییە.

هێندێك جار مرۆڤ ناچار دەبێ سەبارەت بە وەرگێڕانی وشەیەك ، کتێبێك بخوێنێتەوە تا لە پێشینەی وشەکە بگا . دەقێك بە زمانێکی دیکە ، رازێکی سەر بە مۆرە کە تەنیا بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

هۆی هۆشمەندی و رادەی زانستی نووسەر ئیمکانی ئەوەی بۆ پێك دێ خەڵکی وڵاتێکی دیکە لێی تێبگا . قسەی تێدا نیە کە دەبێ زۆرتری وەخوێنین و پتر بە رەهەندەکانی دەقەکە دا شۆڕ بینەوە. نووسەری زمانی بنەڕەت هەموو هێز و توانای مێشکی خۆی بە کار هێناوە تا شتێك بسەلمێنێ ، بەم حاڵەشەوە هێشتا هێندێك شتی بۆ روون نیە . چلۆن دەتوانین دەقێکی ئەوتۆ وەربگێڕین بە بێ ئەوەی لێی تێبگەین . بە داخەوە چونکە بیر لەم خاڵە ورد و جوانانە ناکەینەوە ، کاتێك بەرهەمێك تەرجەمە دەکرێ ، ناتوانین وەك سەرچاوەیەکی جێی متمانە لێی بڕوانین. "[٣]

سەرەڕای دژوار بوونی وەرگێڕانی بابەتی فکری و فەلسەفی و زانستی ، تەرجەمەی بابەت لەم بوارانەدا بۆ کورد زۆر پێویستن . چونکە لە رێگای بیروبۆچوونە رەخنەیی‌یەکانەوەیە کە کۆمەڵ لە باری فکر و رۆشنبیری‌یەوە

[٣] شیریندۆخت دەقیقیان، "ما مترجمان دیروز هستیم"(وتووێژ) ، بە بهانە انتشار کتاب "درجە صفر نوشتار" رۆژنامەی"امروز"،لاپەڕی "ادب"، شەممە ٣ ی بانەمەڕی ١٣٧٩(٢٢ی ئاوریلی ٢٠٠٠) ، ل ٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێش دەکەوێ . "فەلسەفەیش یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی بیری رەخنەگرانەی رۆشنبیر ... دەبێ بایەخێکی زۆر بە وەرگێڕانی بابەتە فەلسەفی و مەعریفی و زانستییەکان بدەین ، ئەوروپا تەنیا لە رێگەی وەرگێڕانی کتێبە زانستی و فەلسەفییەکانەوە توانی پێشبکەوێ و بچێتە ناو چەرخی رێنسانسەوە . "[٤]

[٤] دوکتور شێرزاد نەجار، گرنگیی وەرگێڕان و ئاستەنگەکانی(میزگرد)، رامان،ژمارە ٣٧ ، ٥ی تەمووزی ١٩٩٩،ل ١٢٤.

# بەشی سێهەم:

# <u>مێژووی کورتی وەرگێران</u>

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتە مێژووی وەرگێڕان لە جیهان دا

وەرگێڕان مێژوویەکی تا رادەیەك درێژی هەیە. یەکەمین بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح، بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریی کۆنی میسر. بەڵام لە رۆژئاوا دەوروبەری ٣٠٠ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیحو، کاتێك کە رۆمی‌یەکان بەشی هەرەگەورەی کەلتووری یۆنانیان هێنایە ژێر چۆکی خۆیان، کاری وەرگێڕان برەوو گرنگیی زۆری پەیدا کرد.[٥٧]

وەرگێڕان وەك رێگایەکی لێك تێگەیشتنی ئەو مرۆڤانەی بە زمانی جیاواز لە یەکتر قسە بکەن، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. "دەتوانین بڵێین وەرگێڕان یەکێك لە کۆنترین فۆرمەکانی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانە کە لەسەر یەك لە خزمەت لێك تێگەیشتن‌و لێکحاڵی بوونی مرۆڤەکان دابووە."[٥٨]

---

[٥٧] حسین یعقوبی، "زبان، ترجمه‌و ارتباط فرهنگ ها". ل٢٨

[٥٨] هەمان سەرچاوە، ل١٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتێکی زۆر روونیشە کە وەرگێڕانی زارەکی مێژوویەکی کۆنتر لە وەرگێڕانی نووسراوی هەیە. چونکە نووسین لە نێوان مرۆڤەکان دا هەزاران ساڵ دوای دروستبوونی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە رێگای قسەکردنەوە، پەیدا بووە.

"کۆنترین پاشماوەی وەرگێڕان بۆ ساڵی ٤٠٠٠ی پێش زایین دەگەڕێتەوە کە سۆمەرییەکان لیستێکی فەرهەنگ ئاسایان لە چەند وشەیەکی سۆمەری لەسەر چەند تەختە قوڕێکی سۆرکراوە نووسراوە [نووسیوە]و بە ئەکەدی ماناکەی بەرامبەر نووسراوە.ئاشووریو بابلیەکان وەرگێڕانیان پراکتیزە کردووە بۆ جاڕدانی سەرکەوتن لە جەنگداو هەروەها لەکاروباری رەسمیو نامەگۆڕینەوەی بازرگانی لە زمانێك زێتریان بەکار هێناوە ... رۆمانییەکان زۆر کتێبیان لە زمانی گریکییەوە بۆ زمانی خۆیان وەرگێڕا. عەرەبەکانیش لە زووەوە گرینگییان بە وەرگێڕان داوە ..."[٥٩]

[٥٩] حوسێن عەلی وەلی، "گرنگیی وەرگێڕانو ئاستەنگەکانی" (میزگرد)، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەممووزی ١٩٩٩، لاپەرەکانی ١٢٧و ١٢٨

ئەگەرچی زۆر کەس‌و سەرچاوەی‌تر مێژووی وەرگێڕان بۆ هەزارەکانی پێش زایین‌و تەنانەت سەردەمی بابلییەکان دەگەڕێننەوە، بەڵام ئەوە لەسەردەمی ئەمەوی‌یەکان‌و عەباسی‌یەکان دابوو کە وەرگێڕان زیاتر گەشەی کردو توانی ببێتە خاڵی بەیەکگەیشتن‌و ململانێی ڕۆشنبیری‌و کەلتووریی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا.[٦٠]

دیارە بەکار هێنانی وەرگێڕان وەك ئامرازێك یا ڕێگەیەك بۆ لێك تێگەیشتنی مرۆڤەکان رابردوویەکی دوورو درێژتری لە مێژووی وەرگێڕانی ئەدەبی هەیە. یەکەمین وەرگێڕانی ئەدەبی لە ڕۆژئاوا وەرگێڕانی "ئۆدیسە"ی هۆمێر بۆ سەر زمانی لاتینە کە ساڵی ٢٤٠ی بەر لە زایین بە هەوڵ‌و ماندوو بوونی لیڤیوس ئاندریکوس، شاعیری ڕۆمی بەئاکام گەیشت.[٦١]

وەرگێڕان پێش ئەم تاریخە، بە شێوەی زارەکی بووەو، زۆرتریش بواری ئایینی گرتۆتەوە. ئەم جۆرە وەرگێرانەش بە

---

[٦٠] د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٢ ـ ١٩٤٧، ل٢٦٦

[٦١] تاهیرە سەففار زادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەتی لە نێو کۆڕو کۆمەڵە جوولەکەکان دا باو بووە. پیاوە ئایینییەکان خەڵکیان لە مەیدانەکانی شار کۆ دەکردەوەو کەلامی خودایان لەرووی تەوراتەوە بۆ شی دەکردنەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحیەتو بڵاو بوونەوەی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان، کاری وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانەکانی لاتین، سریانی، قیبتیو ئەرمەنی دەستی پێ کرد کە دیارە هەموویان وەرگێڕانی وشە بە وشە بوون. پەنابردن بۆ ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە ترسی دەمراستەکانی کەلیسەو مەسیحییە دەمارگرژەکان بوو کە پاراستنی رواڵەتی سەرەتایی کەلامی خوداوەندیان بە شتێکی زۆر پێویست دەزانی.[٦٢]

لە نیوەی دووهەمی سەدەکانی نێوەراستو لە سەرەتای سەدەی ١٢ سێ رەوتی گرنگی وەرگێڕان لە ئورووپا هەبوون: لە عەرەبییەوە بۆ لاتین، لە عەرەبییەوە بۆ عیبریو لە یۆنانییەوە بۆ لاتین. رەوتی یەکەم بەڵگە یا نیشانەی

---

[٦٢] هەمان سەرچاوە، لاپەرەکانی ١١و١٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاگوێزرانی زانستو شارستانەتیی ئیسلامی بۆ ئورووپای ڕۆژئاوا بوو. ڕەوتی دووهەم نیشاندەری پێشوازیی زۆری جوولەکەکانی ئورووپای مەسیحی لە شارستانەتیی ئیسلامی بوو. ڕەوتی سێهەمیش دەری خست کە ئورووپا خەریکی کەڵکوەرگرتن لە زانستو کلاسیکی کۆنە.

ڕەوتی یەکەم واتە وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ لاتین، گرنگترو لەباری حەجمو قەبارەوە لەدوو ڕەوتەکەی دیکە گەورەتر بوو، بەڵام لە سەرەتای سەدەی سێزدەیەمەوە، کاری وەرگێڕان لە نێو زمانە جیاوازەکان دا، جۆراوجۆریی زیاتری بە خۆوە دیت. جگە لە لاتین، وەرگێڕان لە عەرەبیی‌یەوە بۆ سەر زمانەکانی ئیسپانیایی‌و پورتەغالیش دەستی پێ کرد. هەروەها کتێبە لاتینی‌یەکان، وەرگێڕدرانە سەر زمانە نوێ‌یەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا، بۆ وێنە ئیتالیایی، فەرانسەیی‌و هولەندی‌و بەمجۆرە ڕەوتێك کە لە زمانی عەرەبیی‌یەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە ڕێگەی زمانی لاتینەوە کە ئەوکات زمانی نێو نەتەوەیی ئورووپای ڕۆژئاوا بوو، بۆ نێو زۆر زمانی دیکەش ڕێی خۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردەوەو پەرەی گرت. ئەم رەوتە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٤دا گەیشتە چلە پۆپە.[٦٣]

## جیهانی ئیسلام و وەرگێڕان

سوپای ئیسلام بەدوای سەرکەوتنە خێراکانی دا، زۆر سەرزەویی پانو بەرینی کە هەر یەکە میراتگری کەلتوورو شارستانەتیی دەولەمەند بوون، هێنایە ژێر رکێفی خۆی. جوولەکەو مەسیحی ئەم ئایینە نوێیەیان قەبووڵ کرد،؟؟؟؟ هیندی، سریانی، میسریو مەغریبیو ئیسپانیایی شەریعەتی ئیسلامیان وەرگرتو عەرەبی بوو بە زمانی هاوبەشی هەموو دانیشتووانی سەرزەوییە ئیسلامییەکانو تێکەڵاوییەکی گەورە لە نێوان توخمە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئیسلام پێك هاتو ئاڵوگۆڕی بیروڕای عەقڵانی لەم جیهانە نوێیەدا دەستی پێ کرد. لە کۆتایی سەدەی یەکەمی هیجریدا، وەرگێڕانی موسوڵمان وردەوردە هێندێك شتیان تەرجەمە دەکرد. بەڵام

٦٣ حسین یعقوبی، "زبان، ترجمەو ارتباط فرهنگ ها"، لاپەرەکانی ٢٩و ٣٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزووتنەوەی راستەقینەی وەرگێڕان لە نیوەی دووهەمی ئەو سەدەیەدا سەری هەڵدا. وەرگێڕانی ئەم سەردەمە بایەخو گرنگی‌یەکی تایبەتیان دا بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەرەستۆو ئەفلاتۆن. سەدەی سێهەمی هیجری، واتە سەردەمی کلاسیکی ئیسلام، سەرەتای سەردەمی زێڕینی وەرگێڕانی ئیسلامی بوو کە تا کۆتایی سەدەی پێنجەم درێژەی هەبوو. بەم جۆرە موسوڵمانان زیاتر لە ٣سەدە بە توندی خەریکی وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی‌و فەلسەفی‌و ئەدەبی‌و ئاییندی‌یەکانی شارستانەتی‌یە کۆنەکان بوون‌و دەستیان بەو گەنجینە مرۆیی گەورەیە راگەیشت کە سەرچاوەکانیان بە ٦زمانی ناسراوی ئەوکات واتە عیبری، سریانی، فارسی، هیندی، لاتین‌و لە هەمووان گرنگتر یونانی بوو. دامەزراوێکی زانستی بە ناوی "بیت الحکمه" بۆ کۆ کردنەوەی وەرگێڕان‌و پاراستنی بەرهەمەکانیان دامەزراو هێندێك وەفد بە مەبەستی دۆزینەوەی کتێبی باش رەوانەی ئێران‌و هیندو قوستەنتەنیە کران.

خەلیفەکانی عەبباسی ئۆگرییەکی تایبەتیان بە کاری وەرگێڕان هەبووو بە مەبەستی گرنگیدانی هەرچی پتر بە وەرگێڕانی بەرهەمە زانستیو فەلسەفیەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی، کەڵکیان لە زمانزانە ئێرانی، هیندی، سابتی، جوولەکەو مەسیحی وەرگرت. ئەوکات سێ ناوەندی وەرگێڕان بریتی بوون لە ئەسکەندەریە، جوندی شاپوورو هەڕات. گرینگترین هەوڵەکان بە مەبەستی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبی لە قوتابخانەی ئەسکەندەریە دەستی پێکرد. قوتابخانەی ئەسکەندەریە کە میراتگری کەلتووری ئەکادیمیی ئاتێن بوو، بوو بە هۆیەکی پێوەندی نێوان هزری یۆنانیو هزری ئیسلامی. بە بڕوای زۆر لە خاوەنڕایان کاریگەریی ئەم قوتابخانەیە لەسەر زانستو فەلسەفەی ئیسلامی یەکجار زۆرە. لەماوەیەکی کورت دا موسوڵمانان شانبەشانی مامۆستایانی مەسیحی خۆیان دەستیان کرد بە کاری وەرگێڕانو لێکدانەوەی ئەو کتێبانە کە بە زمانی عەرەبی نەبوون (بە زمانی فارسی، هیندی، عیبریو سریانی بوون. وەرگێڕانی ئەو سەردەمە هەر بە وەرگێڕانی کیمیاو "طب" وازیان نەهێناو زۆر کتێبیان وەرگێڕا کە

نێوەرۆکەکەیان بریتی بوون لە زانستی سروشتی، "ماوەراء الطبیعة"و ئایینی، هەروەها کتێبی ئینجیلو بەرهەمە مانەویو زەرتشتیەکان کە رۆڵێکی گرنگیان لە پێکهێنانی زانستە دینیەکانی موسوڵمانان دا هەبوو. لە بواری ئەستێرە ناسیو بیرکاریو سیاسەتیش دا هێندێك بەرهەمیان لە هیندیو فارسیەوە وەرگێڕا. جگە لەمەش کتێبەکانی تایبەت بە هەندەسە (ئەندازە)، توبو ئەستێرەناسیی یۆنانیان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی.[٦٤]

وەرگێڕە موسوڵمانەکان بەم کارانەی خۆیان کەلتوورێکی مەزنیان بنیات نا، کەلتوورو شارستانەتیی یونانیان بۆ نێو جیهانی ئیسلام راگوێزت. لە بارەی مێژووی زانستیشەوە، دەبێ بگوترێ کە ئەم وەرگێڕانانە یونانیان لەگەڵ عەرەبستان لێك گری دا، سەرنجی سکۆلاستیکی رۆژئاوایان بۆ لای زانستە یۆنانیەکان راکێشاو سەردەمی کۆنیان لە سەدەکانی

[٦٤] حسین یعقوبی، "زبان، ترجمە، ارتباط فرهنگ ها". لاپەرەکانی ٣٧ـ ٣٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوەڕاست گریٚ دا. بە هۆی ئەم وەرگێڕانەوە بوو کە لاتین زمانان لەگەڵ زۆر بەرهەمی کلاسیك ئاشنا بوون.[٦٥]

## مێژووی وەرگێڕان لە ئێران بە کورتی

تەرجەمە لە ئێرانیش دا ڕابردوویەکی مێژینەی هەیە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا، گەلێك کتێب لە زمانی سانسکریتو یۆنانیو زمانگەلیتردا، بە زمانی پەهلەویی ساسانی وەرگێڕدران. هەرچەند ماکی پەهلەوییەکەیان لەنێو چووە، بەڵام وەرگێڕدراوی هێندێك لەوانە وەك "الف لیلەو لیلە"و "کلیلەو دمنە" ئێستا بە زمانی عەرەب لەگۆڕێ دان. دوای سەرهەڵدانو پێگەیشتنی ئایینی ئیسلام، خاوەن بیرانی موسوڵمان، هێندێك لە کتێبی زانستیو فەلسەفی یونانییان لە زمانەکانی عیبریو سریانی کردە عەرەبی. لەلایەکی تریشەوە

---

[٦٥] حسین یعقوبی، "زبان، ترجمه، ارتباط فرهنگ ها". لاپەرەکانی ٣٧و ٣٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر کتێبی دیکە بەتایبەت تەفسیرەکانی کەلامی خودا، لە عەرەبی‌یەوە بۆ فارسی‌و زمانەکانی دیکە وەرگێڕدران.[٦٦]

هەر لە یەکەم سەدەکانی کۆچی‌یەوە، وەرگێڕدراوی زۆر لە بەرهەمە زانستی‌و فەلسەفی‌یە بڕوا پێکراوەکانی یونان (بە زۆریش لە ڕێگەی زمانی سریانی‌یەوە)، بە عەرەبی کەوتە بەر دەستی ئێرانی‌یەکان. لەلایەکی دیکەشەوە زۆر لە دەقە عەرەبی‌یەکان بە تایبەتی تەفسیرەکانی قورئان وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسی‌و ئەم نەریتەی وەرگێڕان هەتا سەدەکانی دواتر درێژەی هەبوو.[٦٧]

بەڵام وەرگێڕان لە زمانە ئورووپایی‌یەکانەوە بۆ سەر زمانی فارسی، مێژوویەکی ئەوەندە درێژی نیەو هەر سەدو پەنجا ساڵ دەبێ هەیە. "وەرگێڕان لە ئێراندا بە کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانەی "دار الفنون" دەستی پێ کردو لە ئاکامی پەرە ئەستاندنی سەنعەتی چاپو چوونی خوێندکاران بۆ دەرەوەی

[٦٦] د. فاتمە مودەرەسی، محەمەدی قازی وەرگێڕێکی کارامە، گۆڤاری سروە، ژمارەی ١٥٥، جۆزەردانی ١٣٧٨، ل٤٦

[٦٧] حسین یعقوبی، "زبان، ترجمە، ارتباط فرهنگ ها". ل٣٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵات، پەرەی ستاند. بەم هۆیەوە کە مەبەست لە بنیاتنانی ئەم دامەزراوە پەروەردەیییە (دار الفنون) لە سەردەمی "عباس میرزا"و لەسەر پێشنیاری رووناکبیرانو ئازادیخوازان، ئاشنایەتیو فێر بوونی شارستانەتیو زانستەکانی رۆژئاوا بوو، مامۆستایانی بێگانە لەم شوێنە دامەزرێندران. هەروەها بە هەوڵو یارمەتیی ئەم مامۆستایانە، کتێبە دەرسییەکانی بێگانە لە بوارەکانی زانست، ئەدەبیات، مێژوو، پزیشکیو هتد ...دا، وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسی. پاش ماوەیەك لەسەر داوای عباس میرزا، وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی دەستی پێکرد."[٦٨]

یەکەم زمانی ئورووپایی کە بەرهەمی لێ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، زمانی فەرانسە بوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە کە خوێندکارانی ئێرانی زیاتر بۆ فەرانسە نێردراون. ئەگەر لە سەرەتادا وەرگێڕان لە زمانی فەرانسەیییەوە برەوی هەبوو، دواتر لە زمانە ئورووپاییەکانی دیکەوە بۆ وێنە

[٦٨] تاهیرەی سەففار زادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل٢١و ٢٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڵمانی، رووسیو پۆلۆنی، هەنگاری، ئیسپانیاییو پۆرتوگاڵیش، زۆر بەرهەمی ئەدەبی وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسی. ئەحمەد سەمیعی گیلانی، سەرنووسەری "نامە فرهنگستان" دەڵێ: دەشێ دانی پێدا بنرێ زمانی فارسی لە رێگای بەدیهاتنی ئاسەواری زۆری داستانیەوە، دەوڵەمەندتر بووە."[٦٩]

یەکەم شانۆنامە کە لە فەرانسەییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فارسی، شانۆ نامەی "دوورەپەرێز لە خەڵگ" (مردم گريز) بە قەڵەمی Moliere بوو. دوو کتێبی مێژوویی "پێتری مەزن" (پـطر کبیر)و شارلی دوازدەهەم لەو یەکەم بەرهەمانە بوون کە عەباس میرزا بە مەبەستی وەرگێڕان سپاردنی بە میرزا رەزای موهەندیس.

بزووتنەوەی وەرگێڕانو چاپی کتێب بەدوای مەرگی عباس میرزاو فەتحعەلی شا لە رۆژگاری محەممەد شادا، تووشی کزیو

---

[٦٩] فاتمە مودەرەسی، محەمەدی قازی وەرگێڕێکی کارامە، گۆڤاری سروە، ژمارەی ١٥٥، ل٣٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوازی بوو، بەڵام لەسەردەمی ناسرەدین شاو موزەفەرەدین شادا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. محەممەد تاهیر میرزاو محەممەد خانی ئیعتیمادولسەڵتەنە لە پڕکارترین وەرگێڕەکانی ئەو رۆژگارە بوون. لە باشترین وەرگێڕدراوەکانی ئیعتیمادولسەڵتەنە دەتوانین "دوکتۆری زۆرە ملی"، "بەسەرهاتی خاتوونی ئینگلیسی"، "چیرۆکی روبینسۆنی سویسی"و "ژیانو بەسەرهاتی کریستۆف کۆلۆمب" ناو بەرین. زۆربەی ئەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانە، وەرگیراو (اقتباس) بوون تا وەرگێڕان (ترجمە).[٧٠]

لەبارەی دەست پێکردنی وەرگێڕانی "رۆمان" لە زمانی ئورووپاییەوە بۆ فارسی و، ئۆگریی شایەکانی قاجار بە وەرگێڕانی رۆمان، رەزا سەید حوسێنی دەڵێ: "یەکەمین رۆمانەکانی رۆژئاوا بەهۆی شازادەکانو دەرباریەکانی قاجار کە چووبوونە فەرەنگو فێری زمان ببوون، وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسیو ئەوان نە ئەدەبیاتی رۆژئاوایان بە مانای

---

[٧٠] تاهیرەی سەففار زادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، ل٢٢و٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راستەقینە دەناسیو، نە نرخی بەرهەمە ئەدەبیەیە راستەقینەکانیان دەزانی. رۆمانیان بۆ کات بەسەر بردن دەخوێندەوەو بە چیرۆکەکەیەوە سەرگەرم دەبوون، بۆیە هەر بەرهەمێکی لایەنی سەرگەرمیی هەبایە، وەریان دەگێڕایە سەر زمانی فارسی. لەئاکام دا، لەرۆژگارێك دا کە بەرهەمەکانی بالْزاك، دیکێنز، ستاندال، تولێستۆی، داستایوسکیو ناودارانی دیکە، ئامرازێك بوون تا تیۆریسیەنە کۆمەڵایەتیەکانی رۆژئاوا بەهۆی ئەوانەوە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان بە قووڵی بناسن، لە وڵاتی ئێمە "پاردیال"ـەکانو "رکامبول"و "بەسەرهاتی لاوی خۆش رابوێر"و، لانی زۆر "کێنت مۆنت کریستۆ"و سێ چەکدار"یان وەرگێڕا. پاشانیش لەسەردەمی رەزا شادا بەرهەمی رۆمانتیكو عاشقانەی بڕ لە سۆزداری بەم وەرگێڕانانەوە زیاد بوون."[٧١]

---

[٧١] رضا سید حسینی، ترجمه ادبی يك ضرورت است، مجله ادبستان، ژماره ١٠، رەزبەری ١٣٦٩، ل٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، زمانی ئینگلیسی بەرەبەرە جێگای زمانی فەرانسەی وەك زمانی دووهەم و وەك زمانی سەرچاوەکانی وەرگێڕانی گرتەوەو، رۆژ لەگەڵ رۆژ پتر پەرەی ستاند. ئێستا زۆربەی ئەو بەرهەمانەی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی فارسیەوە لە ئینگلیسییەوەن. بەڵام لە نێو باشترین وەرگێڕەکانی ئێرانیش دا، کەسانێك هەن کە تا ئێستاش لە زمانی فەرانسەییەوە تەرجەمە دەکەن.[٧٢]

## ئەزموونی تورکیە لە وەرگێڕان دا:

ساڵی ١٩٤٦، دەستبەجێ بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا، وەزارەتی کەلتوور (وەزارەتی فێر کردنی نەتەوەیی)ی تورکیە لە گۆڤاری چەند زمانەی "وەرگێڕان"دا کە هەر سەر بەو وەزارەتخانەیە بووو تایبەت بوو بە ناساندنی ئەدەبیاتی تورکیە بە میللەتانو ئەدەبیاتی نەتەوەکانیتر بە خوێنەرانی

---

[٧٢] حسین یعقوبی، "زبان، ترجمه، ارتباط فرهنگ ها". لاپەرەکانی ٣٨و ٣٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تورك، پێرستی ٣٠٠٠ بەرهەمی کلاسیکی سەرانسەری جیهانی بڵاو کردەوە. لە نێو ئەو پێرستەدا، لە بەرهەمە کلاسیکەکانی یونانەوە بگرە تا ئورووپاو ئەمریکای سەدەی بیستەم، بەرچاو دەکەوت. ئەو وەزارەتخانەیە داوای لە وەرگێڕان کرد سەردانی ئیدارەیەك بکەن کە هەر بەم مەبەستە دامەزرا بوو. بۆ ئەوەی نموونەی کاری خۆیان بدەن بەو ئیدارەیەو، پاش ئەوەی ئیدارە لەکارەکەیان رازی بوو، لەسەر وەرگێڕانی بەرهەمە کلاسیکەکان لەگەڵیان رێك بکەون. دیارە وەزارەتی کەلتووری تورکیە، بەر لەوەش کە ئەم هەنگاوە بنێ، کاری خۆی دەست پێ کردبوو نزیکەی پێنج سەد بەرهەمی گرنگی بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە وەرگێڕابووو وەك کتێبی گیرفان، لە قەوارەیەکی گونجاوداو بە شێوەیەکی سادەو یەکرەنگ، بە نرخێکی کەم چاپو بڵاوی کردبونەوە. ئەم هەنگاوە، هەنگاوێکی زۆر گەورەو کاریگەر بوو. تورکیە بەم چەشنە بە پێشوازی وەرگێڕان چووبوو بۆیە "یاشار کەمال لە وتووێژێك دا دەڵێ: کاتێك من دەستم بە خوێندنەوە کرد تورکیە بەهەشتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕان بوو، من لە ڕێگای ئەم وەرگێڕدراوانە لەگەڵ شاکارەکانی ئەدەبیاتی جیهان ئاشنا بووم.[٧٣]

## کورتە مێژووی وەرگێڕان لە نێو کورددا

دیارە لە نێو کوردانیشدا، وەك هەموو نەتەوەیەکی دیکە، لە سەرەتاوە وەرگێڕانی زارەکی هەبووەو، دواتر وەرگێڕانی بە نووسین سەری هەڵداوە. کە باسی وەرگێڕان لە نێو کورددا دەکەین دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە هەم وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی دیکەمان مەبەستە، هەم لە زمانەکانیترەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

"کۆنترین سەرچاوە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبێت کە کورد تەرجومەی کردبێت، واتە باسی وەرگێڕانی لە نێوان زمانی کوردیو زمانێکی بێگانەی کردبێت، کتێبەکەی فەیلەسووفی یۆنانی ئێگزێنێفۆنە Exenophon، بە ناوی ئاناباز

[٧٣] رضا سيد حسينى، "ترجمه ادبى يك ضرورت است"، مجله ادبستان، ژماره ١٠، رەزبەری ١٣٦٩، لاپەڕی٣٣

Anabase، کە ٤٠١ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح نووسراوە، ئێگزێنیێفۆن کاتێ دەگاتە ناو کاردۆخەکان Cardouqaues ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە چەکدارە یۆنانییەکان لە رێگای وەرگێڕێکەوە قسەیان لەگەڵ کاردۆخەکان کردووە.[1]
سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی کە لە ساڵی ١٦٥٥دا نووسراوە، دووهەم سەرچاوەیەکە کە ئاماژەی بۆ وەرگێڕان لەنێو کورددا کردوە. ئەولیا چەڵەبی لە سەفەرنامەکەیدا ئاماژە بە یەکێك لە هاودەمەکانی سوڵتان مورادخانی چوارەم دەکا بە ناوی قاوەچیزادە کە کوردی دیاربەکر بووەو بیست زمانی زانیوە. قاوەچیزادە لە کاتی هاتنی باڵوێزی ئوتریشو پۆلۆنیا، چیكو فەرانسەو رووسدا، قسەکانی ئەوانی بۆ مرادخان تەرجەمە دەکرد. ئەولیا چەڵەبی هەر لەم سەفەرنامەیەیدا، بۆ ناساندنی زمانی کوردی بە تورکان، چەند رستەیەکی کوردیی کردۆتە تورکی. "رستەوکان زمانی نووسین نین، بەڵکوو زمانی

---

[1] د. فەرهاد پیربال، مێژووی وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە، گۆڤاری هێما ژمارە ٢، بەهاری ١٣٨٠ (٢٠٠١)، لاپەڕی ١١٢

قسەکردنن، بایەخێکی ئەدەبیی ئەوتۆیان نیە، بەڵکوو بەڵگەنامەیەکی زمانەوانین....، بەم شێوەیە ئەم چەند دێڕە کەمەی نێو کتێبەکەی ئەولیا چەڵەبی دەبێتە یەکەم تێکستی وەرگێڕدراو ـ لە کوردییەوە بۆ زمانێکی بێگانە ـ کە چاپکرابێ"(2)

## کوردو وەرگێران لە دێرزەمانەوە

زۆر لەوانەی لەسەر زمانو ئەدەبیاتی کوردی شارەزانو لێکۆڵینەوەیان کردوە، لەمەدا هاوڕان کە وەرگێڕان لەنێو کورددا لە سەدەی نۆزدەیەمی زایینیەوە دەستی پێکردوە، هەم وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردیو هەم وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی بێگانە.

" لە مێژووی ئەدەبی کۆنی کوردیدا، مەگەر بە دەگمەن، دەنا تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم هیچ سەرەتایەکی ئەوتۆی

(2)ـ د. فەرهاد پیربال، مێژووی وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە، ، گۆڤاری هێما ژمارە ٢، بەهاری ١٣٨٠ (٢٠٠١)، لاپەڕەکانی ١١٣، ١٣و ١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردیو بە پێچەوانەشەوە، بەدی ناکرێت. ئەمەش بە پێچەوانەی گەلانی دیکەی وەك عەرەب، تورك، ئەرمەنو فارس، کە هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە جموجۆڵی وەرگێڕانیان لەلا پەیدا ببوو." [3]

کوردناسانی ئورووپایی لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەستیان کرد بە وەرگێڕانی هێندێك تێکستی ئەدەبی میللیی کوردی بۆ سەر زمانەکانی خۆیانو بڵاویان کردەوە،[4] " لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ مەبەستی تەبشیری مەسیحی ئینجیل وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردیو لە ئەمریکاو بریتانیا بڵاکراوەتەوە."[5]

بەم پێیە کورد نەك هەر لە چاو نەتەوەکانی رۆژئاوا، بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەریشدا، بۆ وێنە بە بەراورد

---

[3] د. فەرهاد پیربال، میژووی وەرگێڕان لە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە، گۆڤاری هێما، ژمارە ٢، بەهاری ١٣٨٠ (٢٠٠١)، لاپەڕەکانی ١١٣

[4] و [5] "دوکتور ماف خەزنەدار، میزگردی "گرنگیی وەرگێڕانو ئاستەنگەکانی"، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ تەمووزی ١٩٩٩، لاپەڕی ١٢٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ عەرەب، تورکو ئەرمەنو فارس زۆر درەنگ رووی کردۆتە وەرگێڕان. هۆی ئەم درەنگ سەرهەڵدانەی لە نێو کورددا، ئەو هەلەمەرجە نالەبارە بووە کە ئەم نەتەوەیەی تێدا، ژیاوە. "بەهۆی ستەمی نەتەوەییو دابەشبوونی کوردستانو چەوسانەوەو بێبەشیو دواکەوتن (ئەویش لەبەر ئەوەی کە لە سەرەتاوە لەگەڵ میللەتانی دواکەوتوو ژیاوینو جگە لە ستەمی سیاسیو جیاوازیگەری نەتەوەییو چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی).... لەبەر ئەو هۆیانەیە کە کۆمەڵی کوردەواری لە بواری وەرگێڕان دا۔ وەك بوارەکانی دیکەی زانستو رۆشنبیری بەجێ ماوە." (6)

بەجێیە بگوترێ بەر لەسەدەی نۆزدەیەمیش، وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی بە تایبەتییش لە زمانی فارسییەوە، بە شێوەیەکی زۆر تاکو تەرا، هەبووە، " لە سەدەی حەڤدەیەمدا، ناوچەی هەورامان، کە بەشێك بووە لە

---

(6) فلك الدين کاکەیی، پێشەکیی یەکەم ژمارەی گۆڤاری وەرزانەی "وەرگێڕان"، هاوینی ١٩٩٧.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میرنشینی سەربەخۆی ئەردەڵان" ، مەڵبەندێکی ئەدەبیی تێدا دروست بوو کە بە دیالێکتی گۆڕان دەیاننووسی ... سروشتی شێعرپەروەریی ناوچەکەو لاسایی‌کردنەوەی خانانی ئەردەڵان لە "دەربار"ی شاکانی ئێران بۆ نازپێدانی شاعیران، دوو هۆی سەرەکی بوون بۆ برەوپێدانی ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی شێعر، لە ناوچەی ئەردەڵان‌و گۆڕاندا .... بەشێك لە شاعیران بە فارسی شێعریان دەگوت، وەك مەستوورە، ئەفسەر، رەونەق، بەشێکی تریش بەرهەمی فارسییان وەردەگێڕایەوە سەر کوردی، لەوانە خانای قوبادی، میرزا شەفیعی کەندولەیی." (1)

"یەکێك لەو تەرجەمانەو رەنگە سەرکەوتووترینیان: خوسرەوو شیرینی نیزامی گەنجەوی‌یە. وەرگێڕانی کوردیی داستانەکە لەلایەن خانای قوبادی‌یەوە (١٦٧٢ - ١٧٥٤) کراوە....، وەرگێڕ، واتە خانای قوبادی، نایشارێتەوە کە لە نیزامی گەنجەوییەوە وەریگرتووە ... بەم شێوەیە خانای قوبادی بە

---

(1) د. فەرهاد پیربال، میژووی وەرگێڕان لە ئەدبیاتی کوردیدا، لاپەڕی (٢٥، ٢٦)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەمین وەرگێڕی کورد دەژمێردرێتو یەکەم نووسەری کوردە کە داستانو شێعری بێگانەی (لە فارسییەوە) کردۆتە کوردی."[2] بەڵام دەبێ بگوترێ ئەو چیرۆکە شێعرییە کوردییانەی لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا بە دیالێکتی گۆرانی نووسراون (خوسرەوو شیرینی خانای قوبادی، رۆستەمو زۆرابو لەیلیو مەجنوون)و بە یەکەمین وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی کوردی دادەنرێن، وەرگێڕانی بەیت بە بەیت نین، بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ دەقە فارسییەکەیان، دەسکاریو زیادو کەمێکی زۆریان تێدا کراوە[3]

دوکتور فەرهاد پیربالٚ لە کتێبی "مێژووی وەرگێڕان لە ئەدبیاتی کوردیدا" ئەو کەسانەی لە قۆناغی یەکەمدا لە ئەو سەردەمە دێرینەی کە کورد نە دەوڵەت نە هیچ دەسەلاتێکی سیاسی، نە هیچ نەخشەدانانێکی کولتووریی بۆ خۆی هەبووە،

---

[2] ـ هەمان سەرچاوە لاپەڕی ٢٧و ٣١

[3] محەممەدی مەلاکەریم، کتێبی "دیالۆگ"، لاپەڕی ٤٨٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شانیان داوەتە بەرکاری وەرگێڕان، دەکا بە چوار دەستەی جۆراوجۆری لە یەکتر جودا کە بریتین لە:

١ـ شاعیرانی (گۆران) لە سەدەی حەڤدەهەمدا,

٢ـ کورد ناسە رۆژئاواییەکان، لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ بەملاوە

٣ـ موژدەگاران، لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ بەملاوە

٤ـ مەلاو شێخو متەصەوفە کوردەکان لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ بەملاوە [4]

مەبەست لە کوردناسە رۆژئاوایی‌یەکان ئەو زاناو دیپلۆماتو سیاسەتمەدارانەن کە زۆربەیان رووس، فەرەنسی، ئەڵمانیو ئیتالیاییو ئینگلیز بوونو لە نێوەڕاستی سەدەی ١٩ بەملایەوە، مەلاکانی کورد هان دەدەن بۆ نووسین، بە تایبەت بۆ کاری وەرگێڕان لە زمانە بێگانەکانەوە بۆ زمانی کوردی. ئامانجی سەرەکیی ئەوان نەك خزمەتی زمانو رۆشنبیریی کوردی، بەڵکوو ناسینی کورد بووە بۆ جێبەجێکردنی

---

[4] مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا" د. فەرهاد پیربال، لاپەڕی ٢٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرژەوەندە بازرگانیو سیاسیی‌یەکانی خۆیان. "هانی مەلاو میرزا کوردەکانی دەوروبەری خۆیان داوە بۆ ئەوەی بابەت وەربگێڕنەوە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە زمانو دیالێکتە کوردییەکانو "جیاوازییەکانیان" بناسنەوە."[(5)]

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەیەمیشڕا دیندارە مەسیحیو ئیسلامییەکان لە بواری وەرگێڕاندا (لە کوردی‌یەوە بۆ سەر زمانی بێگانەو لە زمانی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی) دەست بەکار دەبن. چالاکیی وەرگێڕان لای ئەم دەستەیە، بە ئامانجی دینی یان سیاسی بووەو هەتا چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمی خایاندوە.

هەرچی میسیۆنێرەکان واتە موژدەگارە مەسیحی‌یەکانن، ویستوویانە دینی مەسیحی لە کوردستاندا ببووژێننەوە. هەر بەم مەبەستەش ئینجیلو هێندێك کتێبی دیکەی دینیی خۆیان کردۆتە کوردی.

---

(5) ـ "مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا" د. فەرهاد پیربال، لاپەڕی ٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچی مەلاو شێخو ڕێبەرە دینییەکانی ئیسلامیشە، ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان هەوڵیان داوە بە هۆی زمانی کوردییەوە دینی ئیسلام بڵاوبکەنەوە. بۆیە مەولوودنامەو، عەقیدەنامەو ئەو نووسراوانەیان وەرگێڕاون کە ڕێوشوێنەکانی دینی ئیسلامییان تێدا هاتوە.[6]

## وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی (لە کۆتایی سەدەی ١٩ تا نێوەڕاستەکانی سەدەی ٢٠ )

پەرەسەندنی هەستی نەتەوەییو ڕزگاریخوازیی کورد، دروستبوونی دەیان ڕێکخراوی سیاسیو کولتووریو کۆمەڵایەتی لە ژوورەوەو دەرەوەی کوردستان، هاتنی کوردناسانو ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییەکان بۆ کوردستان، دامەزرانی یەکەمین چاپخانە کوردییەکانو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی، دامەزرانی یەکەمین قوتابخانە کوردییەکانو بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری،

---

(6) هەمان سەرچاوە لاپەڕی ٣٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دروستبوونی پێوەندیی شارستانی بەهێز بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا لە نێوان کوردستانو ئورووپادا بە تایبەتی لە نێوان ئەدەبی کوردیو ئەدەبی ئورووپادا، لە ڕێگای تورکیاوە، چوونی ڕووناکبیرانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە بۆ ئەستەمبۆڵ لەو پێشهاتو ڕووداوانەی نێوان کۆتایی سەدەی ١٩ تا نێوەڕاستەکانی سەدەی ٢٠ بوون کە بوونە هۆی بەرەوپێشچوونی جموجۆڵی وەرگێڕان...... گەلێك لەو ڕووناکبیرانەی لە زانکۆکانی قاهیرە، ئانکاراو ئەستەمبوڵو پایتەختەکانی ئورووپا خوێندبوویانو فێری زمانەکانی تورکی، فەرەنسی، ئاڵمانی، ڕووسیو ئینگلیزی ببوون، ئەو زمانە بێگانانەیان بەکار دەهێنا بۆ وەرگێڕانو تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی.[1]

نیشانەی هەرە دیاری دەست پێکردنی سەردەمی نوێ لە ژیانی ڕۆشنبیریی نەتەوەی کورددا، دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، (کردستان) لە قاهیرەیە کە لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨دا

---

[1] "مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا" د. فەرهاد پیربال، لاپەڕەی٧٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووی‌دا. "لەم رۆژنامەیەدا جاریٚ هێشتا وەرگێڕان نەبۆتە پرۆژە یان دیاردەو نەریتێك، بە دەگمەن بابەتێکی تەرجەمەکراو دەکەوێتە بەرچاو... هۆی ئەمەش، دیارە ئەوەیە کە تا ئەو کاتەش (١٨٩٨) نووسین‌و خوێندنەوە بە زمانی کوردی، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە، قەدەغە کرابوو." [2] بەڵام لە ساڵی ١٩٠٨ بەملایەوە کۆمەڵێك گۆڤارو رۆژنامە بە زمانی کوردی دەردەچن کە بابەتی تەرجەمەکراویان تێدایە. رۆژنامەی کورد(١٩٠٨)، گۆڤاری رۆژی کورد (١٩١٣)، گۆڤاری هەتاوی کورد (١٩١٤)، رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی (بەغدا: ١٩١٨)و رۆژنامەی کوردستان (١٩١٨ ـ ١٩١٧). بەمجۆرە "یەکەمین وەرگێڕدراوەکان لە زمانی بێگانەوە لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییە پێشینەکاندا بڵاوبۆتەوە، چونکە کتێبی وەرگێڕدراو بۆ سەر کوردی پاشتر بڵاوبۆتەوە."[3]

---

[2] محەممەدی مەلاکەریم، کتێبی "دیالۆگ"، ل ٤٨٧

[3] د. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ل ٩٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەدەغەبوونی قسەکردن‌و نووسین بە زمانی کوردی لەو هۆکارە گرنگانەیە کە رۆڵی زۆریان لە بەجێمانی کورد لە کاروانی رۆشنبیریی گەلان‌و لە بواری وەرگێڕاندا هەبووە.

لەدوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٨)و دامەزرانی دەوڵەت نەتەوەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کوردستان بوو بە چوار پارچە. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رێژیمی پاشایەتی، زمانی کوردی قەدەغەکرا. لە تورکیاش بە پێی پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) نووسین‌و خوێندنەوە بە زمانی کوردی قەدەغە کرا. بەڵام لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ەوە، نووسەرانی کورد توانیان درێژە بە نووسین‌و وەرگێڕان‌و کاری رۆشنبیری بدەن. لە یەریڤان (یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران) کوردەکان بۆیان هەبوو کاری رۆشنبیری بکەن‌و چەند بەرهەمێك وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی. کاتێك سوپای ئینگلیز عێراقی داگیرکردو ئاگری شەڕ کوژایەوە، ئینگلیزییەکان دوو چاپخانەیان هێنایە کوردستان، یەکیان لە کەرکووك‌و ئەویتریان لە سلێمانی دامەزراند. میجەرسۆن، حاکمی سلێمانی رۆژنامەیەکی بە ناوی پێشکەوتن دامەزراند کە رۆڵێکی باشی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشە سەندنی تەرجەمەو بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا هەبوو. لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٢ ـ ١٩٢٠، لەم ڕۆژنامەیەدا یەکەم زنجیرەی وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لە لایەن میجەرسۆنەوە بڵاوبۆوە، "بەم شێوەیە مێجەرسۆن سەرنووسەری ڕۆژنامەی پێشکەوتن، بە یەکێك لە یەکەمین وەرگێڕەکان دەژمێردرێتو یەکەم کەسە کە چیرۆكو کورتە ڕۆمانی ڕۆژاوایی (فەرنسیو ئینگلیزی) کردۆتە کوردی." (4)

هەر لەو سەردەمەدا واتە لە ساڵی ١٩٢١ "جەمعییەتی هێڤی جڤاتا تەڵەبەێن کوردان" کە ساڵی ١٩١٠ دامەزرابوو، بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی "هینکەری زمانی کوردی" چاپ کرد کە لە ئەستەمبوڵ لە چاپخانەی نەجمی ئیستیقبال بڵاو دەبۆوە، ئەم بڵاوکراوەیە تەرخان کراوە بوو فێرکردنو دەرسدانەوەی زمانی کوردی (هەر دوو دیالێکتی سۆرانیو کرمانجی) بە زمانی تورکی، چەند لاپەڕەیەکیشی تایبەت بووە

(4) دز فەرهاد پیربال، مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لاپەڕی ٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ بابەتی خوێندنەوە کە ئەوانیش تەرجەمەی تورکی بوون. تەرجەمە لای ئەو کۆمەڵەیە "بریتی بووە لە پرۆژەیەکی نەتەوایەتی؛ ئامانجی ئەوە بووە کە زمانی کوردی فێری کوردە تورکیزانەکان بکەنو بەس؛ تەرجەمە تورکییەکە یارمەتیی ئەو کوردانەی داوە کە زمانی خۆیان نازانن، فێری ببن." [1]

سەرهەڵدانی بزاڤی رۆژنامەنووسی لە کوردستانی عێراق دەبێتە رێخۆشکەری سەرهەڵدانی جموجۆڵی وەرگێڕانو، بڵاوکردنەوەی بابەتی وەرگێڕدراو لە زمانی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی. بە تایبەتی کە ئەم رۆژنامانە ناچار بوون دەنگو باسو هەواڵەکان لە زمانەکانی عەرەبی، تورکیو فارسیو، هەروەها لە زمانە ئوروپاییەکانەوە بکەن بە کوردی. رۆژنامەی "ژیانەوە" لە ژمارەی ٣٧ رۆژی٢٧/٨/١٩٢٥ی خۆیدا پێشنیاری عەبدولواحید نووری (یەکێك لە یەکەمین وەرگێڕە کوردەکان) دەخاتە روو کە داوا دەکات پرۆگرامو مەعاریفو دەرسەکانی میللەتان بکرێن بە کوردیو چاپ بکرێن. لە

(1) هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٩١و ٩٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارەی ٥٠ی هەر ئەم رۆژنامەیەشدا، هەواڵێکی گرنگ هەیە کە باسی پێکهاتنی ئەنجومەنێکی مەعاریف لە لایەن موتەسەریفی سلێمانییەوە بە مەبەستی بە کوردی کردنی کتێبی خوێندنگەکان، دەکا. (2)

لە ١٩٢٦/٢/١٢ نوێنەری باڵای بریتانیا لە نامەیەکی نهێنیدا پێشنیار بە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکا کە نووسینگەیەکی تەرجەمەی کوردی لەبەغدا بکرێتەوە. هەروەها قانوونو کتێبەکانی خوێندن بکرێن بە کوردی. ئەم پێشنیارە بە سەرپەرستیی وەزارەتی مەعاریف جێبەجێ کراو لێژنەیەکی وەرگێڕان دامەزرا. لە یەکی حوزەیرانی ١٩٢٨یشدا، ئەمین زەکی بەگ بە ئیمزای خۆیو ئیمزای عەبدوڵڵا موفتی (نائیبی هەولێر)، محەممەد ساڵح (نائیبی سلێمانی)، محەممەد جافو سەعید وەنداوی (نائیبی کەرکووك)، ئیسماعیل رەواندوزیو مەعرووف جیاوك، یادداشتێکیان پێشکێش بە وەزارەتی

(2) "مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا" د. فەرهاد پیرباڵ، لاپەڕەکانی ١٠٩، ١٠٥، ١٠٢، ١٠١و ١٠٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەعاریفی عێراقو پارلمانی حکوومەتی عێراق کرد کە هێندێك لە داخوازەکانیان لەم یادداشتەدا بە کورتی بریتی بوون لە ١ـ کۆمەڵێك دابنرێ بۆ دانانو وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان بە کوردی، ٢ـ وەدەستهێنانی ماموستا ٣ـ دائیرەی مەعاریف لە مەنتیقەی شیمال بکرێتەوەو هتد. ئەم دوو هەنگاوە دووتەکانو تەقەلای گرنگ بوون لە پێناوی بووژاندنەوەی جموجۆڵی وەرگێڕان. لە رێگای وەرگێڕانی کتێبە ئەدەبیو کتێبە قوتابخانەییەکانەوە لە ساڵانی ١٩٢٠دا، سەدان وشەو زاراوەو دەستەواژەی تازەی بێگانە (ئوورووپایی، تورکیو عەرەبیو فارسی) لەو ماوەیەدا هاتنە نێو زمانی کوردییەوە. جگە لەمانەش جموجۆڵی وەرگیڕانی شانۆگەرییەکانو پیشاندانە شانۆییە تەرجەمەکراوەکان دەورێکی گرنگیان هەبوو لە بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا.

دیارترین رۆشنبیران کە لە سەرەتای قۆناغی ئەدەبی نوێی کوردیدا بەرهەمیان لە زمانی بێگانەوە دەکردە کوردیو، هەوڵی دامەزراندنی بناغەکانی وەرگێڕانو پەرەپێدانی

وەرگێڕانیان لە نێو کورد دەدا ئەمانە بوون: حوسێن حوزنی موکریانی، محەممەد ئەمین زەکی بەگ، میجەرسۆن، پیرەمێرد، رەشید نەجیب، خ. مۆدانی، شیخ نووری شێخ سالح، عەبدولواحید نووری، جەمال عیرفان، عەبدوللا عەلی حیکمەت، سەعید صدقی کابان، میرزا حەسەن کوردستانی، سالح زەکی ساحێبقڕان، مەحموود جەودەت، سەید نووری بەرزەنجی.... (3)

لەو ماوەیەدا کە بەسەردەمێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا ناودێر کراوە، بێجگە لە کوردەکانی عێراق، لە نێو کوردەکانی ئەرمەنستانیشدا پێشکەوتنی زمانو بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتو نووسینی کوردی بەدی دەکرێ. بەڵام لە نێو پارچەکانی دیکەی کوردستان یا لە نێو کوردانی وڵاتانی دیکەدا ئەم جموجۆڵو پێشکەوتنە، نابینرێ. کوردانی ئەرمەنستان لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ رێگەیان پێدرا بە کوردی بنووسنو بخوێننەوەو بڵاوکراوەو قوتابخانەیان بە زمانی خۆیان هەبێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵی ١٩٢١ ئەلفبایەکی ئەرمەنی بۆ زمانی کوردی لەلایەن هاگۆب گازاریان لازۆ دارێژرا کە بوو بە بنچینەیەك بۆ بەکارهێنانی ئەلفوبێی ئەرمەنی بۆ نووسین بە زمانی کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتیدا، چەندین کتێب‌و بڵاوکراوەی پێنووسراوو بڵاوکرایەوە، چەندین قوتابخانەی کوردی کرانەوە. پاشان ئەلفوبێیەکی لاتینی، لەلایەن عەرەبی شەمۆو مارە گوڵێفەوە بۆ کوردەکان دروستکراو جێگەی ئەلفوبێیە ئەرمەنییەکەی گرتەوە کە ١٩٣٠/١/١ڕا بە شێوەیەکی رەسمی کەوتەکار. لە دواساڵەکانی بیستەکاندا ٤٤ قوتابخانەی کوردی لەسەر خاکی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دامەزران، لە ماوەی دوو ساڵی ١٩٣١و ١٩٣٢دا زیاتر لە ٩ کتێب لە رووسی‌و ئەرمەنییەوە کران بە کوردی. یەکەم چیرۆکی تەرجەمەکراوەکە بە کتێب بڵاو کرابێتەوە بریتییە لە: "چیرۆکی سەرهاتیا جاسم" کە حاجی جندی‌و ئەمینی عەڤدال لە ئەرمەنییەوە کردوویانە بە کوردی. رۆژنامەی "ڕیا تازە"ش کە بە پیتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووسی دەرچووە، دەورێکی باشی لە جموجۆڵی وەرگێڕاندا بینیوە.(1)

ماوە ساڵانی ١٩٤٩ ـ ١٩٣٢ کە بە قۆناغی گەشەسەندنی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا دەناسرێتەوە، هەر دوو گۆڤاری "هاوار" لە "دیمەش"و "گەلاوێژ" لە بەغدا دەورێکی کاریگەریان لە بەرەوپێشبردنی جمجوڵی وەرگێڕان دا بینیوە. لەم قۆناغە تازەیەدا وەرگێڕان دەبێتە هونەرێكو پرۆژەیەكو چالاکییەکی دیار. چەند نووسەرێکی بەهرەمەندی ئەوتۆ پەیدا دەبن کە بە ناو زمانە ئورووپاییەکاندا قووڵ بوونەتەوەو شان دەدەنە ژێر باری تەرجەمەو تایبەتمەندی لە بواری وەرگێڕان دا وەردەگرن.(2)

(1) هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی (١١١و١١٠و١٠٩

(2) د. فەرهاد پیربال، مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی چوارەم:

## بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستانی ئەمڕۆدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێوەندیی هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی کورد بە کاری وەرگێڕانەوە

هەر وەك لە بەشی سێهەمی ئەم باسە (کورتە مێژووی وەرگێڕان)دا، ئاماژەی پێ کرا، وەرگێڕان لە نێو کورددا، هەم لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی بێگانەو هەم لە زمانی بێگانەوە بۆسەر کوردی، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە هەیە. بەڵام ناتوانین هەرچی هەوڵدانو جموجۆڵێك لەم تاریخەوە هەبووە، هەمووی بە بزووتنەوەی وەرگێڕان ناوبەرین. چونکە چالاکیو هەوڵدانەکان لە ماوەیەکی زەمانیی دورودرێژ داو، پچڕپچڕ بوونو، پێوەندییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبووە. تەنیا لە هێندێك بڕگەی زەمانیدا، گوڕو تینو بەربڵاوییان تێدا بووە. نە، ئەو کەسو ناوەندانەی لەپشت ئەم هەوڵانە بوون، بەهاو هەنگاوی لەگەڵ یەکتر، هەنگاویان ناوە، نە هەوڵەکان بەپێی پرۆژەو ئامانجێکی دیاریکراوەوە بوون. بە تایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین کە کاری وەرگێڕان لە هەر بەشێکی کوردستان دا، لە زۆر بارەوە جیاوازیی لەگەڵ بەشەکەی دیکەدا هەبووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەم ڕاستییە کە پێشینەی دانان بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونی نەتەوەیەك بە ناوی كورد لە عێڕاقدا لە هەموو وڵاتانی دەوروبەر (خاوەن كورد) كۆنترەو، خوێندنو نووسین بە زمانی كوردی لەم وڵاتە زیاتر لەسێ چارەكە چەرخ مێژووی هەیە:

"رەگی بزووتنەوەی فەرهەنگی ئەدەبی لە كوردستانی عێراقدا لەچاو شوێنەكانی تردا، درێژترە، ئەویش لەبەر ئەوە كە لە ١٩٢٠ەوە ئەتوانم بڵێم زمانی كوردی لەوێ قالبێكی رەسمی وەرگرت. (معارفی كوردستان)لەوێ لەساڵی ١٩٢٠ەوە هەبوو. دیارە بزووتنەوەی فەرهەنگی هونەری بەبێ زمان نابێت، ئەگەر زمان گەشەی لەگەڵدا نەكات هیچ شتێك نیە بشێ بڵێین زمانی فەرهەنگی ئەدەبی ... بنچینەی خوێندەواری لە كوردستانی عێراق دا قایم ترە، زەمینەی فراوانترە، بۆیە كتێبخانەی كوردی كە لەوێ دروست بووە، كتێبخانەیێكی دەوڵەمەندترە، نەك تەنها لە شێعر، چیرۆك، مێژوو، ئابووری بگرە بابەتە زانستیيەكانیشی پێ نووسراوە. نەك هەر ئەوە، تەنانەت لە مەكتەبیش پێی خوێندراوە، هەتا قۆناغی دواناوەندیش كتێبە زانستیيەكان كراون بە كوردی، بۆیە لە جامیعەیێكی كوردیی

ئاوا، هەر یەکە ئەتوانین جیابە جیا باسی بکەین، بلێین ئەوێ وایە، ئێرەش وایە."[٧٤]

ئەمە لە حالێك دایە کە تا ئێستاش لەهیچ کام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا، دان بە بوونی کورد وەك نەتەوەیەك دانەنراوەو مافە نەتەوەیی‌یەکانی ئەو نەتەوەیە بەتایبەتی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە دا، دابین نەکراون.

لە کوردستانی باکوور (تورکیە)، لەدوای پێکهاتنی کۆماری تورکیە لە ١٩٢٣ەوە زمانی کوردی، نەك هەر خوێندن، نووسین‌و خوێندنەوە بەو زمانە، بەڵکوو قسەپێ کردنیشی قەدەغە کرا. پێش ئەو تاریخە "ل ستەمبولا گەلەك رەوشەنبیران ڤیا ب کوردی بنڤسێن، پشتی کۆمار هاتیە ئاڤا کرن‌و سەرهلّدان تێك چوی، رەوشەنبیرێ مە ناچار بوو برەڤێت، لە ولاتێن دی مشەخت بوون."[٧٥] لەدوای سالّی ١٩٩٠،

---

٧٤ شێرکۆ بێکەس، شێعر پێناسەی نیە (وتووێژ)، گۆڤاری "ئاوێنە"، ژمارە ٢٦و ٢٧، سالّی ١٣٧٥ (١٩٩٦)، لاپەڕە ٢٧و٢٨

٧٥ حەسەن کایا (سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە ستەمبولّ) "ئەدەبو هونەر" ی"کوردستانی نوێ"، ژ ٣٩٤٩، پێنج شەممە ٢٠/٤/٢٠٠٦، ل٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تورگوت ئۆزال، سەرکۆماری ئەوکاتی تورکیە، یاسایەکی دەرکردو قەدەغەی لە سەر زمانی کوردی لابرد. بەو حاڵەش هەتا ئێستاش، خوێندن بە کوردی لەو وڵاتە دا هەر نیەو نووسین‌و بڵاو کردنەوە بە زمانی کوردی لە سەرەتای رێگا دایە. "ژ بەر کو زمانێ کوردی ل ترکیا تونەیە، تا بەری سالەکێ ژی وەشان‌و زمانێ کوردی‌و نڤیسین‌و هەر تشتێ - زمانێ کوردی نەفەرمی بون، دهاتنە کرن بەلێ نەدیاسای بون، نوکە رادیۆ یەکێ کوردی هەیەو زمان ژی کورسێن وی هەنە، ئەو ژی نە بناڤێ زمانێ کوردی بەلکو دبێژنێ زمانێن هەرێمی، ئانکو ئەو سانسۆرێن جاران نەماینە، بەلا رەوشەنبیرێ کورد ئاستەنگەکیا دی هەیە، کو خەلك کێم زمانی دزانن‌و چونکو زمانێ کوردی لە خواندنگەها نەهاتە خواندن، ژبەر هندێ ئەڤەژی بۆمە ئاستەنگە لەومانێ خواندەکان‌و نڤیسکار هەر ئێکە"[٧٦]

[٧٦] حەسەن کایا (سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە ئەستەمبوڵ)، "ئەدەب‌و هونەر"ی "کوردستانی نوێ"، ژ ٣٩٤٩، پێنج شەممە ٢٠/٤/٢٠٠٦، ل٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کوردستانی رۆژهەڵات، بەتایبەتی لە دوای رووخانی رێژیمی شایەتییەوە (١٩٧٨) کە خوێندنەوەو نووسین بە زمانی کوردیی قەدەغە کردبوو، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیو بە پلەیەکی نزمتر لە کوردییەوە بۆسەر زمانی فارسی، وردە وردە دەستی پێ کردوە. دیارە بەم هۆیەوە کە کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات کیانی سیاسیی تایبەت بەخۆی نیەو، بەهیچ کام لە مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانی خۆی نەگەیشتوە، هەروەها چونکە دامو دەزگای دەوڵەتی مشوور خۆرو خەمخۆری زمانو ئەدەبیاتی کوردیو، پشتیوانی ئەدیبان، نووسەرانو وەرگێڕانی کورد نین، لە لایەکی دیکەشەوە چونکە خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات زمانی کوردییان بە شێوەیەکی رەسمی نەخوێندوەو، سەرباری ئەمانەش بەم هۆیەوە کە چاپو بڵاو کردنەوە سەرمایەی ماڵیی زۆری دەوێ، هەوڵەکان بە شێوەی تاكو تەران.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی کتێبناسی کە رەزا شەجیعی لەباری چاپو بڵاو بوونەوەی کتێب بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان (یا لە نێو کوردەکانی ئێران دا) کردوویەتی، لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵدا (لە ١٣٣٩ی هەتاوی تا ١٣٨٢ی هەتاوی) سەرجەم ٦٣١ کتێب بە زمانی کوردی لە بواری جۆراوجۆردا لە ئێران چاپ بوون. لەم ٦٣١ کتێبە، تەنیا ٥٧ کتێب (١٦٪ی کتێبەکان) کتێبی وەرگێڕدراو بوون.[٧٧] ئەگەر ئەم ٦٣١ کتێبە بەسەر ئەم ماوە زەمەنی‌یە (٤٣ ساڵ)دا دابەش بکەین، ساڵی کەمتر لە ١٦ کتێب بۆ ١٠ ـ٦ میلیۆن خەڵکی کورد زمانی ئەو وڵاتە بڵاو بۆتەوە، ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە کە داموو دەزگای دەوڵەتی، نەك هەوڵی خزمەتکردنی زمانی کوردی‌و چاپ‌و بڵاو بوونەوە بەم زمانەشیان نەداوە، بەڵکوو کۆسپ‌و لەمپەر بوون لەسەر رێگایان. ئەوەندەی کراویشە بە هەوڵ‌و هیممەتی نووسەران‌و وەرگێڕان خۆیان، یا هێندێك ناوەندی بڵاو کردنەوە بووە کە زۆربەیان نادەوڵەتین.

لە سووریە، بەداخەوە هەتا ئێستاش نەك هەر مافی خوێندن‌و نووسین بە زمانی زگماکی کە یەکێك لە سەرەتاییترین مافەکانی

---

٧٧ رەزا شەجیعی، کتێبخانەی رۆژهەڵات، ل ٩٢ ـ ٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرۆڤە، بەکوردەکان نەدراوە، بەڵکوو تا ئێستاش مافی هاووڵاتێتی بە کوردەکان نەدراوەو رەگەزنامە (جنسیە)ی ئەو وڵاتەیان نەدراوەتێ. بۆیە ئەگەرچی نکۆڵی لەوە ناکرێ کە لە هەر دوو بەشی باکوورو باشووری بچووکی کوردستان، کەسانێك هەبوون‌و هەن کە سەرەڕای ئەم بارودۆخەش هەوڵی نووسین‌و وەرگێڕان بە زمانی کوردی، یا وەرگێڕان لە زمانی کوردی‌یەوە بۆ سەر زمانی تورکی‌و عەرەبییان داوە، بەڵام نە زانیارییەکی ئەوەندە زۆر لە بارەی کاری وەرگێڕان لە نێو ئەواندا، بەدەستەوە هەیە، نە هەوڵ‌و جموجۆڵی تایبەت بە وەرگێڕان لە هەلومەرجێکی ئاوا نالەباردا، دەتوانێ ئەوەندە بەرچاو بێ.

بەسەرنجدان بەم راستی‌یانە، کە باس لە وەرگێڕان لەنێو کورد لە رۆژگاری ئەمرۆدا دەکەین دەبێ پێش هەموو جێگایەك مەبەستمان کوردستانی باشوورو کورد لە عێراق دابێ، پاشان کوردستانی رۆژهەڵات‌و کوردەکانی ئێران، دواتر کوردەکانی دەرەوەی کوردستان (هەندەران). دیارە ئەمە بەومانایە نیە کە کورد لە کۆمارەکانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان، جۆرجیاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێك كۆماری دیكەی سۆڤیەتی پێشوو فەرامۆش بكەین‌و، كاری وەرگێڕان لە نێو ئەوان دا نەبینین. گومانی تێدا نیە كە لەنێو ئەوانیش دا، وەرگێڕان بۆ كوردی، یا لە كوردیی‌یەوە هەیە. بەڵام چەقی قورسایی وەرگێڕان بۆسەر زمانی كوردی یا لە زمانی كوردیی‌یەوە بۆسەر زمانەكانی دیكە، لە نێو ئەوان دانیە.

## بۆچوونی جیاواز لەبارەی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە كوردستان

وەك گوترا ئێمە باس لە وەرگێڕان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەكەین كە لەگەڵ ئەمەش دا حەجمو ڕادەی كاری وەرگێڕان بۆسەر زمانی كوردی، لەهەموو بەشەكانی كوردستان‌و لەنێو كوردەكانی دەرەوەی كوردستانیشدا بەهۆی جۆراوجۆر، لە ڕابردوو زۆر زیاترە، بەڵام دیسانەكە ئەم هەموو هەوڵە بەربڵاوە، ناوەندێكی یەكگرتووو، پرۆژەو پلانێكی گشتی‌و ئامانجێكی سەرانسەریی لەپشت نیە. ئایا بەم وەزعەوە دەتوانین ناوی بزووتنەوە لەسەر ئەم هەوڵانە دابنێین‌و

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوەڕمان بە بوونی "بزووتنەوەی وەرگێڕان" لە کوردستان یا لە نێو کوردان دا هەبێ؟

لە نێو رووناکبیرانی کورد دا ڕای وا هەیە کە پێی وایە نەك لەئاستی هەموو کوردستانو هەموو کورددا، بەڵکوو لە ئاستی کوردستانی عێراقیش دا، شتێك بە ناوی بزاڤی وەرگێڕان نیە:

"بێگومان لە ناوەندی کەلتووریی کورد دا دیاردەیەکی وا لەگۆڕێدا نییە کە بتوانین بەکامڵی نێوی بزاڤیوەرگێڕانی لێ بنێین، ئەمەش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە، وەك ناسەقامگیریی باری کۆمەڵایەتیو سیاسی، نەبوونی ناوەندەکانی پشتگیری، ساوا بوونی زمانی کوردی لەئاست دەقە فیکریو مەعریفییە جیهانییەکان دا، کەمتەرخەمیی قەڵەم بەدەستانو ...تاد ....

دیارە بزاڤی وەرگێڕان لە بنەڕەت دا بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە، واتە پرۆسەیەکە لە ئاستی کۆمەڵگادا، بەڵام هاوکاریو هاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاهەنگیی ناوەندە باڵا دەستەکان (ئەو ناوەندانەی لە پانتایی دەسەڵاتدا ئیش دەکەن) گەلێك پێویستە...."[٧٨]

بەڵام ڕای جیاواز لەمەش هەیە کە سەرنج دەداتە سەر بەربڵاویی کاری وەرگێڕان، فرەیی ئەم بوارانەی وەرگێڕانیان تێدا دەکرێ‌و، ژمارەی زۆری ئەو کتێب‌و گۆڤارو ڕاگەیەنانەی بەرهەمی وەرگێڕدراویان تێدا بڵاو دەبێتەوە. هەر بە سەرنجدان بەم هۆکارانەش بڕوای بە هەبوونی "بزووتنەوەی وەرگێڕان" هەیە:

"ئەوەی ئێستا لە کوردستان لە بواری وەرگێڕان دا هەیە، ڕەنگە بکرێ ناوی بزووتنەوەی وەرگێڕانی لەسەر دابنێین، چونکە ڕووبەرێکی فراوان لەکاری ڕاگەیاندن‌و چاپ‌و بڵاو کردنەوەو ژمارەیەکی زۆر لە قەڵەم بەدەستانی ئەو بوارانەی بە خۆوە خەریك‌و سەرگەرم کردووە، لە ڕێگای هێنانی بیرو ئەندێشەی نوێ‌و کەم ناسراو، کاریگەریی لەسەر ڕوانین‌و بیری

---

[٧٨] فەروخ نێعمەتپوور، گرنگیی وەرگێڕان‌و ئاستەنگەکانی (میزگرد)، گۆڤاری "ڕامان"، ژمارە ١٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٥، ل١٢٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووناکبیران‌و خوێنەرانی کوردستان هەبووەو، بەئامانجی هەرچی زیاتر سوود وەرگرتنی خوێنەری کورد لەم بەرهەم‌و دەسکەوتە فکری، ئەدەبی، هونەری‌و زانستییەکانی گەلانی دیکە، دەچێتە پێش."[٧٩]

ئەگەر بە ئامارو ئەرقام، لە ڕادەو حەجمی ئەم جموجۆڵانە دا بدوێین کە پێوەندییان بە وەرگێڕانەوە هەیە، زۆر باشتر جیاوازیی ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەگەڵ ڕابردوو بەنیسبەت وەرگێڕان لە نێو کورددا دەردەکەوێ. بەداخەوە کۆ کردنەوەی ئامارو ئەرقام‌و بیلانی پێویستیش بۆ ئەم باسە دەستی‌نەداوە. بەڵام لە ڕووی هێندێك زانیاریی دیکەوە دەتوانین گۆشەیەك لەم جیاوازییانە دەربخەین:

لە باشووری کوردستان، کۆمەڵێك دەزگای حکوومی، حیزبی‌و ئەهلی هەن کە تایبەتن بە چاپ‌و بڵاو کردنەوە. هێندێك لەو دەزگایانە بۆ ١٠ساڵ دەچێ دامەزراون‌و بە تایبەتیش بایەخ بە

---

[٧٩] ع. وریا، بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستان‌و پێویستییەکی گرنگ، گۆڤاری "ئایندە"، ژمارە ٦١، تەمموزی ٢٠٠٥، ل٧١

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

چاپو بڵاو کردنەوەی وەرگێڕان دەدەن. دەزگای "چاپو پەخشی سەردەم" لە سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە سلێمانی، دەزگای ئاراس لە هەولێر، دەزگای موکریانی لە هەولێر، دەزگای سپیرێز لە دهۆك، خانەی وەرگێڕان سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری (ئیدارەی سلێمانی)، خودی وەزارەتی رۆشنبیری هەم لە هەولێر هەم لە سلێمانی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)لە سلێمانی، سەنتەری نما لە هەولێر، دەزگای وەرگێڕان لە هەولێرو ... لەو دەزگاو ناوەندانەن کە هەرکام بە نۆرەی خۆیان، ڕۆڵیان لە چاپو بڵاو کردنەوەی کتێبی وەرگێڕدراو دا هەبووە. ژمارەیەك لەم دەزگایانە، جگە لەوەی لەچەند قەبارەدا، کتێب چاپ دەکەن. بۆ وێنە: کتێبی گیرفان، کتێبی ئاسایی‌و هتد، یەك یا چەند گۆڤاری تایبەت بە بەرهەمی وەرگێڕدراویش بەیەك یا دوو زمان دەر دەکەن. بۆ نموونە دەزگای سەردەم، جگە لەوەی گۆڤاری "سەردەم" بەهەر دوو زمانی کوردی‌و عەرەبی بڵاو دەکاتەوە، "سەردەمی زانستی"یشی هەیە کە بەهەر دوو زمانی کوردی‌و عەرەبی دەردەچێ، هەروەها گۆڤاری "ئایندە"شی هەیە کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە نووسینو وەرگێڕدراوی تێدا بڵاو دەبێتەوە. "ڕۆڤار"یشی هەیە کەهەر ژمارەیەکی تایبەتە بە کەسایەتییەکی فەرهەنگیی کورد کە خزمەتی زۆری بەیەك یا چەند بواری ڕۆشنبیریی نەتەوەکەی کردوە. دەزگای سەردەم لە ماوەی ٨ساڵی تەمەنیدا، ٤٣٠ کتێبی چاپ کردووەو ٥ گۆڤاری جیاجیاش دەردەکات، یەك لەو گۆڤارانە گۆڤاری سەردەم لە بەرگەوە بۆ بەرگ تەرخان کراوە بۆ بابەتی وەرگێڕدراو. پاشکۆی سەردەمیش هەیە کە تایبەتە بە وەرگێڕانو ٦مانگ جارێك دەردەچێ. کتێبەکانیشی هەموو بوارەکان دەگرێتەوەو زۆربەیان وەرگێڕانن.[٨٠]

هەریەك لەم دەزگایانەی ناویان برا، هەروەها هێندێك دەزگایتریش، ساڵانە دەیان کتێب چاپو بڵاو دەکەنەوە کە بەسەر یەکەوە خۆ لە نزیك ١٠٠٠ کتێب دەدەن. زۆرترینیشیان وەرگێڕدراون.

---

[٨٠] شێرکۆ بێکەسو شیروان تۆفیق، لە دیداری ڕۆژنامەی "ڕێبازی ئازادی" دا، ژمارە ٤١٨، سێ شەممە ٢٠٠٦/٤/١١، ل٨

بەراوردێك لە نێوان ئێستاو ڕابردوو (پێش ساڵی ٢٠٠٠و دوای ساڵی ٢٠٠٠)، جیاوازیی ئەم دوو سەردەمەمان لە بواری چاپی کتێب بە تایبەتی کتێبی وەرگێڕدراو دا بۆ دەردەخا:
"نزیکەی ٢١٢ ساڵێکە کتێبی کوردی لەچاپ دەدرێت. ئەگەر لە فەرهەنگەکەی گازرونییەوە دەست پێ بکەین، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم تا ئێستا نزیکەی (٢٥٠٠) کتێبێك بە زمانی کوردی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا لەچاپ دراون. لە ناو ئەواندا نزیکەی (٥٠٠) کتێبی وەرگێڕدراو بەرچاو دەکەوێت بە تەفسیرە دینیو فەرهەنگە دوو زمانەو سێ زمانییەکانیشەوە. ئەگەر ڕاستت دەوێت کورد تا ئێستا لە زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، ڕووسی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئەرمەنی، ئیتالی، ئازەریو ئیسپانیەوە بابەتو کتێبی وەرگێڕاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زێدەڕۆیی دەکەم ئەگەر بڵێم لە حەفتا کتێبی باش پتر وەرگێڕدراوە. تۆ سەیر کە لە ماوەی (٢١٢) ساڵداو لە سەرجەمی (٢٥٠٠) کتێبدا لە حەفتا کتێبی وەرگێڕدراوی باشتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبێت، ئەمە چ کارە ساتێکە!!"[٨١] بەڵام بە هاسانی دەتوانین بڵێین هەر لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە تا ئێستا پتر لە ٢٥٠٠ کتێب تەنیا لە باشووری کوردستان چاپ کراوەو، ژمارەی کتێبی وەرگێڕدراو ـ چاکیو خراپیی‌یەکەیان با لێکۆڵەرانو شارەزایانی ئەم بوارە بڕیاری لەسەر بدەن ـ لەم ڕەقەمە زۆر زیاترە.

لەپاڵ کاری ئەم هەموو دەزگاو ناوەندانەی تایبەت بە چاپو بڵاو کردنەوەن، دەبێ ئەم هەموو گۆڤار (وەرزانە، مانگانەو حەوتووانە)و ڕۆژنامەی ڕۆژانە، چەند ڕۆژ جارێك، حەوتوانە، ١٥ ڕۆژ جارێك ببینین کە وەرگێڕان، ڕووبەرێکی فراوانی ئەوانی داگیر کردوە. ڕاگەیەنەکانی دیکەش، ڕادیۆ، تەلەویزیۆنو سایتە ئینتێرنێتی‌یە کوردی‌یەکان، بە بەردەوامی بابەتی وەرگێڕدراو بڵاو دەکەنەوە.

دیارە لە ئێرانو کوردستانی ئێرانیش لەگەڵ ئەوەی ئیمکاناتو دەرەتان بۆ چاپو بڵاو کردنەوە بە زمانی کوردی بە هیچ جۆر

---

[٨١] ئازاد حەمە شەریف، بەبێ وەرگێڕان ئەستەمە ڕۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ (وتووێژ)، ڕامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەممووزی ١٩٩٩، ل ٩٥.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناکرێ لەگەڵ باشووری کوردستان بەراورد بکرێ، بەڵام ساڵانە چەندین کتێب بە زمانی کوردی بڵاو دەبنەوە. چاپەمەنیی دیکەش (رۆژنامەی حەوتووانە، گۆڤاری مانگانە، وەرزیو ناوبەناو) هەن کە وەرگێڕان لە زۆربەیان دا بەشتێکی سەرەکیی بۆ خۆی تەرخان کردوە. رادیۆو تەلەویزیۆنی دەوڵەتییش هەواڵو هێندێك بەرنامە بە تایبەتی لە ئاستی پارێزگە کوردەکاندا بە زمانی کوردی بڵاو دەکەنەوەو، لەم سۆنگەیەوە، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیو لە کوردییەوە بۆسەر زمانی فارسی ڕمێنی هەیە.

## کەمو کورتیو گرفتەکانی بزووتنەوەی وەرگێڕان

سەرەڕای گۆڕانی هەلومەرج بە نیسبەت ڕابردووو، زۆریی دامەزراوو دامودەزگاکانو، بەر بڵاویی کارو چالاکیی وەرگێڕان لە کوردستانو لە نێو کورددا، بزووتنەوەی وەرگێڕان لەگەڵ کۆمەڵێك گرفتو ئاستەنگو کەمو کورتی بەرەو ڕووە کە لێرە دا ئاماژەیان پێ دەکرێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١. لەباری زمانەوانی یەوە:

ئاستەنگو گرفتە زمانەوانیەکانی بەردەم بزووتنەوەی وەرگێڕان لە نێو کورددا بە شێوەی گشتی دابەش دەبنە سەر سێ دەستە:

ئەلف ـ نووسینو وەرگێڕان بەچەند شێوەزارو چەند ڕێنووس

ب ـ زاراوە سازیی نەشیاو

پ ـ کەمو کورتیی زمانی کوردی لەبارەی قامووسەوە

**ئەلف ـ نووسینو وەرگێڕان بە چەند دیالێکتو چەند ڕێنووس**

"ئەگەرچی ئێمە یەکێکین لەو میللەتانەی کە چەندین دیالێکتی جیاوازی ئاخاوتنو نووسینمان هەیە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ هەوڵێکی شمووڵی لە یەکگرتنەوەو تێکەڵ بوونی ئەو دیالێکتانە بەدی نەکراوە کە لە تواناد بێت ببێتە هەنگاوێك بۆ زمانێکی یەکگرتووی کورد*و بەداخەوەش هەر دیالێکتێك بەجودا لەوی دیکە بەچالاکیی ڕۆشنبیریی خۆی هەڵدەستێ، کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنانی کورد هەمیشە ئامانجیان ئەوە بووە ئەو خەونە نەیەتە دی."[٨٢]

نووسینو وەرگێڕان بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیو بە ئەلفوبێی جیاواز، بەڵکوو خزمەتی بە لێك نزیکبوونەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە یەکترو دەوڵەمەندیی زمانەکەیان نەکردوە، بووە بە هۆی لێك دوور کەوتنەوەی خۆیانو هەژاریی زمانەکەیان. چونکە هەتا نووسینو وەرگێڕان بە دیالێکتە جیاوازەکان لەپەرەسەندن دابێ، کەسانی سەر بە دیالێکتێکی دیاریکراو، هەوڵی نووسینو وەرگێڕانو تەنانەت خوێندنەوە بەو دیالێکتە دەدەنو، ئەوانی دیکە پشت گوێ دەخەن. ئەمەش یانی هەرکەسەی دیالێکتی خۆی بە لایەوە گرنگ دەبێو، هەوڵی فێربوونو تێگەیشتنی دیالێکتێکی دیکەو کەڵك لێوەرگرتنی لە نووسینو وەرگێڕانو ئاخاوتن دا نادا. "هەڵبەت جۆراوجۆر[یی] زمانی کوردی نیشانەی دەسەڵاتو توانای

[٨٢] نەجات حەمید ئەحمەد، گرینگیی وەرگێڕانو ئاستەنگەکانی (مێزگرد)، ڕامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩، لاپەری ١٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانی کوردییە، بەڵام لە روانگەی دیکەوە، کوردەکانی لە یەکتر بێگانە کردوە."[٨٣] لێك دوور کەوتنەوەی رۆڵەکانی نەتەوەیەكو زاڵبوونی هەستی ناوچەگەرێتیو گرنگیدان بە

[٨٣] کامران موحەممەد رەحیمی، روونکردنەوەیەك لەسەر زمانو ئەدەبی کوردی باشوور، ئاوێنە، ژمارە ٥٢ـ ٥١

* لە مێزگردێکدا کە گۆڤاری "ویرا" پێکی هێناوە بەشداران لە جیاتی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووش هەر "زمانی یەکگرتوو" بەکار دێنن. ئەمە لەحاڵێك دایە کە پرۆفیسۆر دوکتور عێزەدین مستەفا رەسووڵ لە نێوان ئەم دوانە جیاوازی دادەنێو دەڵێ: هەندێ کەس لای وایە زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان نیە. وا دەزانم زۆرتری شارەزایان، ئەوەی زانست ئەکەن بە چرای بینین، لەسەر ئەو رایەن کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لەسەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی کردووە بە دروستبوونیو رێگەی خۆی گرتۆتەبەرو لە گەشەسەندن دایە. زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو مێژووی نەتەوە خۆی دروستی دەکات. لە درووستبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووشدا زانایانی نەتەوەیەك بەوەی کە لە مێژوو ئەگەنو زاناشن دەتوانن (پێش بین)بنو بزانن مێژوو بەرەو کوێ ئەرواتو ئەوانیش لەگەڵ بەرەوپێش چووندا بنو نەبنە کۆسپی سەرەرێ ...
کەواتە دەمێکە زمانی یەکگرتووی کوردی پەیدا بووە. کە زمانی کوردیەو خاسییەتی تایبەتی خۆی [خۆی] لە رووی گراماتیكو فۆنەتیكو بنەڕەتی فەرهەنگەوە هەیەو هەموو نەتەوەی کورد بە زمانی خۆیانی دەزانن ... کەواتە دەمێکە گومان لەوەدا نیە کە زمانی یەکگرتووی کوردی هەیە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەسەری دوانو لێکۆڵینەوەی دەوێت، ئەوە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە. (لاپەرەکانی ٩١و ٩٢ی کتێبی "بۆ زمان".)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوە زارێك، یەكێك لە ئاكامەكانی ئەم وەزعەیە. ئاكامێكی خراپی دیكەی ئەم وەزعە، هەژارو كەم توانابوونی زمانی نەتەوەكەمانە. ئەگەر زمانێكی ئەدەبیی یەكگرتوومان نەبێ، هیچ دیالێكتێكی زمانەكەمان بە تەنیا، ئەوەندە وشەو زاراوەی نیە كە لە عۆدەی وەرگێڕانی هەرجۆرە بابەتێك، یا بابەت لە هەر زمانێكەوە بێتەدەر.

لە میزگردێك دا كە گۆڤاری "ویرا" بە بەشداریی كۆمەڵێك لە پسپۆرانی زمان، نووسەران، وەرگێڕانو ڕووناكبیرانی كوردستانی ئێران پێكی هێناوە، هەموو بەشداران (١٢كەس)، بە تێكڕا لەسەر پێویستیی هەبوونی زمانێكی یەكگرتووی كوردی پێ دادەگرنو، نەبوونی بە زیانێكی گەورە بۆ ئەم زمانەو نەتەوەی كورد دەزانن. ئەوان نەبوونی زمانی یەكگرتوو وەك هۆیەك بۆ لێك دووركەوتنەوەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی دەبینن.[٨٤]

---

[٨٤] زمانی یەكگرتوو: یانەی سەركەوتن، گۆڤاری "ویرا"، ژمارە ١و٢، ساڵی یەكەم، ١٣٨١، لاپەرەكانی ٥٣و٥٢

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرۆفیسۆر "بوئوتاس" کەمامۆستای وانەوتنەوەی کۆرسی زمانی کوردی لە زانکۆی ئۆپسالای سوئێدە، وێڕای ناوبردنی نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی وەك گرفتێکی گەورەی زمانی کوردی دەڵێ: "بارگرانییەکی دیکەی ئێوەکوردەکان، ئەوەیە کە چەند شێوە ئەلفوبێی جیاواز بەکار دێنن (لاتین، عەرەبیو سریلیك)و تا ئەو جێیەی ئەمن ئاگام لێیە هیچ لایەنێك حازر نیە واز لە ئەلفوبێی خۆی بێنێو بێتە سەر رێنووسی لایەنێکیتر. لەوانەیە بلێین مرۆڤ بە هاسانی ئەلفوبێ جۆراوجۆرەکان فێر دەبێو دەتوانێ کەڵك لە هەمووان وەرگرێ، بەڵام بەکردەوە وانییەو ئەم شێوە بۆ جەماوەر زۆر زەحمەتە."[٨٥]

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە زمانی یەکگرتوو چلۆن دروست دەبێت؟ بە هەوڵی رووناکبیران، نووسەران، وەرگێڕانو زمانەوانانی کوردو، لە ڕێگای تێکەڵکردنی دیالێکتەکان؟ یان بە

[٨٥] پرۆفیسۆر بوو ئۆتاس، کوردی زمانێکی سەربەخۆو سەربەستە (وتووێژ)، گۆڤاری "گزنگ"، ژمارە٦، زستانی ١٣٧٣ (١٩٩٥)، چاپی سوئێد، لاپەری٢٥.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

هۆی دەسەڵاتێکی سیاسیی ناوەندیو، لە ڕێگای زاڵکردنی دیالێکتێك بەسەر ئەوانی دیکەدا، واتە بەهۆی بەسەرانسەری کردنی یەکێك لە دیالێکتەکانو خوێندنو نووسین بەو دیالێکتە؟ گومان لەوەدا نیە کە ڕووناکبیران، نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانی کورد دەتوانن بەشێوەیەکی زانایانە بۆ نزیککردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە یەکتر، هەوڵ بدەن. بەڵام چونکە ئیمرۆ کوردەکان بنەمای سیاسیی کارێکی وایان نیە (لە ئاستی هەموو کوردستان دا، لێکۆڵەر). مەسەلەکە تاڕادەیەك بە زەحمەتە.[٨٦] دیارە "بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە تەنیا ئێستا ڕەنگە کوردستانی عێراق بتوانێ ڕێ پیشاندەری ئەو بزووتنەوەیە بێت. چونکە ئەوان ئێستا لە وڵاتێکی نیمچە سەربەخۆو حکوومەتێکی نیمچە فیدراڵدا دەژینو بۆ هەڵسووڕاندنی کارو دەسەڵاتیان هەیە."[٨٧]

---

[٨٦] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕ

[٨٧] سەلاحەدین ئاشتی، "زمانی یەکگرتوو: یانەی سەرکەوتن (میزگرد)، گۆڤاری "ویرا"، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥٢، ل٥٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر لە نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ هەموو کورد دا، سەرنجەکان دەچنە سەر حکوومەتی هەرێم لە کوردستانی عێراق کە ڕۆڵی بنەڕەتیی لە پێکهێنانو جێگیرکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی دا بگرێتە ئەستۆ، لە دەستنیشانکردنی دیالێکتێکیش وەك بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردی، زۆر لە زمانەوانان، نووسەرانو ڕۆشنبیرانی کورد دیالێکتی سۆرانی - کە ڕاسترە بڵێین کرمانجیی خواروو، پێشنیار دەکەن. هۆیەکەشی ئەمەیە لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، چەند تەجروبەیەکی پەیدا بوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی هەیە کە هەریەك چەند هەنگاو بەرەو پێشەوە چوون، "بەڵام ئەو کۆسپو ناسۆرانەی بەسەر نەتەوەی کورد هاتوون، بوونەتە هۆی کز کردن یا مردنی ئەو تەجروبەیەی کە پاش ماوەیەك یا سەدەیەك لە شوێنێکیتری وڵاتەوە سەری هێناوەتە دەرەوە ... تا ئەم تەجروبەیەی ئێستا کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێ کردووەو تا ئێستا بەردەوامە. ئەم شێوە نووسینەی ئێستا لە بەشی زۆری کوردستانی عێراقو ئێراندا پێی دەخوێندرێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

[دەخوێندرێتەوە]و دەنووسرێ‌و زمانی ئەدەبیاتە، شێوە نووسینێکی یەکگرتووی کوردی‌یە کە هەموو خاوەنانی کرمانجیی خواروو (سنە، سلێمانی، سۆران، موکریان)و نووسەرانی کوردی گۆران‌و هەندێ نووسەری کوردی لوڕ بەکاری دەهێنن."[٨٨] بەڵام لەسەر چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو زمانە یەکگرتووە، جیاوازیی بیروڕا زۆرە. هەیە پێی وایە زمانی یەکگرتوو دەبێ "لە تەواوی زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانێك دروست بێ‌و تەواوی ئەو وشانەی لە تەواوی زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانێکدا بەکار دێت‌و رەسەنن، بەو مەرجەی لە چوارچێوەیەکی زانستی دابن، هەڵ بژێردرێن‌و زمانێکی یەکگرتوو دروست بکەن."[٨٩] هەشن کەسانێك کە "زاراوەی سۆرانی" بەم هۆیەوە کە لە سەردەمی شێخ مەحموودەوە پێی خوێندراوەو کاری پێ کراوەو زۆربەی شێعرو ئەدەبو فەرهەنگی کوردی بەو زاراوەیەن‌و ئێزگەکانی رادیۆو

---

[٨٨] پرۆفیسۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ، "بۆ زمان"، لاپەڕەکانی ٩٤و ١١٣

[٨٩] زمانی یەکگرتوو: یانەی یەکگرتن، گۆڤاری "ویرا" ساڵی یەکەم، ژمارە٢و١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەلەویزیۆن بەرنامەیان پێ بڵاو کردۆتەوەو تێکەڵاوێکە لە زاراوەکانی باکوورو نێوەراستو هتد، تاڕادەیەکی زۆر وەك زمانی یەکگرتووی سەیر دەکەن.[٩٠] "ئەم زمانە ئەدەبییە ماوەی حەفتا ساڵە زمانی نووسینو خوێندنو زانستو رۆشنبیرییەو سەرچاوەیەکی زۆری ئەم بوارانەی بە شێوەی کتێب پێ بڵاو کراوەتەوەو دەوری سەدو حەفتا ساڵیشە بەردەوام زمانی شێعرەو رۆژبەرۆژیش لە گەشە سەندندایە"[٩١]

ئەرکی ئەم نووسینە ئەوە نیە کە چۆنیەتی دروستکردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێشنیاز بکاو، ئەمە شتێك نیە بە هاسانیو لە کورتخایەنو لە چوارچێوەی بەشێك لە کوردستان دا، چارەسەر بکرێت. بەڵام دەکرێ لە ئێستاوەو لە ئاستی نەتەوەیی دا هێندێك هەنگاو بە مەبەستی دروستکردنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو لە داهاتوودا بنرێ.

[٩٠] هەمان سەرچاوە

[٩١] د. رەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمانو رێزمانی کوردی، ل٨٩

ئەگەر قەبووڵمانە کە "نووسینو بڵاو کردنەوەی ئەدەبیاتو گۆڤارو رۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنو خوێندن بە دوو زاری جیاواز، یا چەند زارێك، دەبێتە هۆی گەشە کردنی زاری زمانو لێك دابڕانو پارچەپارچە بوونی نیشتمانو میللەتو کۆمەڵی میللەتەکە، لە یەکترو بەردەوامیو گەشە سەندنی وەکو دیاردەیەك دەیانکات بە زمانی جیاوازو میللەتی جیازاز."[92] دەبێ نەك هەر پەرە بەم دیاردەیە نەدەین، بەڵکوو بە نیازی خزمەت بەداهاتووی نەتەوەکەمانو بەرژەوەندە نەتەوەیییەکانمان، بەدوور لە دەمارگرژیو ناوچەگەری لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرو هێنانەدی زمانێکی یەکگرتوودا بجووڵێینەوە. بەتایبەتی کە ئێستا لە باشووری کوردستان، کورد خاوەنی حکوومەتو پارلمانەو دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هەڵکەوتوە، جێگای خۆیەتی "بە نەخشەیەکی زانستی بەرەو لەدایکبوونی زمانی ستاندارد بچین". چونکە "یەك نەتەوە هەر دەبێ یەك زمانی نووسینو خوێندنو ئەدەبیاتی هەبێت کە

[92] د. رەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمانو ڕێزمانی کوردی، ل88

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووی خۆی دروستی دەکاتو دەبێ کۆششی زانستیی زانایانو بەرهەمی نووسەران بە هۆشیاریيەکی سیاسیيەوە بچێتە ناو تەوژمی مێژووەوە."[٩٣]

## ب. زاراوە سازیی نەشیاو

زۆر لەوانەی کاری وەرگێڕان بۆسەر زمانی کوردی دەکەن، باس لە کەم توانایی یا دەست نەدانی زمانی کوردی بۆ وەرگێڕانی بابەتی فکری، فەلسەفی، زانستیو هتد دەکەنو، پێیان وایە ئەم زمانە بەم هۆیەوە کە ئەم جۆرە بابەتو زانستانە، پێشینەیەکی درێژیان لە نێو کورددا نیە، یا بەهۆی مانەوەی کورد لە دواکەوتوویيو ژیانی ئاژەڵداریو کشتوکاڵیدا، وشەو زاراوەی پێویستی بۆ وەرگێڕان لەم بوارانەدا نیە، یا ئەگەر زمانەکەش بە هەژارو کەم توانا نەزانن، باوەڕیان بە ناهاوسەنگیی زمانی کوردی لەگەڵ هێندێك زمانەکانی دیکە هەیە.

---

[٩٣] پرۆفیسۆر د. عێزەدین مستەفا رەسووڵ، بۆ زمان، ل١٦٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"زمانی کوردی بەهۆی جۆراوجۆر هێشتا لەم ئاستەدا نیە، هەر بۆیە لەکاتی وەرگێڕاندا گیرو گرفتی جۆراوجۆر دێنە ئاراوە. هەڵبەت ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە هیچ دەقێك کتومت وەك خۆی ناچێتە سەر زمانێکی دیکە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە وەرگێڕان بۆسەر زمانی کوردی هێشتا ئێمە بەدەست کێشە سەرەتاییەکانەوە دەناڵێنین[.] بەڕای من گرفتەکە تەنیا لە زاراوەو موفرەدو دەستەواژەکاندا نییە بەڵکو لەوەدایە کە ئێمە هێشتا خاوەن بەهرەی فیکریی پێویست لە وەرگێڕاندا نین، بۆ وێنە لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکی فیکریدا دەبێ وەك مانا دەقەکەمان بە جوانی وەرگرتبێ[،] ئەمە لای ئێمە هێشتا وەك خۆی نیە."[٩٤]

کەسانێکیش هەن دەڵێن ئەم زمانە دەوڵەمەندەو، یا هەر لە بنەڕەت دا باوەڕیان بە بوونی زمانی هەژارو زمانی دەوڵەمەند نیە "بەڵکوو زمانی هەژار کراوو زمانی دەوڵەمەند کراو هەیەو

[٩٤] فەروخ نیعمەتپوور، گرنگی وەرگێڕانو ئاستەنگەکانی (میزگرد)، ڕامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩، ل١٣٠

هەموو زمانێك کە بەڕاستی زمان بێت بەشی ئەوە دەکات کە هەموو بابەتێکی پێ دەرببڕدرێت."[٩٥] بەڵام لەگەڵ داننان بەم ڕاستییەش دا پەنجە بۆ کەمو کورتیی دیکە ڕادەکێشن. یەك لەو کەمو کورتیانە هەژاری لە زاراوەسازیدایە:

"... زمانی کوردی دەوڵەمەندە، بەڵام لە بواری زاراوە سازیدا نەخێر، تەنانەت لەسەدا دەی (١٠٪)ی زاراوەکانیشمان نین، جگە لەمەش بۆهەر زاراوەیەك (٧ـ٨) زاراوەمان داناوە، ... کەواتە یێکخستنی زاراوەکان کارێکی زۆر پێویستی ئێمەیە! کێ یەکیان بخات؟ کەی؟ چۆن؟ ئەمن نایزانم. بەم شێوەیە، لێرەوە، تەرجەمەکەی منیش لەبواری زاراوەسازیدا، لەوانەیە سەر لە خەڵك بشێوێنێت."[٩٦]

بەڵام کەمیی زاراوە چۆن چارە سەر دەکرێت؟ بەگەڕان لە نێو دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردیداو دۆزینەوەی ئەو وشەو دەستەواژەو زاراوەی مەبەستمانە؟ یان ئەمە ناتوانێ

[٩٥] ئازاد حەمە شەریف، بەبێ وەرگێڕان ئەستەمە رۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ" (وتووێژ)، ڕامان، ژمارە ٣٧، ل٩٣

[٩٦] د. فەرهاد پیرباڵ، سەرچاوەی ژمارە ١، ڕامان، ژمارە ٣٧، ل١٢٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو پێداویستیی وەرگێڕ دابین بكاتو چار ناچار دەبێ پەنا بۆ زاراوە دروستكردن ببا؟ گومانی تێدانیە ئەگەر وەرگێڕ شارەزای زۆر لە دیالێكتەكانی زمانی كوردی بێ، باشترو خێراتر لە عۆدەی دۆزینەوەی وشەو زاراوەی پێویست دێتە دەرێو، دەتوانێ بەشێك لە پێداویستیەكەی هەر بە وشەكانی زمانی كوردی پڕ بكاتەوە. بەو حاڵەش هێشتا هەر كەم دێنێو، بمانەوێو نەمانەوێ چاری ئەم كەمو كەسریەیە، زاراوە دروستكردنە. بەڵام قسە لەوەدایە كە ئایا ئەم كارە كارێكی تاكەكەسیەیە، ئایا هەر وەرگێڕێك بۆی هەیە زاراوە دروست بكا؟ بەرهەمی ئەم هەوڵدانە تاكەكەسیو زۆربەی جار ناشیانەیە، چ بووە بێجگە لە سەرشێواندن لە خوێنەرو داهێنانی كۆمەڵێك زاراوەو دەستەواژە كە هەم بەلای زۆرایەتیی خوێنەرانی كوردەوە نامۆن، هەم شارەزایانی زانستەكانو، كوردیزانان لەگەڵیان دا نین؟

بۆ خۆپاراستنی لە زاراوە سازیی نەشیاوو نەگونجاو چەند خاڵێك پێویستن:

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١ـ شارەزایی تەواوی وەرگێڕ لە زمانەکەی خۆی (شانبەشانی شارەزایی لە زمانێك کە لێی وەردەگێڕێ). مەبەست لەم شارەزا بوونەش، هەم لایەنی ڕێزمانی دەگرێتەوە، هەم واتا سازی. بۆ ئەوەی ئەگەر لە زمانەکەی خۆشیدا "زاراوەیەکی دەقاودەق و هاوواتای وەگیر ناکەوێت، ئەم بتوانێ چەمکەکەی لە شێوەیەکی ئێجگار دروستو گونجاو دا دەربڕێت کە خوێنەر قەت هەست بە کەمو کورتیو ناتەواویی نەکاتو لە مەبەستەکەیش تێ بگات."[٩٧]

هەروەها شارەزایی وەرگێڕ لە زمانی کوردی، بەم مانایەیە کە سیستەمی زمانەکە بزانێت. "واتە ئەو تەختە شەترەنجەی کە کارو فرمان دەداتە بەردەکانو ناوو شوێنیان پێ دەداتو ڕێسای جوڵانەوەیان بۆ دیاری دەکات[.] ئینجا سیستەمی

---

[٩٧] مەجید ئاسنگەر، گرنگی وەرگێڕانو ئاستەنگەکانی (میزگرد)، رامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩، ل١٣٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمان کە بەردەکانی (واتە وشەو زاراوەو دەستەواژەکان)ی لەسەر ڕیز دەکرێن گرنگترە لە ژمارەو جۆری بەردەکان."[٩٨]

٢- پێویست ناکا هەموو وشەکانی نێو دەقی بنەڕەت، وەربگێڕدرێن، ناوی زۆر ئامێرو کەلوپەلی ژیان کە ناوەکەیان بووە بە ناوێکی نێونەتەوەیی، ئەگەر هەر بەو ناوە بێنە نێو زمانی کوردی، باشترە لەوەی ناوێکیان لێ بنێین کە بە گوێی خەڵك داناچێ و، وەری ناگرن. دیارە بەم هۆیەوە کە وڵاتە دواکەوتووەکان لە بەرهەمهێنانی کاڵای جۆراوجۆردا، هیچکات ناگەنە وڵاتە سەنعەتی‌یە پێشکەوتووەکان، ژمارەی ئەو جۆرە ئامێرانە کە دێنە نێو ژیانی ڕۆژانەی ئێمە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەزیاد بوون دایە. بەم پێ‌یە لەوانەیە هەزاران وشەی بێگانە لەم ڕێگایەوە بێتە نێو زمانمان. "دیاردەیەك کە دەبێتە هۆی ئەوە وشەی بێگانە بێتە نێو زمانێك، پێویستییە. وەرگێڕانی هێندێك لەو وشانە لەبەر ئەوەی نوێنەر یا ناوی

---

[٩٨] ئازاد حەمە شەریف، بەبێ وەرگێڕان ئەستەمە ڕۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ" (وتووێژ)، ڕامان، ژمارە ٣٧، ٥ی تەمموزی ١٩٩٩، ل٩٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامرازێکی پیشەسازی وەك سینەما، رادیۆ، تەلەفزیۆنو هتدن، پێویستەو ناکرێ خۆی لێ لادەین. هەروەها کاتێکیش کە ئەم کەلوپەلو ئامرازانە دێنینە وڵاتی خۆمان، دەبێ ئەو وشەو دەستەواژانەش کە نیشاندەری چۆنیەتیی کەلك وەرگرتن لەوانن، هەر چۆنێکن، هەر ئاوا وەریان بگرینو بەکاریان بێنین.

بۆوێنە:

| | |
|---|---|
| چوونە سینەما | to go to a movie |
| چاو لە تەلەفزیۆن کردن | to watch television |

هێندێك واتا هەن کە دێنە نێو دابونەریتی کۆمەڵایەتیی ئێمەوەو دەبنە یەکێك لە ڕێوشوێنو نەریتەکانمان، بۆ وێنە

| | |
|---|---|
| جێژنی لەدایکبوون | Birth day party |
| رۆژی دایك | Mothers day |

... ئەم جۆرە واتایانە ـ کە وەك دەستەی یەکەم چۆنن، هەر وا هاتوونە نێو زمانی ئێمە ـ ئەگەر زمان دەوڵەمەند نەکەن، زیانێکی ئەوتۆشی پێ ناگەیەنن. دیارە دەبێ کاریگەریی چاكو خراپیان لەسەر کەلتووری کۆمەڵ هەڵ سەنگێندرێ کە ئەوە بۆخۆی باسێکی جیاوازە ... بەڵام ئەوەی راستەوخۆ زەبر لە

زمان دەداو ... [دەبێ] پێشی پێ بگیرێ، وەرگێڕانی وشەبەوشە (تحت الفظی)ی ئەو واتایانەیە کە لە زمانی ئێمەدا، هاوتایان نیە."[٩٩]

٣ـ زاراوە سازی کاری بەتەنیا وەرگێڕێك نیە، ئەمە هەم کارێکی نازانستیيە هەم ناسەرکەوتوو. چونکە وەرگێڕ ئەگەر هەردوو زمانەکەش (زمانی بنەڕەتو زمانی مەبەست) بەباشی بزانێت، خۆ لە هەموو بوارەکان دا هەر شارەزاو پسپۆڕ نیە. وەرگێڕ یا هەر کەسێك کە جۆرێك لەکاری زمانەوانی دەکا، دەتوانێ زاراوەی پێویست بدۆزێتەوە، یا تەنانەت لەسەر بناغەیەکی گونجاو، دروستی بکا. بەڵام ئەگەر بیهەوێ گشتگیر بێو جێگای خۆی (بۆ مەبەستە نوێیەکە) لە زمان دا بکاتەوە، دەبێ پێشنیاری بکا بە شوێنێکی وەك کۆڕی زانیاری (فەرهەنگستان) بۆ ئەوەی لەوێوە پێشنیار بکرێ.

گومان لەوەدا نیە زمانی کوردی هەر بەوەندە وشەو زاراوەیە کە هەیەتی، ناتوانێ دەروەستی وەرگێڕانی هەموو جۆرە

---

[٩٩] تاهیرە سەففارزادە، بنچینەکانی وەرگێڕان، لاپەڕەکانی ٢٥و٢٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەتێكو زانستێك بێت. هەر بۆیە هەم پێویستی بە خواستنەوەی زاراوەی بیانی هەیە، هەم بە دروستكردنی زاراوە ئێمە لە داهێنانی وشەی نوێو دروستكردنی زاراوەدا، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەزموونی نەتەوەكانی دەوروبەرمان، دەتوانین شتی باشیان لێ فێر بین. فەرهەنگستانی زمانو ئەدەبیاتی فارسی بەدەیان گرووپی ڕانانو هەڵبژاردنی وشەی هەیە كە هەر كامێكیان لە بوارێكی زانستیو پسپۆریی تایبەت دا، بەدوای هاوتای فارسیی وشەكانی پێوەندیدار بە بوارەكەی خۆیان دا دەگەڕێن. هێندێك لەم گروپانە بریتین لە:

زانستە ئەندازیارییەكان، ئاوەدانی، فیزیا، گەشتو سەیران، پزیشكی، باغەوانی، هاتوچۆی نێو شارو دەرەوەی شار، هاتوچۆی نێو دەریا، كامپیوتێر، بیركاری، زمانەوانی، بایۆلۆژی، كیمیا، زانستی بناغە، زانستی زەوی، مۆسیقا،

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندازیاری کارەبا، ئەندازیاریی کیمیا، سوپا، وەرزش، کەشناسیو هتد.[١٠٠]

لەم گروپانەدا مامۆستایانی زانستگە، ئەندامانی لیژنە زانستییەکانی زانکۆکانو پسپۆڕان بە تایبەتی ئەوانە کە ڕابردووی نووسینو وەرگێڕان لە بواری پێوەندیداریان دا هەیە، لە ماوەی دیاریکراودا کۆ دەبنەوەو لەسەر ئەو وشانە کە دەبێ هاوتایان بۆ بدۆزرێتەوەو، لەسەر ئەو وشانەی وەك هاوتا پێشنیار کراون، باسو هەڵسەنگاندن دەکەن. لە پلەی یەکەم دا هەول دەدەن لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، واتای وشەکە بە ڕوونی دەست نیشان بکەن، پاشان نۆرەی قۆناغی هاوتا دۆزینەوە دێ کە هەوڵ دەدەن هاوتاکان بۆ زمانەکەیان نامۆ نەبنو، بە هاسانی گۆ (تلفظ) بکرێنو، واتا بە ڕوونیو بەوردی بگەیەنن. لەو هاوتایانەدا، دەبێ ڕێساکانی دەنگسازیی زمانەکە، رەچاو کرا بێو، لە هەمووی ئەمانە گرنگتر، توێژی

---

[١٠٠] "خبرنامه فرهنگستان زبانو ادب فارسی"، ساڵی حەوتەم، ژمارە ٧٢، سەرماوەزی ١٣٨٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندەوارو پێوەندیدار بە بوارەکە، وەری بگرنو بەکاری بێنن. لەدوا قۆناغ دا فەرهەنگستانی زمانو ئەدەبیاتی فارسی، ئەم وشەو زاراوەو هاوتایانەی، گرووپەکان کاریان لەسەر کردوون، لە ڕێگای بڵاو کراوەکانی سەر بە فەرهەنگستانو ڕاگەیەنە گشتییەکانەوەو، وەك پێشنیار، لە فۆرمێکی تایبەتی دا بە ئاگاداریی خەڵکیان دەگەیەننو هەر لەم کاتەشدا بە خەڵك دەڵێن ئەمانە پێشنیاری ئێمەن بۆ فلان وشەی بێگانە، ئەدی پێشنیاری ئێوە چییە؟[١٠١]

ئێستا کە بەخۆشیەوە کورد لە عێراق کیانی سیاسیو نەتەوەیی تایبەت بەخۆی هەیەو، دامو دەزگا حکوومەتییەکان ڕەوتی یەکگرتنەوەیان گرتۆتە بەر، کۆڕی زانیاریی کوردستانو کۆلیژەکانی تایبەت بە زمانو ئەدەبیاتی کوردیو کولیژەکانی وەرگێڕان، دەتوانن هۆکارێکی باش بن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پێوەندیدار بە دروستکردنی وشەو زاراوەی نوێو،

---

[١٠١] "خبرنامه فرهنگستان زبانو ادب فارسی"، ساڵی حەوتەم، ژمارە ٧٢، سەرماوەزی ١٣٨٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆزینەوەی هاوتاو، هاندانی نووسەران، وەرگێڕانو ڕاگەیەنەکان بۆ بەکار هێنانیان. دیارە لەپاڵ هەلومەرجو بنەما پێویستەکان دا، زەوقو سەلیقە لە هەڵبژاردنی هاوتا دا، زۆر گرنگەو دەتوانێ هۆکارێکی باش بێ بۆ برەو پێدانیان. "کێهەیان [لەم وشەو زارانە] لە بارەو زەوق دەیگرێ، زەوقو سەلیقەی ڕەسەن، ئەوە خۆی بەسەر خامەی نووسەردا، بێ ئەوەی هەستی پێ بکا، دەسەپێنێ، ... کێهەش لە زەوقو سەلیقە بەدەرە، ئەوە هەر بۆخۆی لەبیر دەچێتەوە، بازاڕی کز دەبێ. بە زۆر نیە، بە وشە داتاشین نیە، بەسەرکەوتنی زەوقو سەلیقەیە."[١٠٢]

دیارە پێویستە شوێنێك هەبێ کە ئەم وشەو زاراوە نوێیانە یا هاوتا پێشنیار کراوەکانیان لێ کۆ بکرێتەوەو، وەرگێڕەکان بە هاسانی دەستیان پێ ڕابگا. دەکرێ هەر وشەیەکی نوێ دروست کرا بدرێ بە ماڵپەڕە ئینترنێتییە تایبەتیەکان بۆ

[١٠٢] شوکور مستەفا، وتووێژ لەگەڵ "ئەدەبو هونەر"ی ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٥١، خەزەڵوەری ١٣٧٦، لاپەڕە ٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی وەرگێڕ بە هاسانی کەلکی لێ وەربگرێ. ئەم کارە هەر ئێستا لەو وڵاتانی دەرەوەو تەنانەت لە وڵاتانی عەرەبییش دا دەکرێ. ئەوان بانکی پێشکەوتوویان بۆ تۆمار کردنو ڕاگرتنی وشە هەیە."[١٠٣]

## پ ـ کەمو کورتیو پێویستیی زمانی کوردی لەباری قامووسەوە

ئەگەرچی لە دانرانی یەکەم فەرهەنگی کوردییەوە (فەرهەنگا نوبهار بۆ زارۆکێت کوردان، ١٦٨٣) تا ئێستا نزیك بە ١٢٠ فەرهەنگ یا قامووسی زمانی کوردی دانراونو چاپو بڵاو بوونەوە،[١٠٤] بەم حاڵەشەوە، ئێمەی کورد لەباری قامووسەوە کەموکورتیی جۆراوجۆرمان هەن.

---

[١٠٣] دوکتور غولامرەزا زات عولیان، "هزار نکتە باریکتر از مو باریکتر اینجاست"، رۆژنامەی "قدس"، ژمارە ٢٨١٦، ساڵی دەیەم، رەزبەری ١٣٧٦، لاپەڕی٨

[١٠٤] جەلال مەحموود عەلی، فەرهەنگسازی (تایبەت بە سیمیناری فەرهەنگی کوردی)، نووسەری نوێ، ژمارە ١٩، کانوونی یەکەم، ٢٠٠١، ل٦٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەم شت کە لەو بارەوە هەستی پێ دەکرێ ئەوەیە "هەموو ئەو فەرهەنگانەی کە بۆ زمانی کوردی دانراون، کوردی ـ بۆ کوردی، کوردی بۆ زمانی تر، زمانیتر بۆ کوردی، بۆ هەر ئامانجێکو بە هەر شێوەیەك بێت، هیهەر بابەتێك بێت، هەندێك لەوانە لای ئێمە دەست ناکەوێت."[١٠٥]

کەمو کورتیەکانی دیکە بریتین لە: ١ـ زۆربەی ئەم فەرهەنگانە وشەی کوردی بە زمانێکی دیکە لێك دەدەنەوە، بەڵام فەرهەنگی کوردی بۆ لێکدانەوەی وشە کوردییەکان واتا کوردی ـ کوردی دەگمەنە. ٢ـ وشەی فەرهەنگەکان کەمنو پێویستیی نەتەوایەتی داناپۆشن. ٣ـ فەرهەنگەکان سادەنو تەنیا بریتین لە وشەی زمانی بەرامبەر، ناگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکانو بەکار هێنانیان، ٤ـ بەم هۆیەوە کە ئەم فەرهەنگانە بەرهەمی هەوڵی تاکەکەسین، لاوازنو هەڵەی زۆریان تێدایە. ٥ـ زۆر لە

---

[١٠٥] جەلال مەحموود عەلی، فەرهەنگسازی (تایبەت بە سیمیناری فەرهەنگی کوردی)، نووسەری نوێ، ژمارە ١٩، کانوونی یەکەم، ٢٠٠١، ل٦٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرهەنگەکان تەنیا وشەکانی ئەو دیالێکتە کوردی‌یە دەگرنە خۆ کە دانەرەکە خۆی قسەی پێ دەکات.[١٠٦]

کەمو کورتی‌یەکی دیکە ئەمەیە کە ئێمەی کورد لە بواری جۆراوجۆردا فەرهەنگمان نیە. بەڵام بەخۆشیەوە لەم ساڵانەی دوایی‌دا شانبەشانی برەو پەیدا کردنی هێندێك زانستو پسپۆری‌و، پێویستیی ئەندامانی کۆمەڵ بە فێربوونی چەمكو زاراوەکانی ئەوان‌و بە بەکار هێنانیان، شایەدی پەیدا بوونی ژمارەیەك فەرهەنگ یا قامووسی نوێ بووین. ئەمەش دیاردەیەکی پۆزەتیڤە: خۆ ناکرێ فەرهەنگ هەر یەك بێ‌و بابەتگەلی وەکو حقوق (مافەکان)، پزیشکی، سیاسەت، ئابووری، ڕەوانناسی، تیکنیك، بازرگانی‌و دەیان بابەتی دیکە، فەرهەنگی تایبەتی‌یان هەیە. دیارە ئەگەر کوردیش ڕۆژێك گۆپالێ لە خیز بێتە دەر، وەکو هەموو گەلانی بەختەوەری

---

[١٠٦] د. بەدرخان سندی، فەرهەنگی یەکگرتووی کورد، پیویستیەکی نەتەوایەتی مەزنە (تایبەت بە سیمیناری فەرهەنگی کوردی)،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر زەوی، ئەویش بۆ ئەوانە فەرهەنگی تایبەتی خۆی دەنووسێ."[١٠٧]

رەنگە ئەم پرسیارە بێتە پێش کە لە نێوان قاموس‌و وەرگێڕان دا چ پێوەندی‌یەك هەیەو، ئەم کەمو کورتیانەی قاموسە کوردی‌یەکان هەیانە، چ کاریگەرییەکیان لەسەر کاری وەرگێڕەکانمان هەیە؟ وەك لە فەسڵەکانی پێشوودا گوترا، وەرگێڕ لەگەڵ زمان سەروکاری هەیە، هەم زمانی بنەڕەت، هەم زمانی مەبەست. وەرگێڕ واتاو مەبەستو پەیام لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ڕادەگوێزێ. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە "فەرهەنگو فەرهەنگۆك‌و ئەنسکلوپیدیا وەکو سەفیری زمانێك خۆیان دەنوێنن کە گوزارشت لە گرنگترین فاکتەری هەبوونی نەتەوە دەکات، کە ئەویش زمانە".[١٠٨] زمان، یەکەمین‌و گرنگترین ئامرازی کاری وەرگێڕەو، وەرگێڕ هەموو

---

[١٠٧] شەرەفەدین کوردستانی، "فەرهەنگ نووس، نە کۆنینە ناسە نەمێژوو پشکن"، نووسەری نوێ، ژمارە ١٩، کانوونی یەکەم، ٢٠٠١، ل٦٤

[١٠٨] پ. د. سەعدی بەرزنجی، وتاری سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر سمیناری فەرهەنگی کوردی، نووسەری نوێ، ژمارە ١٩، کانوونی یەکەم، ٢٠٠١، ل٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێداویستییەکانی خۆی لە زمان هەڵدێنجێ. بۆیە هەتا ئەو زمانانەی وەرگێڕ کەڵکیان لێ وەردەگرێ، لەباری قامووسەوە دەوڵەمەندتر بن‌و، قامووسەکانیان گشتگیرترو وەڵامدەرتر بن، وەرگێڕ کەمتر تێ دەمێنێ‌و بۆ دۆزینەوەی هاوتای وشەی زمانی بنەڕەت، ناچار نابێت پەنا بباتە بەر وشە لەدەرەوەی زمانی مەبەست.

لە کوردستان لەمێژە هەست بە کەمو کورتیی‌و ناوڵامدەر بوونی قامووسە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی کراوە. "سمیناری فەرهەنگی زمانی کوردی" کە لە رۆژانی ٢٠٠١/١١/١٠ تا ٢٠٠١/١١/١٢دا، لە ژێر دروشمی "قامووس کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی زمانە، خزمەتکردنی ئەرکێکی نەتەوەییە"[١٠٩] لەشاری هەولێر پێك هات، ئاکامی پەیبردن بەم کەم‌و کورتیانەی قامووسی زمانی کوردی بوو. پوختەی هێندێك لە راسپاردەو پێشنیارەکانی ئەم سمینارە بەمجۆرە بوو کە جێبەجێکردنیان

[١٠٩] سمیناری فەرهەنگی کوردی، نووسەری نوێ، ژمارە ١٩، کانوونی یەکەم، ٢٠٠١، لاپەری٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێتە هۆی پڕ بوونەوەی زۆر لەم کەموکورتیانەی لەباری قامووسەوە هەمانن:

لێژنەیەکی پسپۆڕو زانا لە بواری زمانو فەرهەنگ داناندا پێك بهێنرێ ... بۆ ئەوەی بتوانن فەرهەنگێکی باڵای سەرانسەری بە شێوازێکی زانستیو ئەکادیمی بۆ زمانی کوردی دابنێ، بە مەرجێك هەر پێنج دیالێکتە سەرەکیەکانی زمانەکەمان بگرێتەوە.

- چەندین فەرهەنگی پسپۆری تایبەت لە بوارە جیاجیاکانی وەکوو فەرهەنگی کشتوکاڵی، زانستی، ئیدارەو کارگێڕی، سەربازیو هتد دابنرێ.

- لەکاتی نەبوونی وشە یا زاراوەیەك لە زمانی کوردیدا، پێویستە پەلە نەکرێ لە بەکار هێنانی وشەو زاراوەی بیانی، بەڵکو دەبێ سەرەتا لە دیالێکتە سەرەکیەکانی زمانەکەماندا لێی بگەڕێین، پاشان لە گۆڤەرەکانی، ئینجا ئەگەر وشە نەبوو، لە ڕێگای زانستی "وشە رۆنان" بە وەرگرتنی رەگی کردار یان وشە + پشتگر یان پاشگر ...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- سوود وەرگرتن لە بەرهەمو ئامرازەکانی شۆڕشی زانستی - وەکو ئامرازەکانی کامپیۆتەر، و تۆڕی ئینتێرنێت - لە بواری فەرهەنگو نووسیندا،
- لەکاتی فەرهەنگ نووسیندا پێویستە کێشەی ڕێنووس چارەسەر کرابێت.
- بەکار هێنانی هەر دوو ئەلفوبێی عارەبیو لاتین کە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان سوود بەخش بێ.
- لێژنەیەکی پسپۆڕ لە بواری فەرهەنگنووسین دا دەست بکا بە کۆکردنەوەو گەڕان بەدوای ئەو فەرهەنگە دەستنووسانەی کە تا ئێستا چاپ نەکراون.[١١٠]

## ٢. بێسەرەوبەرەیی و بێبەرنامەیی لە کاری وەرگێڕاندا

لە گەڵ ئەوەی جموجۆڵێکی بەربڵاوی وەرگێڕان لە کوردستان و لە نێو کوردەکانی دەرەوەی کوردستاندا هەیە و،

---

[١١٠] ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی سمیناری قامووسی کوردی، نووسەری نوێ، ژمارە ١٩، کانوونی یەکەم، ٢٠٠١، لاپەڕەکانی ٢٢٣و ٢٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەرچی کۆمەڵێك دەزگای تایبەت بە کاری وەرگێڕان لە کوردستاندا هەن، بەڵام بێسەرەوبەرەیی، بێپلانی و پرۆژەیی لە کاری وەرگێڕاندا، هەر وا بەدی دەکرێ. ئەگەر دەزگایەکیش بۆ کاروباری خۆی لە بواری وەرگێڕاندا، پرۆژەی کورتخایەن و درێژخایەنی هەبێ، لە نێو ئەو دەزگا و ناوەندانەدا کە گرنگی بە کاری وەرگێڕان دەدەن، هاوکاری و پێوەندی‌یەکی رێکوپێك نیە. هیچ ناوەندێك یا دامەزراوێك نیە کە هەموو یا زۆربەی ئەوانەی کاری وەرگێڕان دەکەن لە خۆی کۆ بکاتەوە و بەرنامەی بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون لە نێوان ئەواندا و، بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاریی پێوەندیدار بە کاروباری وەرگێڕان، بۆ پەروەردەکردنی وەرگێڕ، بۆ رەخنە و توێژینەوەی زانستی لە سەر بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان و کاری وەرگێڕان هەبێ. بە کورتی بێسەرەوبەرەیی و بێ بەرنامەیی‌یەکی زۆر لە بزووتنەوەی وەرگێڕاندا بەدی دەکرێ.

"نەبوونی ئەو جێگایانەی کە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان هەڵدەسەنگێنن و رەخنەیان لێدەگرن، ئەزموونی وەرگێڕە بە تواناکانمان دەخەنە بەر سەرنجی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕە تازەکارەکان و هۆگرانی وەرگێڕان، ئەو بوارانە دەستنیشان دەکەن کە دەبێ لێیان وەربگێڕین، ئەو هەوڵە زۆرە، بەڵام بەربڵاوانەی لە بواری وەرگێڕان لە کوردستاندا هەن، بە جۆرێك لە جۆرەکان پێکەوە دەبەستنەوە و وادەکەن لە ئاستی کوردستاندا پلان و پرۆژە بۆ پێگەیاندنی وەرگێڕ، ویراستار و، ئەنجامدانی کاری وەرگێڕان هەبێ" () نیشاندەری ئەم بێبەرنامەیی و بێسەرەوبەرەییەیە. دەکرێ ناتەواوی و کەم و کورتییەکان بەمجۆرە پۆلێن بکەین:

## ئەلف ـ نەبوونی رەخنە و هەڵسەنگاندنی زانستی لە بارەی وەرگێڕانەوە

لە کوردستان، هەڵسەنگاندنی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان و رەخنە لێگرتنیان، تا ئێستاش نەبووە بە کارێکی بەردەوام و جیددی. بە دەگمەن رەخنە و هەڵسەنگاندن لە سەر کاری وەرگێڕەکان و بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان دەبینین. ئەوانەش کە بەرچاو دەکەون، ناکرێ هەموانیان بە رەخنە و هەڵسەنگاندنی زانستی ناوبەرین.

هۆیەکی کەمبوونی ئەم جۆرە رەخنە و هەڵسەنگاندنانە ئەوەیە کە لە راستیدا خودی بزووتنەوەی وەرگێڕان بایەخێکی ئەوتۆی بە وەرگێڕانی دەقی رەخنەیی نەداوە کە دەتوانێ ببێتە دەسمایە و هەوێنی رەخنە و هەڵسەنگان لە بواری جۆراوجۆردا." زۆربەی دەقەکانی وەرگێڕدراوی ئەم چەند ساڵە لەمەر تیۆری و باسەکانی رەخنەییەوە بوون و، زۆر بە دەگمەن دیتوومانە لە سەر دەقی رەخنەیی و نموونە باشەکانی رەخنەی ئەدەبی جیهانی بابەت بکرێتە کوردی. بە وتەیەکیتر لە بزاڤی وەرگێڕانی ئەو ئاسەوارە دا لایەنی تیۆریك(نظری) بە سەر لایەنی پراکتیك(عملی)دا زاڵە و، هەر بۆیە خوێنەری کورد کەمتر شارەزای باس و خواسەکانی رەخنەی پراکتیکییە و زێتر بە شێوەیەکی روون و (ئینتزاعی) لە چەمکەکانی رەخنە دەکات."

### ب ـ نەبوونی کۆمەڵە و تریبوونێکی تایبەت بە وەرگێڕان

لە کوردستانئەو هەموو وەرگێڕە هەیە و چەندین دەزگا و ناوەندیش هەن کە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەتی وەرگێڕدراو، قورسایی کارەکەیان پێك دێنێ، بەڵام نە کۆمەڵەیەکی تایبەت بە وەرگێڕان هەیە ، نە گۆڤارێکی مانگانە یا وەرزانەی تایبەت بە کاری وەرگێڕان کە خۆی بۆ باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە بارەی کاری وەرگێڕان ـ نەك بڵاوکردنەوەی بابەتی وەرگێڕدراو ـ تەرخان کردبێ. ساڵی ١٩٩٢ ، کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ئازاد حەمە شەریف وبە ئەندامەتیی٨٥ وەرگێڕکە لە زمانە جیاجیاکانی جیهان ( ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەلمانی، رووسی، ئیسپانی، ئیتالی، تورکی، فارسی و عەرەبی)تەرجەمەیان دەکرد، پێك هات کە برەودان بە بزاڤی وەرگێڕان و پەروەردە کردنی وەرگێڕە تازەپێگەیشتووەکان و دەرکردنی گۆڤاری پەیامی وەرگێڕ، لە ریزی کارەکانیان دا بوو. بەڵام لەبەر نەبوونی بوودجەیەك بۆ ئەم کۆمەڵەیە و پشتگیری نەکرانی لە لایەن هیچ لایەنێکەوە، نەیتوانی درێژە بە تێکۆشان بدا. هاوینی ساڵی ١٩٩٧یش یەکەم ژمارەی گۆڤاری "وەرگێڕان" کە تایبەت بە تەرجەمەی کەلتووری گەلان بوو، لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و بە سەرنووسەریی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د. فەرهاد پیربال بڵاو کرایەوە. هەرچەند ئەم گۆڤارەش کەمتر بۆ باس لە هونەر و زانستی وەرگێڕان تەرخان کرابوو و، زۆرتر بابەتی وەرگێڕدراوی بڵاو دەکردەوە، بەلام ٢ ژمارە زیاتری لێ بڵاو نەبۆوە.

ئێستا پێویستیی بوونی کۆمەڵەیەکی تایبەت بە وەرگێڕەکان و گۆڤارێکی تایبەت بە کاری وەرگێڕان لە جارانیش زیاتر هەست پێدەکرێ. کۆمەڵەیەکی ئەوتۆ دەتوانێ پردی نێوان وەرگێڕەکان لە گەڵ یەکتر لە لایەك و، لە نێوان ئەوان و دەزگا و ناوەندە پێوەندیدارەکان لە لایەکی دیکەوە دەبێ، داکۆکی لە مافی وەرگێڕەکان بکا و پێشنیار و راسپاردەی بە کەڵك بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی وەرگێڕان و دڵگەرمتر بوونی وەرگێڕان بە کاری خۆیان بێنێتە گۆڕێ. دەتوانێ تریبوونی هاوبەشی هەموو ئەو کەسانە بێ کە کاری وەرگێڕان دەکەن، زانیاری لە باری نوێترین وەرگێڕدراوەکان بڵاوبکاتەوە. وەرگێڕە سەرکەوتووەکان بناسێنێ و بایەخ بە رەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان بدا وهتد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پ ـ نادیاریی ئەولەوییەتەکان، ناڕوونیی ڕێوشوێنەکان**

لە حاڵی ئێستێدا، ئەوەی بڕیار دەدا چ شتێك دەبێ وەربگێڕدرێ، نەك دامەزراو یا ناوەندێکی خاوەن سەلاحییەت، بەڵکوو کڕیاری کتێبە. نرخی کتێب و هەقدەستی وەرگێڕانیش بەستراوەتەوە بە ویست و ئارەزووی ئەو شوێنەی وەرگێڕانەکە چاپ دەکا. دیارە دەزگایەك کە کاری چاپی کتێب دەکا، گرینگترین شت بە لایەوە، نەك نێوەرۆکی وەرگێڕدراوەکە و جۆری وەرگێڕانەکەی، بەڵکوو پێشوازیی کڕیار و، فرۆشرانی هەرچی باشتری کتێبەکە لە بازار دایە. هەر ئەمەش وای کردوە هێندێك بوار و لایەن، چونکە زۆرینەی کڕیاری کتێب ئۆگریانن، پتر ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. هەڵبەت ئەم دەزگا و دامەزراوانەی لە لایەن حیزب یا حکوومەتەوە لە باری ماڵییەوە هاوکاری دەکرێن، هەم پتر لە دەزگا ئەهلییەکان بایەخ بە بوارە فیکرە و توێژینەوەیی و زانستییەکان دەدەن، هەم هەقدەستێکی زیاتر دەدەنە وەرگێڕ ، هەم نرخی کتێبەکەکانیان نزمترن.

ئەم وەزعە لە دوو بارەوە شیاوی لێوردبوونەوەیە:

یەکەم، ئەولەوییەتەکانی وەرگێڕان (چ وەرگێڕان لە زمانی

بێگانەوە بۆ کوردی و چ لە کوردی‌یەوە بۆ زمانی بێگانە) دەبێ بە گوێرەی پێوەری دیکە نەك ویستی کڕیار و، بە سەرنجدان بە بەرژەوەندە نەتەوەیی‌یە درێژخایەنەکانمان بکرێن. ئەگەر زانستێك، بوارێك یا دیاردەیەك گرنگیی ئەوەی هەیە لە بارەیانەوە وەربگێڕین و خەڵکیان لێ شارەزا بکەین، نابێ وەرگێڕان لە بارەی ئەوانە ببەستینەوە بە شانس و رادەی فرۆشیان لە بازاڕدا. تەنانەت پێویست دەکا بە ئەنقەست نرخی کتێبی وەرگێڕدراو لەم جۆرە بوارانەدا بێنینە خوار بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە. دیارە هەم دەستنیشانکردنی ئەو بوار و زانست و دیاردە و ....... دەبێ لە بارەیانەوە وەربگێڕین، بە رێگای زانستی‌دا بکرێ. هەم مشوور خواردن لەم جۆرە کارانە، لە ئەستۆی حکوومەت و دام و دەزگای دەوڵەتی‌یە تا ئەهلی.

دووهەم ـ هەر دەزگا و دامەزراوێك کە کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی وەرگێڕدراو دەکا، خۆ نابێ هەر بە ڕبەی خۆی بپێوێ و، لە دیاریکردنی هەقدەستی وەرگێڕ، لە دیاریکردنی نرخی‌کتێب، لەهەڵسەنگاندنی‌وەرگێڕانەکەدا و هتد، بۆ خۆی و بە پێی مەرج و پێوانەکانی خۆی بڕیاربدا. بۆ ئەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

:١– وەرگێڕان لە زمانی ئەسڵییەوە برەوی پێبدرێ،٢– وەرگێڕانی لاواز و سەقەت بە هاسانی چاپ و بڵاو نەبێتەوە،٣– کەسانی لێوەشاوە و خاوەن سەلاحییەت بە بەرهەمەکاندا بچنەوە و هەڵیان سەنگێنن،٤– بێسەرەوبەرەیی و کەس بە کەسی بەسەرکاری وەرگێڕان و بازاڕی وەرگێڕاندا زاڵ نەبێ‌وهتد، دەبێ پێوانە و ڕێوشوێنی دیاریکراو و وەکیەك هەبێ کە لە دام و دەزگا و ناوەندێکی بڵاوکردنەوە رەچاو بکرێ.

## پێویستیی هەبوونی ناوەندێکی سەرانسەری بۆ ڕێنوێنی و بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی وەرگێڕان

بێجگە لە کەم و کورتی و گرفتانەی تا ئێرە ئاماژەیان پێکرا، زۆر ئاستەنگ و ناتەواویی دیکە هەن. بۆ وێنە:

نەبوونی پێوەندی لە نێوان وەرگێڕانی کوردستان و فیدراسیۆنی جیهانی وەرگێڕان (FIT) ، نەناسرانی رۆژی جیهانی وەرگێڕان (٣٠ی سێپتامبر) لە نێو وەرگێڕانی کوردستاندا و، بەشدار نەبوونی وەرگێڕانی کوردستان لە

کۆبوونەوە و سیمینار و چالاکی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی تایبەت بە وەرگێڕان.

نەبوونی شوێنێك بۆ تۆمارکردنی هەر بەرهەمێك کە لە زمانێکی بێگانەوە وەردەگێڕدرێتەوە سەر زمانی کوردی، یا ناساندنی ئەو بەرهەم و بابەتانەی بە زمانەکانی بێگانە بە تازەیی بڵاوبوونەتەوە و، پێویستە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی.

نەبوونی پێشبرکێی تایبەت بە کتێبی وەرگێڕدراو و، نەبوونی خەڵات بۆ وەرگێڕدراو و وەرگێڕی سەرکەوتوو.

نەبوونی مەرجەعێك کە هاوهەنگاوی لە نێوان پرۆگرامی کۆلێژەکانی تایبەت بە وەرگێڕان و پێویستی‌یەکانی بزووتنەوەی وەرگێڕان پێك بێنێ. یەکێك لەم پێویستییانە، پەروەردەکردنی کەسانی لێهاتووە بۆ کاری وەرگێڕان لە زمانی کوردی‌یەوە بۆ سەر زمانی بێگانە و بە پێچەوانە، لە ناوەندە سیاسی ، کەلتووری و ئابووری‌یە ناوچەیی و جیهانی‌یەکاندا، پێ بە پێی بەرەو ژوور چوونی رۆڵی کورد لە رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەم و کورتی و ناتەواوییانە و سەرجەم گرفت و ئاستەنگێکی دیکەی پێوەندیدار بە کاروباری وەرگێڕان لە کوردستاندا، پێویستە ناوەند یا دەزگایەکی سەرانسەری لەهەرێمی کوردستان هەبێ کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە ڕێنوێنی کردن و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی وەرگێڕاندا هەبێ، دەزگا یا ناوەندێك کە بە دوای بیرورِا گۆڕینەوە لە گەڵ وەرگێڕان و لایەنە پێوەندیدارەکان پێك بێ و هەم پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە پشت بێ و هەم پشتگیریی تێکۆشەرانی نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی وەرگێڕان. ناوەندێکی ئەوتۆ دەتوانێ بۆ وێنە:

- دام و دەزگا پێوەندیدارەکان ڕێنوێنی بکا کە گرنگی بە کام لە زانست و بوارەکان بدەن.
- لێژنەی جۆراوجۆر و پسپۆر بۆ توێژینەوە و هەڵسەنگاندن، بۆ قاموس دانان، بۆ زاراوە سازی و هتد هەڵببژێرێ و بیان ناسێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئامانج و بەرنامەی یەکساڵە، ٥ ساڵە و ١٠ ساڵە لە بواری وەرگێڕاندا بە حکوومەت و دەزگا پێوەندیدارەکان پێشنیار بکا.
- جموجۆڵ و چالاکی‌یەکان بە ئاقاری گەیشتن بە زمانێکی‌ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی رێنوێنی بکا.
- بانکی زانیاری لە تۆڕی ئینتێرنێتدا بۆ کاری وەرگێڕان بە تایبەتی بە مەبەستی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی وشە و زاراوەی نوێ و دۆزینەوەی هاوتای کوردیی وشە و زاراوەی بێگانە پێك بێنێ.
- پشتگیریی ماڵی و کارهاسانی بۆ چاپی بەرهەمی وەرگێڕدراو دابین بکا
- پشتیوانی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و، لە نێو کوردەکانی دەرەوەی کوردستاندابێ.

## ئه نجام:

١- وەرگێڕان یەکێك لە کۆنترین فۆرمەکانی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانە کە لە خزمەت لێك تێگەیشتنی ئەوان دایە. یەکەمین بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان کە شوێنەوارو پاشماوەیان دۆزراوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠ ساڵ پێش زایین. وەرگێڕانی زارەکی مێژوویەکی کۆنتر لە وەرگێڕانی نووسراوەی هەیە، چونکە نووسین هەزاران ساڵ دوای قسە کردن داهاتوە.

٢- وەرگێڕان رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە گوێزرانەوەی زانستو شارستانەتی لە نێوان نەتەوەکانی جیهان دا. ئورووپاو ئیسلام بە هۆی تەرجەمەوە سوودی زۆریان لە فەرهەنگو شارستانەتیی یەکتر وەرگرتوەو، هزری یونانیو ئیسلامی بە هۆی وەرگێڕانەوە تێکەڵی یەکتر بوونو بزووتنەوەی راستەقینەی وەرگێڕان لە نیوەی دووهەمی سەدەی یەکەمی کۆچیدا لە جیهانی ئیسلامدا سەری هەڵدا.

وەرگێڕان لە نێو ئێرانییەکانیشدا هەر لە یەکەم سەدەکانی کۆچییەوە بە تەرجەمەی بەرهەمە زانستیو فەلسەفەییکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یونان دەستی پێکرد. بەڵام وەرگێڕان لە زمانە ئورووپایییەکانەوە بۆ سەر زمانی فارسی بۆ سەدەونیوێك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە دەسپێکەکەی، وەرگێڕانی کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانەی "دارالفنون" بوو.

٣ـ لە نێو کورد دا، بە پێچەوانەی گەلانی دیکەی وەك عەرەب، تورك، ئەرمەنو فارس، کە هەر لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە وەرگێڕان لە نێویاندا سەری هەڵداوە، وەرگێڕان بە درەنگەوەو لە راستیدا لە سەدەی نۆزدەیەمی زایینییەوە دەستی پێکردوە. ئەمەش بە هۆی ئەو هەلەمەرجە نالەبارەوە بووە کە کورد تێیدا ژیاوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا جموجۆڵی وەرگێڕان بە هۆی جۆراوجۆر بەرەوپێش چوو. یەکەمین وەرگێڕدراوەکان لە زمانی بێگانەوە لەو سەردەمەدا لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوبوونەوە. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیو دامەزرانی دەوڵەت نەتەوەکان کە کوردستان بوو بە چوار پارچە، لە ئێرانو تورکیە زمانی کوردی قەدەغە کرا، بەڵام لە عێراقو کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ەوە نووسەرانی کورد توانیان درێژە بە نووسینو وەرگێڕانو کاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆشنبیری بە زمانی کوردی بدەن. لە ڕاستیدا ناوەندو چەقی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا ئێستا، کوردستانی عێراقە.

٤- ئەگەرچی دەتوانین تێگەیشتنی گشتی لە بارەی وەرگێڕان لەوەدا کورد بکەینەوە کە بریتییە لە ڕاگوێزتنی بابەت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، بەڵام پێناسەی وەرگێڕان، بەگوێرەی سەردەمو جۆری تێگەیشتنی مرۆڤەکان لەم ئامرازەی پێوەندیی نێوان خۆیان جیاوازە. دیارە کەس نکۆڵی لەوە نیە کە وەرگێڕان کارێکە لە بەستێنی زمان دا، هەر بۆیە شارەزایی ئەوانەی کاری وەرگێڕان دەکەن لە زانستی زمانناسی، یارمەتییەکی زۆر بە سەرکەوتنی کاری وەرگێڕان دەکا. وەرگێڕ، ئەگەر لە زانستی زمانناسییش شارەزا نەبێ، دەبێ هەر دوو زمان ( زمانی بنەڕەتو زمانی مەبەست)، بە چاکی بزانێ.

٥- وەرگێڕان هەم زانستە، هەم هونەر. بۆ ئەم کارە هەم زەوقو مایە پێویستە، هەم فێربوونی بنەماو بنچینەکانی وەرگێڕان. وانیە کە هەر کەس دوو زمان بزانێ، بشتوانێ کاری وەرگێڕان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکا. کاری وەرگێڕان پێویستی بە رەچاوکردنی کۆمەڵێك بنەماو مەرجی گرنگ هەیە. ئەم مەرجو بنەمایانە هەر لەکۆنەوە، لە نێو شارەزایانو خاوەنڕایاندا جێگای باسو لێدوان بوون. هەر لەم پێوەندی‌یەدا تیۆریی جۆراوجۆر هاتوونە گۆڕێ.

٦- وەرگێڕان جۆرو شێوەی جیاوازی هەنو دەکرێ بە چەندین جۆر، وەرگێڕان پۆلین بکەین: وەرگێڕانی زارەکیو بە نووسین، وەرگێڕان شیعرو پەخشان، وەرگێڕان بە گوێرەی جۆری راگوێزتنی واتاو مەبەست. هەر یەك لەم جۆرە وەرگێڕانانەش بۆخۆیان لکی دیکەیان لـێدەبێتەوە. جۆری دەقیش هەم لەباری روخسارەوە هەم لە باری نێوەرۆکەوە کاریگەریی لەسەر وەرگێڕان هەیە، بۆیە هەر جۆرە دەقێك، جۆرێك تواناو شارەزایی لە وەرگێڕ دەخوازێ. لە نێو جۆرەکانی وەرگێڕاندا، وەرگێڕانی زارەکی ( کەلك لێوەرگرتن لە بواری سیاسی، دیپلوماسیو پێوەندیی نێودەوڵەتی‌داو، وەرگێڕانی ماشێنی (وەرگێڕان بە هۆی کۆمپیوتێرەوە) لە نێو کوردان دا، تازەنو بە کەمی کەلکیان لـێوەرگیراوە. بەڵام هەر دوویان پێویستە بایەخی تایبەتیان پـێبدرێ، چونکە لە داهاتوودا پێویستیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرمان پێیان دەبێو، رۆڵی زۆر لە ژیانی رۆژانەمان دا دەبینین.

٧ـ لە کوردستان بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی وەرگێڕان هەیە. ناوەند یا چەقی ئەم بزووتنەوەیە کوردستانی عێراقە. بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە تایبەتی لە کوردستانی ئێرانو لە نێو کوردانی دەرەوەی کوردستاندا، جموجۆڵی وەرگێڕان هەیە، بزووتنەوەی وەرگێڕان لە نێو کوردا، ئەگەرچی لە بواری ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە زانستو فەلسەفەو ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا خزمەتی زۆری کردوە، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێك کەمو کورتیو ئاستەنگو ناتەواوی بەرەوروویە.

٨ـ لاوازیو کەمو کورتییەکانی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستانو لەنێو کورداندا بە شێوەیەکی گشتی دوو بەشن ١ـ ئەوانەی لایەنی زمانەوانییان هەن کە بریتین لە: نووسینو وەرگێڕان بە چەند دیالێکتو چەند ئەلفوبێ، زاراوە سازیی نەشیاوو، ناتەواویمان لە بارەی قامووسەوە. ٢ـ بێسەرەوبەرەییو بێ بەرنامەیی لە کاری وەرگێڕاندا کە لە نەبوونی رەخنەو هەڵسەنگاندنی زانستی لە بارەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرگێڕانەوە، نەبوونی کۆمەڵەو تریبوونی تایبەت بە وەرگێڕان، نادیاریی ئەولەویەتەکانو ناڕوونی ڕێوشوێنەکانو، کۆمەڵێك نەبوونیی دیکەدا، خۆدەنوێنێ.

٩- بوونی ناوەندێکی سەرانسەری بۆ ڕێنوێنی کردنو بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستانو لە نێو کورداندا، پێویستە. ناوەندێك کە هەم لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتی بگیرێ، هەم نوێنەری تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەی وەرگێڕان بێو، هاندەرو یارمەتیدەری بزووتنەوەی وەرگێڕان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو لە نێو کوردانی دەرەوەی کوردستانیشدا بێ.

١٠- ناوەندێکی سەرانسەری بۆ بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستان، دەبێ جموجۆڵو چالاکییەکان بەرەو گەیشتن بە زمانێکی یەکگرتووی کوردی ڕێنوێنی بکا، ئامانجو بەرنامەی یەکساڵە، ٥ ساڵەو ١٠ ساڵە گەڵاڵەو پێشنیار بکا، بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستان بە بزووتنەوەی جیهانیی وەرگێڕان ببەستێتەوە، هەوڵ بدا، نەتەوەی کورد لە بواری وەرگێڕاندا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر وەرگر نەبێو بە هۆی وەرگێڕەرانی مێژووو ئەدەبەکەیەوە بۆ سەر زمانی بێگانە خۆی پتر بە جیهان بناسێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرچاوەکان:

## سەرچاوەی کوردی

### کتێب:


١- ئازاد عەبدولواحید، دیالۆگ (دیمانەو چاوپێکەوتنەکانی سالّی سێیەمی گۆڤاری "رامان" لەگەڵ چەند نووسەرو هونەرمەندێك)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)

٣- بابەك ئەحمەدی، پێکهاتەو راڤەی دەق، سەنتەری نما، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠٠٤

٤- تاهیر سەففاررزادە، بنچینەکانی وەرگێڕان (کتێبی گیرفان) و: قادر وریا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥- ڕەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان‌و ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١
٦- شوکریە ڕەسووڵ، زمان‌و ئەدەبی کوردی (پەخشان)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین
٧- عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٧
٨- عیرفان قانعی‌فەرد، محەممەدی قازی‌و پەیامی وەرگێڕ، و: سمایل زارعی، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٥
٩- عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بۆ زمان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥
١٠- عەلی سوڵحجوو، گوتارو وەرگێڕان، و: کۆسار فەتاحی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٥
١١- فەرهاد پیربال، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، سپیرێز، دهۆك،٢٠٠٢
١٢- فەرهاد پیربال، مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا (لە کۆنەوە تا ١٩٣٢)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٣- کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، و: رەفعەت مورادی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٥
١٤- نەبی قادری، چوارینەکانی خەییام بە کوردی، کومیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتیی شۆرشگێڕ، بەفرانباری ١٣٧١
١٥- هیمداد حوسێن، رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان (١٩٤٢ - ١٩٤٧)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢

**گۆڤار:**

١- ئایندە، ژمارە ٦١، سلێمانی، تەمووزی ٢٠٠٥
٢- ئاوێنە، ژمارە ٢٧و ٢٦، ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦) □ ژمارە ٢٨و ٢٩، ساڵی ١٣٧٥
٣- پەیڤین، ژمارە ١٥، مارسی ٢٠٠٤
٤- رامان، ژمارە ٣٧، هەولێر، ٥ی تەمووزی ١٩٩٩ □ ژمارە ٥١، ٥ی ئەیلوولی ٢٠٠٠ □ ژمارە ١٠٢□ خولی سێیەم، ساڵی دەیەم، تەشرینی دووهەمی ٢٠٠٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥- "رۆشنبیری نوێ"، ژمارە ١٣٠، ساڵی ١٩٩٣
٦- سروە، ژمارە ١٥٥، ساڵی پازدەهەم، جۆزەردانی ١٣٧٨
٧- شین، ژمارە ١٠، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ئاداری 2005
٨- گزنگ، ژمارە ٦، چاپی سوئێد، زستانی ١٣٧٣ (١٩٩٥)
٩- گەلاوێژینوێ، تەشرینی دووەمی ٢٠٠٠
١٠- نووسەری نوێ (گۆڤاری ئەدەبیی مانگانەی یەکیەتیی نووسەرانی کورد، لقی هەولێر)، ژمارە ١٩، کانوونی یەکەمی ٢٠٠١
١١- وەرگێڕان، ژمارە ١، هەولێر، هاوینی ١٩٩٧ □ ژمارە ٢، دیسامبری ١٩٩٧
١٢- ویرا، ژمارە ١و٢، ساڵی یەکەم، ١٣٨١
١٣- هێما (گۆڤاری ناوخۆیی کۆڕی ئەدەبیی ئاسۆ)، ژمارەی دووەم، بەهاری١٣٨٠

**ڕۆژنامە:**

١- چاوەدێر(پاشکۆی ڕەخنە) ژمارە ١٠، ٢٠٠٦/٢/٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢- ڕێبازی ئازادی، ژمارە ٤١٨، سێشەمە ٢٠٠٦/٤/١١
٣- کوردستان (پاشکۆی ئەدەبو هونەر)، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٥١، خەزەڵوەری ١٣٧٦ (نوامبری ١٩٩٧)
٤- کوردستانی نوێ (پاشکۆی ئەدەبو هونەر)، ژمارە ٣٩٤٩، پینج شەمە، ٢٠٠٦/٤/٢٠

**سەرچاوەی فارسی:**

**کتێب:**

١- حسن احمدی گیوی، از فن نگارش تا هنر نویسندگی، سخن، چاپ سوم، تهران، ١٣٨١
٢- حسن عمید، فرهنگ فارسی عمید، جلد اول (آ .د)، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ ششم تهران، ١٣٦٤
٣- عرفان قانعی فرد، محمد قاضی و رسالت مترجم، انتشارات نقش و نگار، چاپ اول، تهران، ١٣٧٩
٤- فرزانه فرخزاد، نخستین درسهای ترجمه، مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٦٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥- د. مهرى باقرى، مقدمات زبانشناسى، نشر قطرة، چاپ هفتم، تهران، ١٣٨٣

**گۆڤار:**

١- خبرنامه فرهنگستان زبان و ادب فارسى، سال هفتم، شماره ٧٢، آذر١٣٨٠
٢- فصلنامه "فصل كتاب" (ويژه نقدو بررسى كتاب)، سال اول، شماره اول، بهار ١٣٦٧
٣- فصلنامه "مترجم"، شماره ٣٢، سال نهم، بهارو تابستان ١٣٧٩
٤- ماهنامه "ادبستان"، شماره ١٠، مهر ١٩٦٩ □ شماره ٨، مرداد ١٣٦٩

**ڕۆژنامە:**

١- امروز، شنبه، ٣ ارديبهشت ١٣٧٩ (٢٢ آوريل ٢٠٠٠).
٢- خرداد، سەشنبە، ١٦ مارس ١٩٩٩، ٢٥ اسفند ١٣٣٧
٣- قدس، سال دهم، شماره ٢٨١٦، مهر ١٣٧٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤- همشهری، سال هفتم، شماره ٢١٠٤، شنبه ١٠ اردیبهشت ١٣٧٩ ( آوریل ٢٠٠٠)

**ئینتێرنێت:**

www.webrah.com/machin translation

www.EContentMag.com

**وتووێژ:**

١- وتووێژێکی بڵاونەکراوەی کەماڵ مەریوانی لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەنزادە، ساڵی ٢٠٠٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org